# روانـــــین

## بابەتگەلێك سەبارەت بە بیر و بانگەواز

فاتیح سەنگاوی

# روانـــــين

## بـابەتگەلێك سەبـارەت بە بیر و بـانگەواز

فاتیح سەنگاوی

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: روانین.. بابەتگەلێك سەبارەت بە بیر و بانگەواز

نووسەر: فاتح سەنگاوی

چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ:٢٠١٣

ژمارەی سپاردن: (   )

لە بڵاوکراوەکانی بەشی پەروەردەی لقی چەمچەماڵی

ریکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان

# بەناوی خوای خاوەن سۆزو بەزەیی

دەربڕینی بیرو بۆچونەکان و باری سەرنج و تێبینیـەکان بەشـێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن، لەهەمان کاتدا مەرج نیە هەموو کـات نوسـینەکان بۆ ئەوەی بەهێزو پێـزبن پێویسـت بێـت مـۆرکێکی ئـەکادیمی و تایبەتمەنـدی توێژینەوەی زانستی هەبێت، زۆرجار خستنە ڕووی سەرنجیٚ، نوسینیٚ وتاریٚ، تێبینی رەخنـەگریٚ، بابـەتی رۆژنامەنوسـیٚ دەبێتـە هـەوێنی توێژینەوەیـەکی ئەکادیمی و بناغەیەك بۆ کارێکی مەعریفی گرنگ.

زۆر بیردۆزەو تێڕوانینی گرنگ و قوتابخانەی ئـەدەبی و زمانـەوانی و سیاسی و کۆمەلآیەتی سـەرەتادا بـەوتاری رۆژنامـە یـا گۆڤارێـك دەسـتی پـیٚ کردوە و دواتر دەوڵەمەند کراوە، یاخود هەر ئەو بابەت وتارانە خۆی بناغـەی بیرۆکەکە و خاڵە سەرەکیەکانی دەبیٚ، هەر بۆیە ناکریٚ بەبایەخەوە نەڕوانینە ئەو وتار و سەرنج و تێبینیانەی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دەخرێنە ڕوو.

لەلایەکی ترەوە وەکـو نـەریتێکی بـاو بەشـێك لـە نوسـەران بابەتـە جیاوازە بلآوکراوەکانی خۆیان بەپێی ناوەرۆکەکانیان لە کتـێبی تایبەتـدا کـۆ دەکەنەوە و بەچاپی دەگەیەنن، لەم رووەشەوە بـۆ سـاڵی ٢٠١٣هەسـتاوم بـە ئامادەکردنی دوو کتێب و بە دووپۆلێنی جیاواز، یەکـەمیان کۆمەڵـە بابەتێکـە سـەبارەت بـە جینۆسـایدی بـەناو ئـەنفال و ئـەم کتێبـەش کـە خسـتنە رووی هەندیٚ سەنرج و تێبینیە لە بواری فیکر و بانگەوازدا، لە کۆتاییشدا بابـەتێکی وەرگێــڕراوم ســەبارەت بــە بــیر و بیرمەنــد بــۆ زیــاد کــردوە جگــە لــە چـاوپێکەوتنێکی عـەرەبی سـەبارەت بـە ئیسـلامیەکان و دەسـەلآت لـە دوای

بەهاری عەرەبی، بۆ رۆژنامەیەکی تونسی، کۆمەڵێ چاوپێکەوتن و بابەتی تریش هەبوو لەم دەرفەتەدا بڵاوم نەکردوەتەوە، زۆربەی بابەتەکانیش هی نیوەی دوەمی ٢٠١٢ و چارەکی یەکەمی ٢٠١٣ و لە بڵاوکراوە جیاوازەکانی وەکو گۆڤاری بەختەوەری و ژیر و هزر و رۆژنامەی بەیان و نەوەی نوێ و هتدا بڵاوکراونەتەوە...

بابەتەکان هیچ دەسکارییەکی تێدا نەکراوە، بۆ ئەوەی دەربڕی ساتە وەختی خۆی و ئاوێنەی بیروبۆچونی چرکەساتی نوسینی بێت، ئەگینا هەندێکیان پێویستی بە داڕشتنەوە و زیادکردن هەبوو.

هیوادارم ئەو چەند بابەت و سەرنجەی لەم کتێبەدا خراونەتە روو جێی سود و بایەخی خوێنەرانی بێ و زیادکردنێکی بەکەڵك بێ لەو بوارەی بۆی نوسراوە.

فاتیح سەنگاوی

سلێمانی ٢٠١٣/٣/١٠

# ئیسلامیەکانی کوردستان و کەلێنێکی دیار

لەگـەڵ ئـەوەی ئیسـلامیەخوێندەوارەکانی کوردسـتان لـە رووی هۆشـیاری و رۆشـنبیری گشـتی و پابەنـدێتی ئـەخلاقی و هەنـدێ بنـەمای فیکـری و بیروبـاوەڕەوە لـە ئاسـتێکی تاڕادەیـەکی بـاش دان ، لـە ئاسـتی سیاسی و خوێندنەوەی واقعیشدا زۆر دوانەکەوتوون لە واقعی دەورو بـەریان، هەر چەندە لە رووی تاکتیك و بڕیاردان و هەڵبژاردنی کات و هەڵوێست گرتنـدا لاوازییان پێوە دیارە...

بـەڵام بـە بۆچـونی مـن خـاڵێکی لاواز بـەدی دەکـرێ لای نوسـەر و رۆشنبیرە ئیسلامیەکان و ئـەو کەسـانەی لـە رابـردوودا خـەمخۆر و چـاودێری کـاری ئیسـلامی و بزاڤـی فیکـری ئـەم رەوتـە بـوون، کـە کـەمتر ئـاوڕی لـێ دراوەتـەوە و خـەمی جیـدی بـۆ خـوراوە، ئـەویش بریتیـە لـە قوڵبونـەوە و پسپۆڕی تەواو لە بابەتە فیکـری و عەقیدییـە جـۆراو جۆرەکانـدا، نـاڵێم نییـە بەڵام کەم و دەگمەنەو لە ئاستی پێویستدا نییە...

فـرەن ئـەو کەسـانەی لـە زۆر بابـەتی جۆراوجـۆردا قسـە دەکـەن و سەرکێڵانە کار دەکەن و رۆشنبیرییەکی گشتییان هەیە، زۆرجار دەبینین تاکە کەسێك لە بابەتە سیاسی و رۆشنبیری و دەعەوی و هەنـدێ بابـەتی فیکـریش دا قسە دەکات یان دەنوسێت یـاخود بەشـداری چـاوپێکەوتنی تەلـەفزیۆنی و وتوێژی ئێزگەیی دەبێت، بەڵام ئەگەر وردی کەیتەوە لە هیچیاندا قـوڵ نییـە، شیرزی کەیت دەستەوسان دەبێ و دەکەوێتـە عمومیاتـەوە... زۆرن ئەوانـەی حەز دەکەن لـە زۆر بـواردا بنوسـن و دەشنوسـن، هەنـدێ جـار بـێ کەسـیش ناچار بەو خۆهەڵقورتاندنەی کـردوون، بـەڵام گـەر وردی کەیتـەوە سـادەیی و ئینشائیی بونی زۆر بەڕونی پێوە دیارە، ئەمەش کاتێك زیاتر بەدەر دەکـەوێ کە رووبەڕوی کەسانی پسپۆڕ و قوڵ دەبنەوە یاخود گومانی گـەورە و جیـدی

له بەرامبەریاندا دەوروژێنرێت، هەر ئەمەشە هەندێ جار شپرزەیی دروست دەکات لە ئاقار وروژاندنی هەندێ بابەتی فیکری و گومانی جۆراوجۆردا...

راستە بەشێوەیەکی گشتی ئیسلامیەکانی کوردستان هەڵگری پرۆژەیەکی مەزهەبی و بیروباوەڕێکی تایبەت بەخۆیان نین و نەیان ویستوە ئیبداع و ئیجتیهاد لەو بوارانەدا بکەن و زیاتر لەو چوارچێوەیەدان خۆیان دەبیننەوە کە بە ئەهلی سوننە و جەماعە دەناسرێت،چڕی کارەکانیان لە بواری تردا بوە، بەڵام وەها دەبینم زۆر پێویستە بۆ گفتوگۆ و ململانێ فیکرییەکانی هاوچەرخ و هەندێ بیروباوەڕی مێژویی کاریگەر لەسەر هەنوکە کاری جیدی بکەن و ناکرێت بەو شێوە ترسناکە ئەم لایەنە پشتگوێ بخەن، ئێستا زۆر بیروباوەڕی کۆن لەبەرگی نوێدا دەخرێنەوە روو، هۆکارەکانی راگەیاندن و گەیاندن فیکر و بیروباوەڕی وەهایان کردوەتە واقع و خەڵکێك بونەتە هەڵگری کەم جار بەبیردا هاتووە شتی وەها بێتە ئاراوە و خەڵکێك ببنە هەڵگری...

ئەمڕۆ زۆرینەی فیکرو بیروباوەڕەکان رەهەندێکی جیهانیان هەیە، ئەگەر لەو ئاستەدا مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێ لاواز و بێ بڕشت دەر دەکەون، ئیسلامیەکانیش بەو پێیەی رەهەندێکی گرنگی کاریان لە چوارچێوەی ململانێی شارستانێتیدایە، لێرەوە ئەرکی ئامادەسازی ئەو گفتوگۆ و ململانێیانە کارێکی گرنگی ئەوانە و پێویستە لە ئاستی نوخبەدا کاری دیار و بەپێزی بۆ بکەن، زۆر جاریش ئەو ئامادەسازییە ناوخۆییە و لە چوارچێوە ئیسلامییەکەدایە و ئەوەش گرنگی خۆی هەیە لە رووی دەوڵەمەند کردن و وەڵامی جیدی بۆ پرس و بۆچونەکانی ئەوی دی بایەخی تایبەتی هەیە...

# سەرکردە ئایینی و نەتەوەییەکان
# لە نێوان ڕێزگرتن و پیرۆزکردندا

زۆرن ئـەو سـەرکردانەی لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا ڕۆڵـی کاریگـەریان هەبووە، توانیویانە سەرمەشقی ئەوانی تـر بـن و لـە چـەندین ڕووی جیـاوازی ژیـان و ژیـار و مـادی و مەعنەوییـەوە سـودیان پـێ بگەیـەنن ... هـەر ئـەو مێژووەش پێمان دەڵێ: زۆرجار شوێنکەوتووانیان لە بـری گرتنـە بـەری ڕێ و شـوێنە دروسـتەکانی سـەرکردەکانیان و ڕێزگـرتن و گرتنـە بـەری ڕێنمـایی و بۆچـونە ڕاسـتەکانیان، هـاتوون پیرۆزیـان کـردوون و سروشـتی مـرۆڤ بـونی ئەوانیان تێ پەڕاندووە ...

ئیسلام زۆر ڕێوشـوێنی گرتووەتـە بـەر تـاکو پیرۆزیـی نەبەخشـرێتە مـرۆڤ و لـە سـەرووی مرۆڤبوونـەوە بـۆی نـەڕوانرێت، بـەڵکو ڕێـزی پەیامـە جوانەکانی بگیرێت و ئەو کەسانەش بکرێنە سەرمەشقی ژیان نەك بپەرسـترێن و زیادەڕەویی بکـرێ لـە کەسـێتییاندا، هـەر بۆیـە دەبینـین پێغەمبـەری خـوا نەهی دەکرد چنگ لەسەر پێ ڕاوەستی بۆ کەسانێك کە دانیشتوون، کاری لەو شـێوەی بەڕێوشـوێن و ڕەفتـاری فـارس و ڕۆمـەکانی دادەنـا، بـەر هەڵسـتی ئەوەی دەکـرد زیـادڕەوی بکرێـت لـە سـتایش و پیاهەڵدانـدا، بـەو شـێوەیەی خـەڵکی لەگـەڵ پادشـا و سـەرۆکەکاندا ئـەنجامی دەدەن... تەنانـەت پێـی نـاخۆش بـووە هـاوەڵانی لەبـەری هەڵسـن، یـان کەسـێك لەبـەر گـەورەیی، جێگەکەی خۆی بۆ کەسێکی تر چۆڵ بکات... بەردەوام حەزی بە خاکی بون کردوە و بـە دانیشـتنەوە نـانی دەخـوارد و دەیفـەرموو وەکـو کۆیلـەکان نـان دەخۆم و خوای گەورە منی کردووەتە بەندەیەکی کەریم، نەك زۆردار و کەللـە

ڕەق، کاتێك کە دەڕۆیشت، دوو کەس بەدوایدا نەدەڕۆیشت و ڕازی نەدەبوو کەس بە دوایەوە بێت، بەو شێوەیەی لای پادشاکان باو بوو.

پێغەمبەر د.خ سیفەتی مەلیکی نەدەبەخشیە خۆی، کاتێکیش پیاوێك بە شپرزەیی و لەرزۆکییەوە قسەی لەگەڵ دەکرد پێی دەفەرموو " لەسەرخۆبە من پادشا نیم، من کوڕی ئافرەتێکم گۆشتی وشکەوە بووم دەخوارد"

بە کوورتی پەیامبەری خوا د.خ خوو ڕەوشت و ڕەفتارە خراپەکانی کیسرا و قەیسەر و پاشاکانی پوچ کردەوە... تاوەکو مرۆڤ سادە و خاکییانە بژی و پیرۆزی نەبەخشرێتە مرۆڤەکان، چونکە مەبەست و ئامانج لە ناردنی پەیامبەران بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە و خۆ دوور گرتن لە تاغوت و ستەم کاران(**ولقد بعثنا في كل أمة رسولا أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت**)) النحل: ٣٦، تاغوتیش هەروەك ئایەتەکانی قورئان ئاماژەی پێ دەکەن، دەکرێت پەرستنی بت و وەسەن بێ، یان حکومەتداری پاشا ستەمکارەکان، یاخود تاغوتی شوێنکەوتەیی نارەوایانەی حیبر و ڕاهیب و زانایانی سوڵتان ... هەروەك پێغەمبەریی خوا لە تەفسیری ئایەتی: (**اتخذوا أحبارهم ورهبانهم من دون الله**) بە عودی کوڕی حاتەم دەفەرموێ... و گوێڕایەڵیکردنی حیبر و ڕاهیبەکانی لە حەڵاڵ حەرام کردن و حەرام حەلاڵ کردن بە پەرستنی ئەوان لێك داوەتەوە ...

بە سەرنج دانی ژیانی مسوڵمانانی ئەمرۆ دەگەیتە ئەو بڕوایەی هەندێ لەوان بەناوی شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی هەندێ زانا و موجتەهید و نوێ خواز و خەباتگێڕەوە، بە بیانوی پابەند بون بە نوسین و گوفتارەکانیانەوە جۆرێك لە پیرۆزی و بێ گوناهی و هەڵە نەکردن دەدەنە پاڵ ئەو کەسانە و کە هیچ کەس لەوان لە ژیانی خۆیاندا پێی ڕازی نەدەبون و لەوانەشە ئەگەر ئەم

بارەی ئەوانیان ببینیایە وەك جۆرێك لە شیرك و تاوان دژایەتیان بکردایە ... ئەم دیاردەیە بە زمانی حاڵ و مەقال لای بەشێك لە شوێن کەوتوانی ئەو کۆمەڵ و گروپانەی ئەمڕۆ دەبینرێ بە بێ هەڵاوێردن بگرە لای ئەوانەشی کە دروشمی دژایەتی: شیرك و بەرزکردنەوەی یەکتاپەرستیان بەرزکردوەتەوە چ جای ئەوانی تر... ئەمە بۆ هەندێ لە رەمزە نیشتمانیەکانیش هەر راستە ...

لە کۆتاییدا بە کورتی دەڵێم: پێویستە بەچاوی مرۆڤ بون و هەڵەکردنەوە بڕوانینە پێشەوا و سەرکردەکانمان، رابەر و زانا و پیاوچاکانمان، رێزیان بگرین و گوێڕایەڵیان بین لە رێنمایی و وتە و ئاراستە بەنرخەکانیاندا، حساب بۆ ژینگە و زەمین و زەمانەی ژیانی ئەوان بکەین، وەکو پەیامی هەتاهەتایی و دەقەکانی قورئان نەڕوانینە گوفتار و رەفتارەکانیان، لە خۆشەویستی و گوێڕایەڵی دا و بە فریشتە و بێ گوناهـ تەماشایان نەکەین و نەیان گەنینە ئاستی مەعسومیەت و جۆرێك لە ئلوهیەت هەر بۆیە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر ئاگاداری کردوینەتەوە لەوەی ئەو کار و رەفتارە نەشیاوەی نەسرانیەکان دووبارە نەکەینەوە کە ئەوان بەرامبەر بە عیسای کوڕی مەریەم کردیان و بردیانە ئاستی خوا و کوڕی خوا و خوایەتی: لاتگرونی کما أگرت النصاری عیسی ابن مریم...

# ئیسلامیی بەدگۆ؟!

لەوانەیە ئەم زاراوەیە(گەر دروست بێت پێی بوترێ زاراوە) زاراوەیەکی نویێ و لەلایەکی ترەوە ناونیشانەکەش جێی سەرسوڕمان بێت! یاخود هەبێت بپرسێ ئەبێت ئیسلامیی(کە پێویستە لە هەموو کەس زیاتر پابەند بێت بەڕێنماییەکانی ئیسلامەوە) دەم پیس و بەدگۆ بێت؟ ئەی ئەمە پێچەوانە نییە لەگەڵ فەرمودەی:"لیس المؤمن بگعان ولا لعان ولافاحش ولا بژیو"؟، ئەبێ مسوڵمان و کەسی پابەند بەئیسلامەوە ڕێگە بەخۆی بدات بەوشێوەیە بێت؟ لەوەلاّمدا ئێژم بەڵێ و بەچاوی خۆمان زۆرکەسی وەها دەبینین و زۆر بابەتی ئەو جۆرە کەسانە دەخوێنینەوە یا گوێ بیستیان دەبین، بەلاّم گرفتەکە لەوەدایە کەسانێك هەبن بۆ ئەم جۆرە رەفتارە دزێو و نادروستانەی خۆیان پاساو داتاشن و بەڵگە و بیانووی نەشیاو ببیننەوە و ئەم رەفتار و سروشتە نەشیاوی خۆیان وەکو ئیسلامەتی و کاری ئیسلامی و رەخنە و رەخنەگرتن بخەنە روو. یاخود بە بیانوی وتوێژ و گفتوگۆوە کۆ لەهیچ وتە و گوفتارێك ناکەنەوە و چی بەدەمیاندا بێت نایگێڕنەوە بێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکەن خوای گەورە فەرمویەتی: (( مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ)) (قّ:١٨)، مرۆڤ بەرپرسە سەبارەت بە هەموو ئەو دەربڕین و قسانەی دەیکات، خۆ ئەگەر مەبەستیان گفتوگۆ و مشتومڕ و رونکردنەوەی ڕاستیەکانە، ئەوا هەر دەبێ بەپێی ڕێنماییە قورئانیەکان مامەڵە بکەن، کەنەك لەگەڵ مسوڵمان و هاوبیرە ئیسلامییەکاندا دەبێ بەجوانی بدوێن بگرە لەگەڵ خاوەن کتێب و بیروباوەڕەکانی تریشدا دەبێ هەمان مامەڵە بکەن(وَلا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ)

(العنكبـوت/٤٦)"، خـۆ ئەگـەر رقیـان لـەو کەسـانەیە یـان لـەو کۆمـەڵ و پارتانەیە و وەها دەبینن ستەمیان لێ کراوە، ئەوا لەم بارەشدا دروست نییـە سنوری دادگەری ببەزێنن و بێ ویـژدانی بنـوێنن، وەکـو خـوای خـوای گـەورە دەفـەرموێ: ( يَـا أَيُّهَـا الَّـذِينَ آمَنُـواْ كُونُـواْ قَـوَّامِينَ لِلّـهِ شُـهَدَاء بِالْقِسْـطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْـرَبُ لِلتَّقْـوَى وَاتَّقُـواْ اللّـهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ) (٨) سورة المائدة.

کەواتە بەهیچ جۆرێ لـە ئیسـلامدا رێگـە نـادرێ مـرۆڤ بـێ ویژدانانـە لەگەڵ بەرامبەردا مامەڵە بکات و هـەڵی سـەنگێنێ، تەنانـەت ئەگـەر دوژمـنی سەرسـەخت و نـەیاری بیروباوەڕیشـی بـن، ئـەی خێـرە هەنـدێ ئیسـلامیی لـەگفتوگۆ و نوسـین و بـاس وخواسـیاندا کـەمترین ئـادابی ئیسـلامی رەچـاو دەکـەن لەگـەڵ ئـەوانیتردا بـە تایبـەتیش لەچوارچـێوەی کـاری ئیسـلامی و خەمخۆرانی ئەو بوارەدا؟! گرفتە لەوەدایـە ئـەم بۆچـون و دەربڕینانـە وەکـو دیـدی ئیسـلامی و رەخنـەی جیـدی بخرێنـەڕوو، وەکـو هەڵسـەنگاندن و توێژینەوە پیشان بدرێن!!

رەخنەگرتن لە کاری هەر مرۆڤ و گروپ و کۆمەڵێك ئاساییە و هەندێ جار پێویست و ئەرکە و بێ دەنگی لاوازی و لاڵی و کەم ئەرزشـییە، بەرەخنـە و رەخنـەگرتن و هەنـدێ جـار هێـرش کردنـی فیکـری بەرامبـەر راسـت دەکەیتەوەو وەئاگای دەهێنی، بێ دەنگی لە ئاستی ناڕەواییدا دژە بە پـەیام و بانگەوازی پەیامبەران و هەق بێـژی سـیفەتی دینـداران و جوامێرانـە، بـەلاّم ئەوەی تەبیعەت و حەزە شەخسی و بۆچونە تاکەکەسیەکانمان بکەینە دیـدی ئیسلامی و ئیسلامیاتی پێ بفرۆشین، هەڵە و تاوان و خراپەکارییە...

لـە واقعـی ئەمڕۆمانـدا زۆرن ئەوانـەی بـە زەڕەبـین بـەدوای هەڵـەی تاکەسیدا دەگـەڕێن و مێشـێك دەکەنـە گامێشـێ، عـەرەب وتـەنی حەببەیـەك

دەكەن بە قوببەيەك، دژی لێكدانەوە و تەئویلی نادروستن، كەچی خۆیان بەرامبەر بە ئەوانیتر ئەنجامی دەدەن و  باسی رێبازی پێشینی چاكەكار دەكەن و كەمترین رەنگدانەوەی هەیە لە ژیان و هەڵوێست و رەفتاریاندا، باسی كیتاب و سوننە دەكەن و پابەند نین بە ناوەرۆكەكانیەوە، باسی لێبوردەیی و تەساموح دەكەن بۆ تەواوی مرۆڤایەتی، كەچی بەرامبەرە ئیسلامییەكەی قبوڵ نییە و لێبوردەییەكەی جێگەی ئەوی تێدا نابێتەوە و رەحمەتی فراوانی خوای گەورە بەدیدی ئەو ئەم جۆرە كەسانە ناگرێتەوە ...چ جای مرۆڤایەتی! !

لەدیدی بەشێك لەم ئیسلامیانەدا تەواوی ئەو وەسفانەت تێدابێ كە خوای گەورە بۆ (متقون) و (عباد الرحمن) و( مؤمنون) و (أهل الجنة) كردویەتی، هەموو بنەماسەرەكییە ئیمانی و ئەخلاقیەكان پیادە بكەیت و بەچەندین شێوە و شێواز پیادەی رێنماییە ئیسلامیەكانت كردبێ و بە ئەركی خزمەتكردنی جۆراوجۆری خەڵك و خاكی خۆت هەستابی ، بەڵام بە پێوەرە پێشوەخت و بەرتەسكە كەی ئەو تۆ دۆزەخیت و لە تائیفەی مەنسورە و رزگاربوان نیت، یاخود دانیشتوو، قاعید و ترسنۆك و بێ دەسەڵات و زەلیلیت یاخود بیدعەچی و گومڕا و سەرلێشێواویت... لەبەرامبەر ئەم بێ ئینساف و ئەم جۆرە بیركردنەوانەدا مرۆڤ ناچارە گومان دروست كات لە ژیری و بیر و نیاز و دڵسۆزیی ئەو جۆرە كەسانە، بەتایبەتی پاش ئەوەی رونكردنەوە و ئامۆژگاری و بەڵگە و گفتوگۆی راستەقینە و جیدی هیچ ئەرزش و بەهایەكی نەبێ و هەمان كار و رەفتار دوبارە و دەبارە ببێتەوە! !

# پێگەی ئایین و دیدی بەشێ لە  ڕۆشنبیرانی کورد

مەبەست لە ڕۆشنبیری کورد(لێرەدا) ئەو نوسەر و ڕۆژنامەنوس و ڕەخنەگرانەیە پاشخانێکی عەلمانی و نا ئاینییان هەیە و خاوەنی هەڵوێستێکی تاڕادەیەك پێشینەن بەرامبەر بە خودی ئایین و بەها و ڕەمزەکانی، جارجارەش لەژێر کاریگەریی ئەماندا یا بەهۆی هەستیاری هەڵوێستەکەوە ژمارەیەکی تری ڕۆشنبیری بێ لایەن دێنە پاڵیان و دەبنە هاوڕایان...

بەهۆی ئەو کاریگەرییەی فیکری چەپ هەیبووە و ئەو ئەزموونەی مارکسیەت لە نێو گۆڕەپانی کوردستان و شۆڕشی کوریدا گوزەراندویەتی بەشێکی بەرچاوی ڕۆشنبیر و سیاسی کورد وێنای ئایین لە دیدی ئەودا تەڵخ و لێڵەو زیاتر بووەتە هێمای دواکەوتویی و ناعەقلانیەت و مارکس وتەنی بە تلیاکی گەلان ناوزەد کراوە... دیارە ئەم دیدو تێڕوانینە تەنها ڕۆشنبیرەکانی نەگرتبووەوە بگرە زۆرینەی سیاسیە خوێندەوارە نەتەوەییەکانیشی گرتبووەوە، هەر بۆیە سالانێکی زۆر خەڵکی بەناوهێنانێکی خوا لەسەر زاری ئەوانەوە شاگەشکە دەبوو، دەیکردە ئاماژەی خواناسی ئەو کەسانە و لەهەندێ کۆڕدا ستایشیان دەکرا!

لە ناهەستی بەشێکی بەرچاوی ئەوانەدا سوکایەتی بە ئایین و ڕەخنەگرتنی نازانستی و تەشهیریش کارێکی سادە و سانایە و وەڵام دانەوەی ئەو جۆرە بابەتانە و زڕاندنی ناوو ناوبانگی ئەو کەسانەی بەم جۆرە کارە

هەڵ دەسن هێڵی سورە و زۆر بەخێرایی لەسەری دێنە وەلاّم و کەمپین و ئیمزا کۆکردنەوەی بۆ رادەگەیەنن... لەولاشەوە خۆ بێ دەنگ دەکەن لە ئاست هەموو سوکایەتی و بێ رێزییەك بەرامبەر ئایین و ئایینداران و هەست و سۆزیان(کە زۆرینەی هەرەزۆری گەلەکەمانن)، بە وتارێکیش نارەزایی خۆیان دەرنابڕن لەبەرامبەر ئەو کەسانە ... خۆ ئەگەر لە بەرامبەردا وەلاّمی ئەو جۆرە کەسانە بدرێتەوە و کاردانەوەی توند(دیارە لە ئاستی نوسین و وتاردا) بێتە ئاراوە(کە من زۆرجار زۆبەیان پەسەند ناکەم) ئەوا بە توند رەوی و هێرش بۆسەر ماف و ئازادییەکان دێتە ئەژمار و ئاش و بەرداشی رۆژنامە و گۆڤار و سایت و راگەیاندنی بۆ دەخرێتە کار ... پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ناکرێت ئەم جۆرە رۆشنبیرە هەڵوێستێکی هاوسەنگ و بێ لایەنانەیان هەبێ و سەر زەنشتی سوکایەتی و تەشهیر بە ئایین وئایینداران بکەن و هەست و سۆزی جەماوەر و خەڵکەکەی خۆیان راگرن و داخوازی گفتوگۆ وتوێژی جیدی و زانستی بن نەك شێوازی نەشیاوی تر، لەبەرامبەریشدا داوا بکرێت ئەوانی تر کاردانەوەکانیان سنوری هاوسەنگی نەبەزێنێ، وەلاّم بداتەوە و رەخنە بگرێ نەك کار بکات لەسەر وروژاندن و جولاّنی سۆزو هەڵرشتنی رق و کینە ...

ئێمە لە دۆخێکی وەهادا لە بەردەم دوو هەڵوێسێکی ناهاوسەنگ و کەم و کورتداین، هەڵوێستێك ئەرزش و سەنگێك بۆ ئایین و بیروباوەڕی گەلەکەی و هەست و سۆزی دانانێ و بەباش و خراپ پشتگیری ئەو سوکایەتیانە دەکات، پشت ئەستور بە پێشینەیەکی ئایدیۆلۆژی توندڕەو کە زیاتر بۆ ریشە کۆمۆنیستی و سۆشیالیستیە توندڕەوەکان دەگەڕێتەوە، یاخود ریشەی لە نێو ئەو تەوژمەدایە کە بەرۆژهەلاّتناسی تەنسری(الاستشراق التنصيري) دەناسرێت...

هەڵوێستی دووەم وەڵام دانەوەی بێ سەرنج و هەڵچووە، زیاتر لەسەر سۆز بنیات نراوە وەك لەوەی سۆز و ژیری بێت و مەیدانی وەڵام دانەوە و کاردانەوەکەی دەخزێنێتە بوارێکی فراوانتر و گشتی تر و هەندێ جار لەبری ئەوەی چاکی بکات خراپی دەکات...

بە بۆچونی من هەڵوێستی دروست لە هەر دوو بەرە، نەیار و لایەنگر، رەخنەگر و پشتیوان، وەڵام دانەوەی بەڵگەیە بەبەڵگە و دورکەوتنەوەیە لە تەشهیر و جنێو و برینـدار کردن، پشت بەستنە بە توێژینەوەی زانستی و بێ لایەنانە ... داکۆکی کردنە بۆ سازاندنی دۆخێکی لەبار و سروشتی تاوەکو گفتوگۆ و راگۆڕینەوە و رەخنە و رەخنەکاری جیدی بێتە ئاراوە و رێز لە قەناعەتی ئەوانی تر بگرین با لەگەڵیشی نەبین ...

کاتی ئەوە یە هەموو لا دەرفەت بەیەك بدەین و دەروازەی هەڤپەیڤینی هێمنانە بخەینە سەر پشت ، لەبری رێ و شوێن و شێوازە نەشیاوەکان پەنا بۆ کاری جیدی و رێ و شوێنی دروست ببەین و رێزی هەڵبژاردن و ئیختیاری یەکتری بگرین با قەناعەتیشمان پێی نەبێت.

# بێ هەڵوێستی ڕۆژنامەنوسان و میدیای کوردی
# لە نێوان
# کوشتنی ڕۆژنامەنوس و زانای ئاینیدا

کاتی خۆی سەبارەت بەو (داکۆکییەی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوسانی کورد لە نوسەری بابەتی ڕۆژنامەنوسێك کە بێ ڕێزی بە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام کردبوو) بابەتێکم نوسی ، لەوێدا سەبارەت بە ناهاوسەنگی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوسانی کورد قسەم هەبوو، بەو پێیەی زیاتر داکۆکی لەو کەسانە دەکەن کەسەرقاڵی هێرش و تەشهیر کردنە سەر ئیسلامن و بێدەنگن لەبەرامبەر ئەو هەڵەیەی نوسەرەکە دەیکات و ئەو بێ ڕێزییەی بەرامبەر ئیسلام دەکرێ وەکو ئاینی زۆرینەی خەڵك کە ئەوە بۆ خۆی بانێك و دوو هەوایە و پەیوەستە بە پاشخانی زۆرێك ڕۆشنبیرانی کورد و هەندێ لە سیاسییەکانیشی. ئەوەی من داکۆکی لێ دەکەم پاراستنی هاوسەنگی و داپەروەربونە لەم بابەتە و تەواوی هەڵوێست وەرگرتنەکانی تریشدا.

کاتێ دەبینم بابەت و ڕوداوێ قسەی زۆر لەسەر دەکرێ و داکۆکیکاری زۆرە بە سروشتی خۆم کەمتر حەزم بە وەیە قسەی لەسەر بکەم و شتی لەسەر بنوسم ... کاتێ ڕۆژنامەنوسەکانی وەکو سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت تیرۆر دەکرێن ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنوس و میدیای کوردی هەڵوێستی جوانیان هەبوە و هەتا هەنوکەش بەردەوامە و منیش یەکێکم لەو

کەسانەی قسە و نوسین و هەڵوێستی خۆمم هەبوە لەو بارەیەو بە کارێکی بەرپرسانە و ئەرکێکی مرۆڤ دۆستانەم ئەژمارکردوە، بەو پێیەی رۆژنامەنوسان داکۆکی لە مافی هەموان دەکەن و کەم و کورتیەکان باس دەکەن و گەندەڵی و خراپەکاریەکانی دەسەڵات دەخەنە روو... لە بەرامبەردا گویێ پێ نەدان و بێ دەنگیەکی سەیری ئەو کەسایەتی و کەناڵە جۆربەجۆرانە دەبینم لە بەرامبەر تیرۆرکردنی مامۆستایانی ئاینیدا کە هەر لە کەرکوکدا حەوتەم حاڵەتی لەو شێوەیە یە و کە دواهەمینیان مامۆستا رەمەزان بوو، بۆ دەبێ ئەم هەڵوێستە هەبێت، چی لە پشت ئەم بێ دەنگی و گوێ پێ نەدانەوەیە؟ ئایا مامۆستای ئاینی بە شێوەیەکی گشتی کەسایەتیەکی داکۆکی کار نیە لە مافەکانی خەڵك و بەردەوام تێکەڵ نیە بەجەماوەر و هاوبەش نیە لەگەڵ خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا؟ پێشەنگ و قودوەی خەڵکێك نیە لەنێو کۆمەڵگەدا؟ تیرۆرکردنی نرخی رۆژنامەنوسێکی نیە لای ئەو جۆرە کەسانە! ئایا ئەم جۆرە کوشتنەی لە کەرکوکدا روو دەدات دەستێکی تیرۆر نیەو چەند ساڵێکە کەوتوەتە گیانی مامۆستایان؟ ئایا تیرۆر خۆی لە خۆیدا تاوان نییە؟ باشە ئەم پشتگوێ خستنە چی دەگەیەنێ و چۆنی بخوێنینەوە؟!

لەراستیدا دۆخێکی لەم شێوەیە خۆی لەخۆیدا ئاماژەیەکی مەترسیدارە و نیشانەی ناهاوسەنگی و بێ هەڵوێستیەکی بێ پاساوە، خوازیار بوم لە رۆشنبیرێکی دیارەوە نوسین یان لێدوانێکی گونجاوم ببینیایە! بەڵام وادیارە هێشتاش پاشخانە ئایدیۆلۆژیەکان پاڵنەری زۆرێك لە هەڵوێستی رۆشنبیر و رۆژنامەنوسانی کوردە و ناتوانن لەو قۆزاخەیە دەرچن ...

هەموو ئەو مامۆستا و رۆژنامەنوسانەی تیرۆر کراون لەو کەسانە بوون کە کاریگەرییان هەبوە و هەق بێژ بوون، تیرۆر کردنەکەشیان باجێك بوە و داویانە .... مامۆستا رەمەزانی رەحمەتی لە دورەوە دەناسم و بۆ یەك جاریش یەکتریمان نەبینیوە و ئەوەش دەزانم لە زۆر شتدا پێچەوانەی ئەو بۆچونانەی هەبوە کە کەسانێکی وەکو من داکۆکی لێ دەکەن، بەلاّم ئەوەش دەزانم کەسایەتیەکی کاریگەر و خاوەن هەلّوێست بوە لە روی دینی و کۆمەلاّیەتیەوە و خزمەتی خەلّك و کۆمەلّگەی کردوە با لە هەندێ دید و بۆچونیشدا جیاوازی لە ئارادا بێت ... لە خوا داواکارم پلەی بالاّی بەهەشتی پێ ببەخشێ و بە شەهیدی رێگەکەی خۆی ئەژماری کا ... لە هەمان کاتدا دەخوازم بەدواداچونێکی جیدی بۆ دۆسیەکەی بکرێ و وەکو مامۆستایان و رۆژنامەنوسانی تر پشتگوێ نەخرێ و لەبیرمان نەبەنەوە ... لە هەمان کاتدا داوای هەلّوێست و بەدواداچونی جیدی لە هەموو رۆژنامەنوس و رۆشنبیر و کەنالّە جۆربەجۆرە ئیعلامیەکان دەکەم و خوازیارم قورسایی پێویستی خۆی پێ بدرێ.

# ترس له دەسەڵاتی ئیسلامییەکان وەهمە یا حەقیقەت؟

- ئیسلامییەکان مەترسین بۆ ئاینده، ئەم قسەیە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

- ئایا هەڵوێست و دیدو تێڕوانینی ئێستای ئیسلامییەکانی کوردستان بەشێوەیەکە مەترسی لێ بخوێندرێتەوە؟
- دیدو تێڕوانین و مامەڵەی ئێستای ئیسلامیەکانی کوردستان بە شێوەیەکە ببنە مەترسی بۆ ئایندەی هەرێم؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە و هاوشێوەکانی هەروا سوك و ئاسان نیە و بە بەڵێ و نەخێرێك یەکلایی نابێتەوە، ئەکرێ خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ و لە چەندین گۆشە نیگای جیاوازەوە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەروەك ئەکرێ لەیەك کاتدا بەڵێ و نەخێریش هەم راست و ناراستیش بێت بەشێوەیەکی رێژەیی، ئەمەش وەستاوەتە سەر ئەو هەڵسەنگاندنەی ئەنجامی دەدەیت و ئەو گروپەی دەیکەیتە نمونە و وەکو داتایەك وەری دەگری.

ئـەبێ بپرسـین کـام ئیسـلامی و چ دەسـەڵاتێکی ئیسـلامی، چـونکە ڕەوایە ترس هە بێ لە هەندێ گروپی ئیسلامی و نمونەی پیادەکراوی هەنـدێ دەسەڵاتی ئیسلامی لە مێژوی کۆن و هاوچەرخیشدا، بـەڵام ئەگـەر تـەوەری باسەکەمان لەو چەند پرسیارەوە دەست پێ بکەین، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە ئەوا بابەتە سنوردارتر و رونتر دێتە پێش چاو.

زیاتر لە نیو سەدەیە پڕوپاگەندەی دژ بە ئیسلامیەکان بونی هەیە و ناشـیرین کردنـی وێنـەیان لـە ئارادایـە ، بەتایبـەتی لـە لایـەن و ئـەو پـارت و دەســەڵاتانەی دڕنــدەترین ئــەزمونی مێــژویی ناوچــەکەیان پیــادەکردووە و قێـزەونترین تۆمـاری مێـژوییان هەیـە ، ئەمـە جگـە لـەو ململانـێ ژیارییـەی ڕۆژهــەڵاتناس و موبەشـیرە ئــەوروپی و ڕۆژئاواییــەکان بەرامبــەر ئیســلام و ئیسلامیەکان کردویانە و ڕۆڵێکی سەلبیان لەو بارەیـەوە بینیـوە و زۆرێـك لـە دەستەبژێر و نوسەر و ڕۆشنبیرە عەلمانیەکانی وڵاتانی ئیسلامیش لە سـایەی ئەو دەسەڵاتە ستەمکار و گەندەڵانەدا زۆرتـرین دەرفـەتی دژایـەتی ئیسـلام و ناشیرین کردنی وێنەی ئیسلامیەکانیان بۆ ڕەخسابوو... هەموو ئەمانە ڕۆڵیان هـەبووە لـە پیشـاندانی ئیسـلامیەکان وەکـو مەترسـییەك لەسـەر کۆمەڵگـە و ئاسایش و ئارامی و ماف و ئازادیەکانی کە زۆرینەی هـەرە زۆری لـە وەهمێك زیـاتر هیچـی دی نییـە و زۆرتـریش پاسـاوێك بـۆ مانـەوەی هێـزە تۆتالیتـارە دیکتاتۆرەکان و درێژە دان بـە دەسـەڵاتی خۆیـان بـەو پێیـەی ئیسـلامیەکان مەترســی تــرین نــەیار و ئۆپۆزســیۆنی نێــو کۆمەڵگــە بــوون لــە بەرامبــەر دەسەڵاتدا.

راســـتە ئیســـــلامیەکان ئەگـــەر بیانـــەوێ ئەزمونـــە مرۆییـــە ئیجتیهادییەکانی مێژوی خۆیان کۆپی بکەن و لەمرۆدا هەمان ئـەزمون دوبـارە بکەنەوە بێ ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی سەردەم ئەوە بێگومـان مەترسـی

لـه ئـارادا دەبـیّ و گرفـت بـۆ خۆیـان و کۆمەڵگــە و ئەزمونەکــەیان دروســت دەکەن، بەڵام ئەگەر بـەها سیاسـیە قورئانیـەکانی وەکـو راوێـژ و دادگـەری و مـافخوازی پیـادە بکـەن ئـەوە بێگومـان مەترسـیەك لـە ئـارادا نیـە و ئـەوەی دەوتریّ ئیسلامۆفۆبیایەکی کەم ئەرزشـە و کارێکـە بـۆ بەرتەسـك کردنـەوەی دەرفـەتی ئیسـلامیەکان و شکسـت پـیّ هێنانیانـە، کـە لـە ئێسـتای میسـردا عەلمانی و لیبرالیەکان زۆر بە چڕی کاری بۆ دەکەن و ئامادەی مل دان نین بۆ ئەو دیموکراسیەی دەیان ساڵ گۆرانی بەباڵایدا دەڵـێن و ئیسـلامیەکانیان بـە نادیموکراسی بون تۆمەتبار دەکرد کەچی لە ئێسـتادا خۆیـان ئامـادەی قبـوڵ کردنـی نـین ئەگـەر دیموکراسـی ببێتـە هـۆی هێنانـە ئـارای ئـەوانی تـرەوە، ئیسـلامیەکان گـۆڕاون و لـە تواناياندایـە: دەق و مێـژوو، وەحـی و ئـەزمونی مرۆیی و مەبدەئیەت و شەخسانیەت لێك جیا بکەنەوە ، ئەگەر چی ئەم دیـدە لای کەمینەیەك زۆر رون نەبیّ بەڵام لای زۆرینە ئاشـکرایە و ئـەو کەمینەیـەش لەنێو هەموو رەوت و بیروبۆچونێك بونی هەیە و هەر دەبـیّ و لـە نێـو رەوتـی عەلمانی و بە نـاو دیموکراسـی خوازەکانیشـدا هاوشـێوەی تـەوژمی ئیسـلامی بونی هەیە.

ئیسلامیەکانی کوردستان، ئەوانەی پیـادەی کـاری سیاسـی دەکـەن مەترســی نــین بــۆ ســەر داهــاتوی ئــەم هەرێمــە و خەڵکەکــەی و گەشــە و پـەرەپێدانی بوارە جۆراوجۆرەکانی، دەنگی زاڵـی ئیسـلامیەکانی کوردسـتان میانەڕەوی و پێکەوە ژیان و پاراستن ئازادی و دابین کردنی مافەکانـە و ئـەو کـەلتور و دیـد و تێڕوانینانـە درێـژە پـیّ دەدەن و دەتـوانن دوای هەنـدیّ بـە خۆداچــونە و کرانــەوەی زیــاتر و کــاراتر بونیــان رۆڵێکــی زۆر کاریگــەر لــە کوردســـتاندا بگێـــڕن، ئیســـلامیەکان زیـــاتر لـــە هـــەموو کـــەس توانـــای پێشکەشـکردنی کەسـی بـەتوانا و دەسـت پـاك و ئـەمینی زیاتریـان هەیـە و

ئومێدی ئەوەشیان لێ دەکرێ لە بنیاتنانی دام و دەزگای سەربەخۆ و کارادا ڕۆڵی بەرچاو بگێڕن

بە سەرنج دانی گوتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ئیسلامیەکانی کوردستان دەگەینە ئەو دەرەنجامەی ئیسلامیەکانی کوردستان نەك مەترسی نین بۆ ئایندەی کوردستان و بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی بگرە دەکرێ ڕەگەزی سەرەکی ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بن لە زۆر ڕووەوە، بۆ نمونە: گەورەترین گرفتی ئەم هەرێمە دوای سەربەخۆ نەبونی دام و دەزگاکانی بریتیە لە گەندەڵی و بەهەدەردانی سامانی وڵات، کە دەکرێ ئیسلامیەکان گەورەترین ڕۆڵ ببینن بۆ کەم کردنەوە و بەتەسك تر کردنی، چالاککردنی دادگا و سەربەخۆ بونی بوارێکی ترە کە ئیسلامییەکان دەکرێ ڕۆڵی بەرچاوی تێدا بگێڕن، ئەمە جگە لە سەقامگیری کۆمەڵایەتی و پاراستنی مۆرکی نەتەوەیی و چەندین بواری تر ... دیارە ئەگەر هاتوو دۆخەکە بە ئاسایی تێپەڕی و نیازێکی رونی تێك دەرانە بۆ شێواندن لە ئارادا نەبێ، چونکە ئەو دۆخە پارتە دەسەڵاتدارەکان دەی رەخسێنن زۆرجار دەیان و سەدان گرفتی ئاڵۆز و پڕکێشە دەهێنێتە ئاراوە کە نەك ئیسلامییەکان هەموو هێزێکی نوێی پێوە ماندوو دەبێ، هەر بۆیە پێکهێنانی بنکەی جەماوەری و توانا و ئیمکانیاتی جۆراو جۆر پێویستییەکی هەنوکەییە و ئیسلامییەکانی کوردستان هێشتا تێیدا لاواز و نەدارن، ئیسلامییەکانی کوردستان دەبێ ئەوە بزانن هێشتا خاوەنی ئەو بنکە و هێزە جەماوەرییە نین کە پێویستە بۆ ئیدارەکردنی تەواوی جومگەکانی دەسەڵات و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئابوری لە دەستیاندا بێت و دەبێ لە ئێستەوە کاری جیدی و بەرهەمدار بکەن لە بواری بنیاتی کۆمەڵایەتی و کاری خێرخوازی و دام و دەزگای باس و توێژینەوە و هتددا، چونکە ئەوەی ئیخوان

و ئیسلامییەکان لە ولاٌتێکی وەکو میسردا کردویانە زۆر زیاترە لەوەی لە شوێنێکی وەکو کوردستاندا ئەنجام دراوە بە رەچاوکردنی جیاوازی نێوان هەردوو ژینگە و چڕی دانیشتوانیش، ئەم لاوازییەی ئیسلامییەکانی کوردستان مەترسییە، نەك ئەوەی ئیسلامیە چالاکەکانی کوردستان لە خودی خۆیاندا مەترسی بن، لەم روەشەوە بە شێوەیەکی گشتی عەلمانیەکان کۆڵەوارتر و کەم تفاق ترن بەلاٌم ئەوەی کە هەیە بەهۆی مرۆڤ دۆستی و ماف پارێزی و دیموکراسی بونی ئەوانەوە نەهاتوەتە ئاراوە بەڵکو ئەوە شەرعیەتی شۆڕشگێڕی و هەژمونی خۆسەپاندن بووە بەسەر واقعدا ئەوانی خستوەتە پێشەوە نەك پرۆژە و نەخشەی ستراتیژی ، ئەزمونی زیاتر لە بیست ساڵی رابردوو ئەم راستیەمان بۆ دەخاتە روو، کە تاوەکو ئێستەش عەلمانیە نەتەوەیی خوازەکانی کورد سەرکەوتوو نەبوون لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پڕداد و یەکسان و مافخواز، شکستێکی یەکجار گەورەیان هێناوە لە بنیاتنانی دەسەلاٌتێکی دام و دەزگایی سەربەخۆ و لە هەر گرژییەکی ناوخۆییدا ئەگەری دوولەت بونی هەموو دام و دەزگاکان زۆر ئامادە و چاوەڕوانکراوە، سەنگەر گرتنی سەربازی و حاڵەتی لەناکاو واقعێکی بێ گومان و بێ چەند و چونە، ئەو ئەزمونەی بەناو نەتەوەیی و دیموکراسی خوازانی کورد پێشکەشیان کرد بریتی بوو لە یەکتر قبوڵ نەکردن و وەدەرنانی ئەوی تر، کاتێکیش رێککەوتنی ستراتیژی ئەنجام دەدەن دەبێ باجەکەی خەڵکی کوردستان بیدا و داهاتی کوردستان بخزێتە باخەڵی حیزب و کەسایەتیە دیارەکانی و بنەماڵە و نزیکەکانی ، هەر وتار و پرۆژە و هەوڵێکیش دژ بەم ئاراستەیە جولاٌبێتەوە ئەوا مۆرکی ناپاکی و خیانەت و دژایەتی ئاسایشی نەتەوەیی پێدا نراوە و زەمینەی کارکردنی لەبەردەمدا تەسك کراوە، ئەمە ئەگەر تەسفیەی جەستەییش نەکرا بێت وەکو دەزانین و رون و ئاشکرایە، ئەمانە و

هاوشـێوەکانی تـرس و مەترسـی و هەڕەشـەن بـۆ داهـاتوی کوردسـتان و ئاسایشی نەتەوەییمان نەك ئیسلامییەکان و پرۆژەی ئیسلامیی نەتەوە خـواز و خەڵك دۆست، ئەگەر جۆر و رەوتێکی ئیسلامی لە دەرفەت و کاتێکی دیاری کراودا جێگەی مەترسی و هەڕەشە بوبێتن ئەوا لـە ئێسـتادا کـەمترین بـوار و بونی هەیە و ناتوانیٚ ببێتە هەڕەشە و ئەو ئیسلامیەی لە ئارادایە و قورسـایی هەیـە رازییـە بـەو گەمـە دیموکراسـییەی لـە ئارادایـە و ئامادەیـە راسـتگۆیانە لەگـەڵ هەڵبـژاردە و ویسـتی گەلـدا مامەڵـە بکـات و کردویـەتی ، بـەڵام ئـەوە بەرامبەرەکانێتی ئەو دۆخە لێخن دەکـەن و سـەرەڕای بونیـان لـە دەسـەڵاتدا ئامادەی گزیکاری و دەست وەردانن لە ئیرادەی خەڵکن و ئەگەر بۆیان بچـێتە سەر ئامادەن پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن بۆ چـەندین سـاڵ دوابخـەن و درێژە بەدۆخی مانەوە لەم بارەدا بدەن نەك ئەوەی ئیسلامیەکان لەم رووەوە هەڕەشەبن، قسەکردن لەم بارەیەوە زۆر هەڵ دەگریٚ و زۆری دەویٚ.

بـەو پێیـەی ئیسـلامیەکان ناشـیرین کـراون و وێنـەی ناشـیرینیان لێگیراوە و وەك هەڕەشەیەك بۆیان روانراوە و پاساوی جۆراوجۆریش خراوەتە روو، ئەمـە ئـەوە دەخوازێـت ئیسـلامیەکان رونـتر بۆچـونەکانیان بخەنـە روو، هەڵوێستی رونیان لەبارەوە دەربڕن، پرۆژەی بەهێز بخەنە روو، ببنە داکۆکی کاری راستەقینەی جەماوەر و دیدی خۆیان رۆشنتر پیشان دەن بەتایبەت لـە بواری ماف و ئازادیە تایبەتی و گشتیەکان و دەسەڵات و دیموکراسـی و مافـە نەتەوەییەکان و بابەتگەلێکی وەکـو گەشـەپێدان و پێشـکەوتنەکانی جیهـانی ئەمرۆ و چـۆنێتی مامەڵـەکردن لەگەڵیـدا، رونـی لـەم بوارانـەدا دڵنیـایی زیـاتر دەبەخشێت و داهاتویان روناکتر دەکات و ئەو مەترسـییانەش دەڕەوێنێتـەوە کە دەوروژێن و وەکو مارە تۆپیو خەڵکی و جەماوەریی پیٚ دەترسـێنن، هـەر بۆیـە بـڕوام وایـە هـیچ کـات تـرس لـە ئیسـلامیەکان لـە رووی واقعیـەوە بـەو

شێوەیە نیە کە وێنای کراوە و و دەخرێتە روو، ئەو ئەندازە راستییەی لەم بوارەشدا هەیە ناگاتە ئەو ئاستەی بتوانرێ ئەوان وەك هەڕەشەو مەترسی ناوزەد بکا، هەموو ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ تەنها ئیسلامیەکان دەتوانن خۆشگوزەرانی و دادگەری و یەکسانی و گەشەپێدان بەدی بهێنن بۆ کۆمەڵگەکەیان و ئەوانی تر بەتەواوی دەسەوسانن، نەخێر، چونکە کۆمەڵێك سونەتی گەردونی و شەرعی هەیە هەر کەس پابەند بێت پێیانەوە دەتوانێ سەرکەوتن بەدی بهێنێ و ئامانجەکانی جێ بەجێ کات ئیتر هەربۆچونێکی هەبێت و ئیسلامیەکانیش لە هەموو کەس زیاتر داوالێکراون رەچاوی ئەو سونەت و یاسا و رێسا گەردونی و شەرعییانە بکەن. تاوەکو بتوانن نمونەیەکی سەرکەوتوو پێشکەش بکەن و تەمکین و سەقامگیری بەدی بهێنن و نان و ئازادی و ئاسایشی خەڵکی دەسەبەر کەن و ئەو تەم و مژەش بە واقیعی بڕەوێننەوە کە سەبارەت بەوان لە ئارادایە و بەچەندین رێگەی جۆراوجۆر وێنای دەکرێ.

# لاوان و بە نەریتكردنی بەهای جوان و دەسپێشخەری گرنگ

هەموو ئەو داب و نەریتانەی لەكۆمەڵگا جۆربەجۆرەكاندا دەبینرێت سەرەتا هەندێ رەفتار و هەڵسوكەوتی چەند تاكە كەسێك بوە و دواتر بەرێگەی جۆراوجۆرەوە گرنگی پێ دراوە و لە كۆتایشدا بوە بە نەریتێكی باو، ئەو نەریتە باوانەش بەپێی ناوەرۆك و بەرەنجامەكانی سود و زیانی بەردەوامی هەبوە و كاریگەریی درێژخایەنی بەجێ هێشتوە، لەمرۆدا دەكرێ بەهەردوو باری چاك وخراپدا كۆمەڵێك رەفتار و هەڵسوكەوت ببێتە نەریت و كاریگەریی خۆی بەجێ بهێڵێ، هەرچەندە بەهۆی هۆكارە جۆراوجۆرەكانی سەردەم و خێرایی گۆڕانەوە جێگیربون و مانەوەو بەنەریت بون هەروا ئاسان نیە بەتایبەت مرۆڤی سەردەم مرۆڤێكی رەخنەگر و گۆڕاوە بەلاّم ئەم تایبەتمەندیە ئەوە ناگەیەنێ مرۆڤ بێ توانابێت لە ئاست بەنەریت كردنی بەها و هەڵسوكەوت و رەوشتە جۆراوجۆرەكان بەتایبەت توێژی لاوان ...

دەكرێ لاوانی پەیام دار لەمرۆدا بتوانن رۆڵی كاریگەر و ئیجابی بگێڕن و هەوڵ بدەن داهێنان كار بن لە خستنە رووی چەندین كاری سودمەند و پەیامی جوان و رەفتاری شیرین و مەشخەڵ هەڵگری چاكە و چاكەخوازی بن و بەپێی بەرنامەیەكی دووربین و درێژخایەنیش كار بۆ بەنەریت كردنی بكەن لە كۆمەڵگادا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە خشتێكی پتەوی بنیاتی كۆمەڵگەی كوردیمان و لە هەمان كاتدا دەكرێت بەم جۆرە كارەیان داهێنەر بن لەكاری چاكەدا و زیندووكاری رێگەی دروست و سەرمەشقی چاكەخوازی بن و ببنە ئەوانەی پێغەمبەری خوا د.خ لەبارەیانەوە دەفەرموێ"**مَنْ سَنّ في الإِسْلام سُنةً حَسنةً فَلَهُ أَجْرُهَا، وأَجْرُ منْ عَملَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ مِنْ غَيْرِ أَنْ يـنْقُصَ**

مِنْ أُجُورهِمْ شَيءٌ، ومَنْ سَنّ فِي الإِسْلامِ سُنّةً سيِّئةً كَانَ عَليه وِزْرها وَوِزرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بعْده مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزارهمْ شَيْءٌ"رواه مسلم.

ئەم فەرمودەیە هەموو ئەو رەفتار و کارەچاکانە دەگرێتەوە کە مایەی ئاسودەیی و بەختەوەری و قازانجی خەڵکین و تێك ناگیرێن لەگەڵ دەقەکانی ئیسلامدا و لە سایەی مەبەست و خواستەکانی ئیسلام و شەریعەتدا دەگونجێن کە بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خەڵك و دوورخستنەوەی زیان و خراپەکارییە لێیان...

ئەگەر بمانەوێ هەندێ نمونە بخەینە پێش چاو کە پەیوەست بێ بە لاوانەوە: کچە لاوەکانمان دەتوانن بە هاوکاری دیزاینکارە لێزانەکانی بواری جل و بەرگ، دیزاینی جل و بەرگی نوێ دابهێنن کە چەندین رەهەند ولایەنی تێدا رەچاوکرابێ (جوانی و دروستی لە رووی شەرع و نزیکی لە جل و بەرگی کوردییەوە) و بڕیاریش بدەن بەشێوەیەکی نەخشە بۆداڕێژراو و بەویستێکی بەهێزەوە کار بۆ برەوپێدانی بکەن و تا ئاستی بڵاوکردنەوە و دواجار بونە مۆدێل و دواتریش جێگیربونی وەك جۆرێك جل و بەرگی خواستراوی نێو کۆمەڵگە ئەمەش کاتێك دەبێ ئەگەر هاتوو تایبەتمەندێکانی مانەوەی تێدا شاراوە بێت، بەپێی کاتیش هەندێ گۆڕانکاری تێدا بکرێ، ئەمە بۆ لەقاڵب دان و سەپاندن نیە بەڵکو بیرکردنەوەیە لە پێشکەش کردنی باش و باشتر.

لاوان دەتوانن لە رێگەی چەندین گروپی جۆراوجۆر و رێکخراوی جیاجیاوە بەرەنگاری نەریتە خراپ و مادە زیان بەخش و سەرخۆش کەر و بێ هۆش کارەکان بکەن(نێرگەلە و جگەرە و مەی و تلیاك و هتد...) و رۆشنبیری پێویست بگەیەنن بەشێوازی جۆراوجۆر. بەرنامەی داهێنکارانەی فرەچەشن بخەنە روو، لە بری ئەوە.

زۆر لاومان هەیە لـەبواری ئـای تـی و کۆمپیوتـەر و پرۆگـرام سـازیدا دەتوانیٚ داهیٚنانکاری بکەن و چەندین بەرهەمی بەسوود بخەنەڕوو، ئەوانی تر (لاوان و کۆمەڵگەش لە ئاستیٚکی فراواندا) لە ئیٚستا و داهاتوودا سودمەند بـن لیٚـی، ریٚزگـرتنی ئەمانــە لەلایــەن خــودی لاوان خۆیانــەوە کـاریٚکی گـرنگ و نەریتیٚکی جوانە، پیٚویستە دەسخۆشی لەو کەسانە و هاوشـیٚوەکانیان بکـریٚ و ناویان ببریٚ و خەڵات کریٚن و بکریٚن و وەکو رەمزیٚکی دیار تەماشا بکریٚن.

لاوان دەتوانن سەرمەشـق بـن لـە بـرەو دان بەبـەکارهیٚنانی چـەندین دەستەواژەی جوان و وشەی نویٚ تایبەت بە سڵاوو بەخیٚرهاتن و بەڕیٚ کـردن و پیٚشـوازی و ... هتـد و کـار بکـەن بـۆ ئـەوەی جیٚگـەی خۆیـان هـەبیٚ لـەو بوارانەدا... هەموو ئەو کارانەی لاوان و چـەندینی تـر پیٚویسـتی بەئـەوانی تـر هەیە و دەبیٚ کارامانە سود لەو توانایانە وەرگرن.

## وەڵامی (نەوەی نوێ)

**پ/ لـەڕۆژگاری ئـەوڕۆدا زۆر لەگـەنجانی کـوڕو کـچ خـەریکی پەیوەنـدی خۆشەویسـتین لەگـەڵ یـەکتر لەکاتێکـدا زۆرینــەی ئـەو خۆشەویسـتیانە دەرەنجـامی خراپــی لێ ئەکەوێتــەوە ... پێــت وایــە ئــەو پەیوەندییــە خۆشەویستییەکی ناتەندروست بێت ؟**

بەناوی خوای گەورە، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتـە، غـەریزەی ئـەوین و خۆشویستن بەشێوە گشتییەکەی لە مرۆڤدا ڕەسەن و ڕیشەدارە، هەر بۆیـە چـەندین خۆشەویسـت و ئەوینـدار و خۆشەویسـتیمان هەیـە، خۆشەویسـتی خوای گـەورە و پەیامبـەرانی و خۆشەویسـتی دایـك و بـاوك و کـەس و کـار و وڵات و نیشتمان، خۆشەویستی خێزان و منـاڵ، لـە ناویانـدا خۆشەویسـتی بـۆ ڕەگـەزی بەرامبـەر لەبـەر چـەندین پاڵنـەریی نـاوەکی و دەرونـی و لاشـەیی و فیزیکی ئەمانە وەك سروشت و فیترەت هەن، ئەوەی کە جێگەی مشتومڕە و قسەی زۆر هەڵ دەگرێ کۆتـا جـۆری خۆشەویسـتییە، ئەمـەیان لـە ئیسـلامدا بەڕەهایی دروست نییە، مرۆڤ دەکرێ هەندێ جـار ئەوینـدار بێـت و کەسـێکی بەدڵدا بچێت و ئاسـان نـەبێت لـەبیری کـات، لـەو کاتەشـدا چارەسـەر بـریتی دەبێت لەوەی بگات بـە پرۆسـەی هاوسـەرگیری، خـۆ ئەگـەر نـەدەتوانرا ئـەو پرۆسەیە ئەنجام بدرێ ئەوا دەبێت یان خۆ بگرن و چاوەڕێ کەن یاخود ئەبێ یەکتری لە بیرکەن تا خـوای گـەورە دەرفـەتی تـر دەڕەخسـێنێ بـۆ سـازان و گونجـان، خـۆ ئەگـەرنا درێـژەدان بـەو پەیوەندییـە و ئـەنجام دانـی هەنـدێ قەدەغە کراوی شەرعی ئەوە ژیانە لـە تـاوان و خراپەکاریـدا و بـە ئەنـدازەی کارەکە دەرەنجامەکەی قورس و سەلبی دەبێت.

خۆ ئەگەر گەنجێك(کچ بێت یا کوڕ)  هێشتا لە سەرەتای لاوێتیدایە و بەتەواوی نەگەیشتووەتە ئاستی ئەوەی نزیك بێت پرۆسەی هاوسەرگیریی ئەنجام بدا، بگرە هێشتاش ناکرێ متمانەی ئەوەی بەخۆی هەبێت کە ئایا دەتوانێ بەردەوامی بدات بەو خۆشەویستییەی کە بنیاتی ناوە و ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە پاش بینینی هەندێ دەم و چاوی تر خۆشەویستییەکەی بگوازێتەوە یاخود بڵێن ئەوەی هەیە زیاتر غەریزە و حەزە وەك لە خۆشەویستی و دەکرێ حەزەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا بێت،  ئەم جۆرە لە خۆشەویستی شوێن کەوتنی حەزە کاتییەکانە وەك لە ئەوین وەك هەستێکی مەعنەوی و دەکرێ دەرەنجامی زۆرخراپی لێ بکەوێتەوە و کە زۆرجار کچەکە قوربانیی یەکەمە وکوڕیش وەك بەرزەکی بانان خۆی دەرباز دەکات... هەر بۆیە بەدواداچونی ئارەزوو مەندانەی ئەوەی ناویان ناوە خۆشەویستی  و دروستکردنی پەیوەندی  بۆ ئەو لاوانەی لە ئاستی ئەو قۆناغەدا نین دیاردەیەکی ناتەندروستە و زۆرجار حەرامی شەرعی و کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە جگە لە ئازاری دەرونی و سەرقاڵ بونی فیکر و شکستی دیراسی و خوێندن.

**پ/ ئەی خۆشەویستی تەندروست چیە کە گەنجان بیگرنە بەر؟**

ئەوەیە ئارام بگرن تا کاتی پرۆسەی هاوسەرگیرییان دێتە پێشەوە و نزیك دەبێتەوە و بواریان بۆ دەڕەخسێ خۆ ئەگەر پێش ئەوەش هەستێکی ڕاستەقینەی پاکیان بەرامبەر بە یەك بۆ دروستبوو، وەپاش دیراسە و خوێندنەوەی هەموو ڕەهەندەکانی یەکتر لە باریی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سازان ئەوا دەکرێ دەکرێت بەنیازی یەك بن و لە بیری هاوسەرگیریدا بن بە مەرجێ سنورە قەدەغەکراوەکان نەشکێنن ئەگینا ئەبێت بەپێی دەرەنجامەکان باشی و خراپی و دروستی و نادروستییان بزانین.

**پ/ ڕۆژ بەڕۆژ دیاردەی خۆکوشتن و خۆسوتاندن (بەتایبەت لەناو گەنجان) لەزیادبووندایە ، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنیەوە ؟**

لە ڕاستیدا دیاردەی خۆکوشتن دیاردەیەکی خراپ و ئازاردەر و جێی داخە، بریتیە لەو هەوڵە خۆ ویستیەیەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات بۆ کۆتایی هێنان بەژیانی کە خوای گەورە پێی بەخشییوە ، دیارە هۆکار و پاڵنەرەکانی زۆرن و ئەکرێ لای ئەو لاوانەی پەنای بۆ دەبەن بەرەنجامی ئەو لادانە سلوکی و قەیران و نائومێدی و ڕەشبینی و شکست و کێشەو گرفتانانە بن پێوەی دەناڵێنن و کەسانێ یان دەزگایەك نابیننەوە پەنای بۆ ببەن و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات، بەوپێیەی ئەو کەسانە پێویستییان بە هاوکاریی ئەوانی نیترە... سەرەڕای ئەوەی بەکار هێنانی مادە سڕکەر و بێ هۆشکەرەکان و تلیاك هۆکاری ترن بۆ زیادبونی ئەو دیاردەیە ، لە لایەکی ترەوە بێ سەرپەرشتی و لاوازیی هەستی ئایینی ئەو دۆخە ئاسانتر دەکەن لەو تاکانەدا، هەندێ جار بلاوکردنەوەی نابەرپرسانە و مامەڵەکردنی نەگونجاو ی ڕاگەیاندنەکانیش بۆ ئەو جۆرە هەواڵانە ڕۆڵی خراپ دەگێڕن و دەبنە هۆکارێکی هاندەری تر.

**پ/ چارەسەری ئەو دیاردەیە لەکوێوە دەبینی؟**

لەڕاستیدا دەبێت ئەوە ڕون و ئاشکرا بێت کە ژیانمان ئەمانەت و سپاردەیە و لەڕوانگە ئیسلامییەکەوە مافی خۆکوشتنمان نییە، هەر بۆیە خۆکوشتن بەتاوانێکی گەورە دێتە ئەژمار و کەسی خۆکوژ تا بەرپابونی قیامەت ئەوخۆکوشتنەی بەسەردا دوبارە دەبێتەوە لە ژیانی بەرزەخییدا، بۆ چارەسەر کردنیش دەبێت رێ و شوێنی گونجاوو لەبار بگیرێتەبەر، لەوانە: بەهێزبونی هەستی ئایینی و بڕەودان بەچارەسەریی دەرونی لەڕێگەی پزیشکی دەرونی و دام و دەزگای تایبەت و بەدواداچونی ئەو کەسانەی

بواریی دەرونییان لەبار نییە و مەترسی خۆکوشتنیان لێ دەکرێ و هەموو ئەو هۆکارانەشیان لەبەردەستا نەبێت کە دەکرێ بەکاری بهێنن بۆ خۆکوشتن.

لەهەمان کاتدا پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن بەشێوەیەك ئەو هەوالآنە بگوازنەوە کە ناوەخنەکەی بریتی نەبێت لەگەورە کردن و بەپاڵەوان نیشاندانی کەسانی خۆکوژ..تاوەکو وەکو شتێکی ئاسایی نەخوێنرێتەوە و بەسوك نەبینرێت.

**پ/ ئاڵوودەبوونی گەنجان بە ماددە هۆشبەرەکان و دیاردە سێکسییەکان چۆن دەبینی لەناو کۆمەڵگا؟**

دیارە پرسیارەکەی بەڕێزت دوو بەشە و ئاماژەی تیایە بۆ دوو دیاردە و ڕەفتاری سەربەخۆ کە هەردوکیان سەرچاوەی چەندین گرفت و کێشەن و دەیان نەخۆشی جەستەیی و دەرونی و کۆمەلأیەتی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەت بۆ لاوان و گەنجانی کۆمەڵگەی ئێمە کە ئەم دیاردانە تاڕادەیەك تازەیە و پێشتر بەو شێوەیە و لەو ئاستەدا نەبووە و ئێستاش بەهۆی بێ سەرووبەری و بێ خەمی و نەبونی پرۆژە و نەخشە و پرۆگرامی پێویست کە لە ئاستی ئەم قۆناغە و ئەم کێشانەدا بێ گرفتەکانی ئەم دوو بوارە و دەرهاوێشتەکانی گەورەتر دەبن و کاریگەرییەکانی زیاتر دەبن لەسەر لاوان .

تا دێ ئەم دوو دیاردە و دەرهاویشتەکانی زۆرتردەبن و کاریگەرییە خراپەکانی زیاتر ڕەنگ دەدەنەوە لەنێو گەنجان و کۆمەڵگەدا، زیادبونی تاوان و دەست درێژی و دزی و نائومێدی و پارە بەفیڕۆدان و نەخۆشی سێکسی جۆراوجۆر و نا ئارامی و شلەژان و چەندینی تر بەرەنجامی ئەو دوو دیاردە ترسناکانەن

**پ/ پێت وایە کێ بەرپرسیارە لە ئالودە بونی گەنجان بەو مادەو دیاردانەوە(خودی گەنج ، خێزان ، دەسەلآت ..)**

لە ڕاستیدا بەرپرسیارێتییەکان دابەش دەبن بەسەر چەندین دام و دەزگا و کیانی کۆمەلآیەتی و سیاسی و مەدەنی، تاوەکو ئێستەش خێزان گەورەترین رۆڵی هەیە لەوەی گەنجان بە بارێکی تەندروستدا تێپەڕن ، ئەگەر هاتوو لە قۆناغی منالّیدا کاریگەریی باش و ئیجابییان لەسەر دروستکرابوو، بە پەروەردەیەکی تەندروست و هاوسەنگ گۆش کرابون.

هۆشیاریی گەنج خۆیی و ئەو هۆگرییەی هەیەتی لەگەڵ دەورو پشتی دا ، لەگەڵ هاوڕێ و هاوشانانی خۆی، لەگەڵ دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان بە ئیجابیی و سەلبیی کاریگەریی خۆی دەبێت و پێویستە گەنجەکانمان بەرنامەڕێژی بۆ ژیان و چالاکییە جۆربەجۆرەکانیان بکەن تاوەکو لەبەرژەوەندی خۆیان و داهاتوویان بشکێتەوە و کاتەکانیان بەشێوەیەکی بەرپرسانە ببەنە سەر.

دیارە دەسەلآتی پشکی هەرە گەورەی بەردەکەوێ، بەو پێیەی لانی کەم بەرپرسە لە ئاسایشی نیشتمانی کە تلیاك و مادە بێهۆشکەرەکان هەڕەشەیەکی ترسناکن لەو بارەیەوە، وە بەو پێیەی هەنگاوی پێویستی نەناوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم دیاردانە، بگرە زۆرجار دزەکردنی ئەو مادانە پیاوانی دەسەلآتی لەپشت بووە، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، کەنالّەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت بەشێك لەوانەی حیزبەکانی دەسەلآت لە پشتیانەوەیە رۆڵی سەلبییان بینیوە لە وروژاندنی باریی سێکسی لاوان بەچەندین شێوەو شێوازی جیاواز، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییش هەرچەندە بە زۆری چالاك نین ، ئەوانیش بەرپرسیارێتیان لەسەر شانە، هەرچەندە هەندێکیان بەئاراستەی پێچەوانە کاریان لەم بارەیەوە کردووە، پێم باشە و پێشنیار

دەکەم و( پێشتریش کردومە) بۆ ئەم دوو مەبەستەش گروپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت دابمەزرێت کە کار بۆ خزمەتی لاوان و کۆمەڵگە بکات.

**پ/ ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکانی نێوەخۆی کوردستان چۆن دەبینی لەو دیاردانە بە چارەسەر یان هۆکارێك بۆ زیادبوونی دیاردەکان؟**

ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان دەبێ پۆلێن بکرێ ، ئەوەی من تێبینیم کردووە گەر بەگشتیی وەریگرین ڕۆڵێکی سەلبی و خراپ بووە، هەندێ جار گەر خراپیش نەبوبێ کەمتەرخەم و نەزان بووە، کە ئەمەش هەر خراپە ، هەندێکیشیان رۆڵی ئیجابییان گێڕاوە و هەموو ئەمانەش لای زۆربەمان روونە.

**پ/ پێت وانیە هەموو ئەودیاردانەی گەنج بەرەو هەڵدێر دەبەن ، لەگەڕانەوەیان بۆ ئیلتیزامیەکانی ئیسلام چارەسەر هەیەو کێشەکان بنبڕ دەکرێن؟**

بێگومان وایە، پابەندبونیش بە ئیسلام و ڕێنماییە ئیسلامیەکان و بەها رەوشتییەکان باشترین پارێزەرە بۆ ئەوەی لاوو گەنجەکانمان بەرگەی ئەو رەفتارە خراپ و دیاردە نەشیاوو شالاوە جۆراوجۆرانە بگرن و خۆیان بپارێزن لە زۆر دەرد و نەخۆشی ئەخلاقیی و کۆمەلایەتی کە بەشێکی پەیوەستە بە حەز و غەریزەکانی مرۆڤ و خواستە جۆراو جۆرەکانیەوە و پێویستە رێکخرێن و بەشێکیشی بەرەنجامی پەرەسەندنە جۆراوجۆرەکانی سەردەمەو پێویستە لە زۆر رەهەند و لە زۆر رێگاوە و بەزۆر شێواز چارەسەریان کەین و لەمانەشدا بەرپرسیارێتییەکان دابەش دەبن،پابەندبونی ئاینیانەش باشترین چاودێر و زۆرترین گرەنتی و چاکترین رێگەیە بۆ پاراستنی لاوەکانمان بەو پێیەی لە ناخ و قەناعەت و باوەڕی مرۆڤەوە هەڵ دەقولێ .

# گومان لە ئیسلام و بڕیاری پێشوەخت

ئەوانەی لە بناغەدا بڕیاری پێشوەختی خراپیان لەبارەی ئیسلامەوە هەیە و بە بۆچونی ئەوان ئیسلام پەیامی خوا نییە یان لەو جۆرە کەسانەن باوەڕیان بەبونی خوا و وەحیی و پەیامبەرێتی و ڕۆژی دووایی نییە ناکرێت لە بابەتە جوزئی و لاوەکییەکاندا گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و باس و خواس و تەوەرەی لاوەکییان لەگەڵدا بووروژێنین مەگەر تەنها بۆ ڕەواندنەوەی هەندێ گومان و ڕوونکردنەوەی بۆ کەسانی تر، لەبەر ئەوەی زۆربەی جار ئەوانە گرفتییان لەگەڵ بابەتە سەرەکییەکاندا هەیە و بەگومانن یان هەر باوەڕیان پێی نییە، ئەوانە دەبێت بونی خوا و وەحیی و پەیامبەرێتی و دوارۆژ و بابەتەسەرەکییەکانی تریان لەگەڵدا یەکلا بکرێتەوە و بگەنە قەناعەت تیایاندا، ئەگینا بەرهەمێکی نابێت و گفتوگۆ و قسەکردنەکانیشمان بێ سەرەنجام دەبن... ئەگەر لەو بابەتە سەرەکییانەدا نەگەنە ئەنجام ئەوا بێگومان ئەوا بابەت و باسەکانی تر سەدجار جێگەی گومانە...

بۆ نمونە تۆ دەیان دەقی ئاشکرای قورئان و فەرمودەی سەحیحی بۆ دەهێنیتەوە سەبارەت بە مافی ئافرەت و ڕێزی ئافرەت کەچی ئەو بەدوای

دەقـی ئایـەت یـا فەرمودەیەكـدا دەگـەڕێ كـە بشـێ بـۆ ئـەوەی بتـوانێ بیسەلمێنێ كە ئیسلام مـاف ئـافرەتی نـەداوە و ڕێـزی نـەگرتووە ئەگـەر بـە تـەئویل كـردنیش بێـت یـان پـەنا بـردن بێـت بـۆ لێكدانەوەیـەكی هەڵـە یـان فەرمودەیەكی لاواز یان سەحیحێكی فره واتا...كەچی هیچ ئاورێك لـەوانی تـر ناداتەوە چونكە لە بەرژەوەندی بۆچونەكەی ئـەو نییـە و بڕیـاری پێشـوەخت یان گومانی لە باوەڕ و بۆچونە بنچینییەكاندا هەیە... تـۆ كـە باسـی میراتـی پیاو و ئافرەت(تەواوتر بڵێین كچ و كوڕ) بۆ دەكەی ئەو بـە سـتەمی دەبـینێ، لـە كاتێكـدا ئـەو حوكمـە ئیسـلامییە بـۆ كۆمەڵگەیـەكی ئیسـلامییە كـە كـچ بەرپرسیار نییە لەزۆر ئـەرك و داخـوازیی كەچـی ئـەو هـەر بـە ڕیەكـەی خـۆی دەپێـوێ و چـەندەها نمونـەی تـر... هـەر بۆیـە بـەلای منـەوە زۆر گـرنگ و پێویسـتە تـا دەكرێـت قسـە و بـاس و گفتوگـۆ لەگـەڵ ئـەو جـۆرە كەسـانەدا لەبابـەتی لاوەكییـەوە بگواسـترێتەوە بـۆ بابەتـە بنچـینەییەكان و پرسـیارە نەمرەكانی وەكو من كێم و لەكوێوە هاتووم و بۆ كوێ دەچم و ئەرك و پەیامم چییە لەم گەردوونەدا، ئەی ئەم گەردونە پڕ لەنەخش و نیگـارە خـۆی چیـە و ئەو هەموو وردەكاریی و زانست و هاوسەنگییەی تێیدایە لە كوێـوە هـاتووە، سـەرنج دان و زانـین و تێڕامانیـان زۆرجـار مـرۆڤ سەرسـام دەكـا و واقـی وڕدەمێنێ لە ئاستیاندا... گەرانەوە بۆ پرسیارە سـەرەكی و نـەمرەكان جگـە لەوەی كارێكی دروستە لەهەمان كاتدا كلیلی كردنەوەی زۆر گرفت و كێشـەی تـرە كـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی دارە بـە ژیـانی مرۆڤـەوە لـە چـەند ئاسـتی جیاجیادا.

# کاری بانگخوازی ...؟!

پاش ئەوەی مرۆڤ بە قەناعەتەوە ئیمان لە ناخیدا دادەمەزرێت، وەك دەرەنجام و خواستی ناخی خۆی دەگاتە ئەو باوەڕەی پێویستە کار بۆ ئەو قەناعەتەی بکات و جەماوەر و پشتیوانی بۆ دروست بکات ، لێرەدا پرۆسەی بانگخوازی دێتە پێشەوە و ئەو کەسەش وادەبینێ سەرقاڵی باشترین گوتارو گوتراوە و بەوەش باشترین کار ئەنجام دەدا، کە دەکرێ شێوە و شێوازی جۆراوجۆری هەبێت و لە ژێر سایەی ئایەتی (وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ) فصلت: ٣٣، جێگەی ببێتەوە...

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە بینینی دیاردەیەکی نەرێنی و نێگەتیفە کە جارجارە دەیبینین ئەویش بریتیە لەوەی هەندێ کەس کاتێك لە پێگە و پۆستێکدایە و کارەکەی ئەوەی لێ دەخوازێ وەك بانگخواز وئامۆژگاریکارێك خۆی بەدەربخا، خۆی لە خەڵکی دەکاتە وەلی زەمانە و هەمیشە باس و خواسی خەمخۆری و لێبڕان و بۆ خواژیان لەسەر زارێتی و جاری وەهاش هەیە کەسانێکی تریش ئیحراج دەکات بە هەندێ کار و گوفتاری، بەڵام هەر لەگەڵ گۆڕانکاری لە کار و پۆستەکەیدا کرا یا لە دەستی دا یا چووە ئاستێکیتری کارەوە کە شێوازێکی تری هەبوو، ئەوا دەبێتە کەسێکی تر و وەك ئەوەی نە بای دیبێ و نە باران... بەهیچ شێوەیەك توخنی ئەو جۆرە باس و خواسانە ناکەوێ و وەك ئەوەی کارێکی کەم بایەخ و سوك و بچوك بێت!!

ئایا بەراستی کاری بانگخوازیی تەنها یەك شێوە و شێوازی هەیە؟ ئەی ناکرێ بەبێ پۆست و ناونیشان بکرێ!! ئایا لە چ فەرهەنگێکی ئیسلامیدا هەیە گەر لە پۆستێکی دیار و رەسمیدا نەبویت دەبێت کاری

بـانگخوازی نـەکرێت؟! یـاخود ناکرێـت کەسـە ئیـداری و سیاسـییەکانمان بـانگخواز بـن؟ ئایـا خـەمخۆری بـۆ خـەڵکی و کارئاسـانی و یارمـەتی دانیـان بەشێك نیە لە کاری خـوا ویسـتی و بـانگخوازی؟ گـەر خەنـدەی سـەرلێوان و لابردنـی شـتێکی سـادەی سـەر ڕێگـە خێـر و سـەدەقە بێـت بۆچـی ناکرێـت خەمخۆری هەموان و خەمی هاوڵاتیـان و ڕێگـری لـە گەنـدەڵی ونـا کـردن بـۆ ستەمکاریی کاری چاکە و بانگخوازیی نەبێت!! ئەی ئەوە بانگخوازی نیـە لـە کارو باری گشتی و سیاسیدا!!

ئەو دۆخـەی هەنـدێ کـەس تێـی دەکـەون (بەتایبـەت کەسـانی نێـو تەوژم و بزاڤە ئیسلامیەکان) بەوەی تەنها لە پلە و پایە و پێگەیەکـدا خۆیـان بە بەرپرس دەزانن و دواتر کەمتەرخەم دەبن و پشت هەڵ دەکـەن و بـێ نـرخ سەیری هەندێ هـەوڵی بـانگخوازی دەکـەن لـە قورئـان فێرکردنێکـەوە تاهـەر کارێکی تر کە لەنێو کاری چاکەخوازی و بانگخوازیدا جێـی دەبێتـەوە، خـۆی لەخۆیـدا نەخۆشـیەکی ئـەو بوارەیـە و پێویسـتی بەدواداچـون و توێژینـەوە هەیە... ئایا هۆکارەکەی گۆڕانی ناخی کەسەکانە یاخود بێزاربونە لـە هەنـدێ شێوە و شێوازی کـارکردنی تەقلیـدی کـەم بەرهـەم؟ ئـەی ئـەبێ باشـتر چـی بێت؟ خۆ ئەگەر کەسێك خۆیشی دەرفەتی کارێکی لەو شێوەیەی نەبێت ئـەی ناکرێ بەشێوە و شێوازی دی هاوکاری بکا و پاڵپشتی دەربڕێ؟! خـۆ ئەگـەر هەر هیچ نەکات ئەوا دەبێت لە ڕوانگەیەکی ترەوە باس و خواس و گفتوگـۆی لەسەر بکرێت و خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت!!

ئەم چەند دێڕەش ئاراسـتەی کەسـانێك دەکرێـت لـە بازنـەی کـاری ئیسلامیدان و بە قەناعەتەوە بڕیاری چالاکی بانگخوازیـان داوە و کارکردنیـان لەم بازنەیەدا بە ئەجرو پاداشت بینیوە ... ئەگینا بـۆ هـەر پێگـە و شـوێنێك گوتاری تایبەت بەخۆی هەیە"**لكل مقام مقال**".

# بانگەواز لە شێوەو شێوازی جۆراوجۆردا

زۆرجار تێڕوانینمان بۆ کاری بانگخوازی زۆرسنوردار و بەرتەسکە و لە چەند شێوازێکی باوو تەقلیدیدا قەتیسی دەکەین، لەکاتێکدا ئەو بوارە زۆرفراوانە و گۆڕەپانی کارکردن تیایدا یەکجار بەرینە بەتایبەت لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا... ئەمرۆ بانگەواز تەنها بریتی نییە لە وتاردان و کۆڕگرتن هەرچەندە گرنگییەکی یەکجار زۆریان هەیە... ئەمرۆ زۆر بواری کۆمەڵایەتی هەیە گرنگی پێدانی لە کرۆکی بانگەوازەو ئاتاجی چەندین ڕێکخراوو گروپی جۆراوجۆرە... لەمرۆدا پێویستە لاوو گەنجە خەمخۆرەکانمان برەو بدەن بەدروستکردنی ڕێکخراو و کۆمەڵە بۆ ڕێگریی لە تلیاك و مادەهۆشبەرو سڕکەرەکان، بۆ دژایەتی جگەرە و بۆ برەو دان بەبەها جوانەئیسلامییەکان بەچەندین ناوو ناونیشانی جۆراوجۆرەوە... هەموو ئەوانەش وەکو ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی ئیسلامی و بانگخوازیی بۆی بڕوانن چونکە هەموو ئەمانە وەگەڕخستن و پیادەکردنی دەقەکانی قورئان و سوننەتە یان لە مەبەستەکانێتی... ئەمرۆ زۆر ئاتاجی سەدان گروپی فەیس بوکین کە چالاکانە کاروباریی دەعەوی و فیکریی ڕاپەڕێنن و سەنگەریی بەها و ڕەوشت

له کۆمه‌ڵگه‌دا پته‌و بکـه‌ن... زۆرپێویستمان بـه‌و که‌سانه‌یه ببنـه پسپۆڕ لـه بوارێك له‌بواره‌گرنگه‌کانی زانسته جۆراوجۆره‌کان و له‌و ڕێگه‌یه‌وه خزمـه‌ت بـه فیکـرو بـیر و بانگـه‌وازی ئیسـلامی بکـه‌ن، ئه‌مـه جگـه لـه‌وه‌ی بـه‌و کاره‌یـان له‌هه‌مان کاتدا خزمه‌تی خه‌ڵك ده‌که‌ن... وه‌لاَم دانه‌وه‌ی ئه‌و گومانانه‌ی ئه‌مڕۆ ده‌وروژێن دژ به‌ئیسلام ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر بناغه‌یـه‌کی زانسـتی و تۆکمـه بێـت نـه‌ك تـه‌نها سـۆزو عاتیفـه بـه‌ره‌نجامی زۆر گـه‌وره‌ی ده‌بێـت و پێگـه‌ی بانگـه‌وازی ئیسلامی زۆر به‌هێزتر ده‌کات... دامه‌زراندنی ده‌زگای بانگخوازی و پشـتگیری کردنــی بــانگخوازان و چــاپ کردنــی به‌رهه‌مــه‌کانیان و زیــادکردنی کــه‌ناڵی جۆراوجـۆری ڕاگه‌یانـدنی له‌لایـه‌ن که‌سـانی ده‌وڵه‌مه‌نـد و خـاوه‌ن سـامانه‌وه که‌ناڵێکی تری بانگه‌وازه و ده‌کرێ خاوه‌ن توانا مادییـه‌کان بیکه‌نـه ده‌رفـه‌تی خزمه‌تی ده‌عوه و زیادکردنی توێشوی دواڕۆژیان...

دیــاره شــێوه و شــێواز و بــواری زۆر هه‌یــه ده‌کــرێ و ده‌تــوانرێ هه‌رکه‌سه به‌پێی توانا و ئاستی خۆی خزمه‌تی بانگه‌وازی ئیسلامی پـێ بکـات و توێشوو بۆ دواڕۆژی خۆی کۆکاتـه‌وه‌و نـاوی خـۆی لـه مێـژووی بانگـه‌وازدا تۆمارکات ... **"وَمَا تُقَدِّمُواْ لأَنفُسِكُم مِّنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِندَ اللّهِ إِنَّ اللّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ" المزمل: ٢٠**

# ئاسانكارى نەك كەمتەرخەمى

ئاسانكاريى(التيسير) تايبەتمەندييەكى ئيسلامە و داهێنراوى زانا يا شەرعزانێك نييە، چەندين دەقى ئايەتى وەكو"يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر """ وما جعل عليكم في الدين من حرج """يريد الله أن يخفف عنكم " دەيسەلمێنێ و دەيان فەرمودەى وەكو "بعثت بالحنيفية السمحة" "إن أحب الدين إلى الله الحنيفية السمحة" "يسروا ولا تعسروا"""إن هذا الدين يسر"""ما خير رسول الله بين أمرين إلا اختار أيسرهما مالم يكن إثماً""" إن الله يحب أن تؤتى رخصه كما تؤتى عزائمه" ئەم تايبەتمەندييەمان بۆ دەخاتە روو، بەهەمان شێوە چەندين بنەما و رێساى فيقهيمان هەيە لەو بارەيەوە هاوشێوەى"المشقة تجلب التيسير".

هەر لەم روانگەيەشەوەيە ئيسلام لە زۆر بوارى وەكو سەفەر و نەخۆشى و زۆرلێكردن و بيرچون و نەزانى و هتد دا ئاسانكارى نواندووە و زۆرجاريش وەرگرتنى روخسەتە شەرعييەكان دەبنە مەبەستێكى شەرعى و كارێكى خۆشەويست لاى خواى گەورە.

بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا زۆرجار و لاى هەندێ كەس گوێ نەدان و كەمتەرخەمى دەبێتە بريتى ئاسانكاريى ، بگرە هەندێ جار بانگخواز و پەروەرشيارو موفتييەكانيش ئەم تێكەلّيە ئەنجام دەدەن ...

ديارە ئاسانكاريى لە ئيسلامدا زەوابتى خۆى هەيە و شتێك نييە لەسەر حەزەكان وەستا بێت، لە ئاسانكاريدا دەبێت بەلّگەيەك ياهۆيەكى

پاساودراو یا ناچارییەك یان موباح بون له ئارادا بێت، نابێت تەنها لەبەر شوێنکەوتنی حەز و ئارەزووەکان بێت" **أفرأيت من اتخذ إلهه هواه** "

تەنانەت وتراوە ئەگەر کەسێك بەردەوام شوێنی روخسەتی زانایان(یان هەڵەکانیان) بکەوێت ئەوا بەرەو بێ دینی دەچێت یان کۆکاری هەموو خراپەکارییەکانە.

هەر بۆیە ئەگەر کەسێك بە تەواوی دەیەوێت دینداری راستەقینە بێت دەبێت شوێنی حەقیقەتی ئاین و رێنمایی و بەڵگە روون و ئاشکراکانی بکەوێت نەك بەردەوام بەبێ پاسا وو بەڵگەی بەهێز بەدوای ئەوەدا بگەڕێ فلاَن زانا فلاَن شتی بەدروست داناوە و ئەوی تر فلاَن شتی بەحەلاَڵ وەسف کردووە و ئەمیش لەبەر حەزەکانی خۆی ئەنجامیان بدا و ئەو قسانەش تەنها بۆ پاساو بهێنێتەوە... ئەگەر وا بکەین ئەوە لە هەڵەداین و بەم کارەش هەڵەیەکی تر دەکەین ئەویش شوێنکەوتنی حەزەکانە نەك شەرع و بەڵگەکان... بۆیە باشترە مرۆۋ گوناهەکانی وەها ئەنجام بدا کە بە خراپەك هەستاوە و داوای لێخۆشبون له خوا بکا نەك پاساوی لاواز و بێ بەڵگەی بۆ ببینێتەوە و بەناوی ئاسانکاریی ئایینیەوە هەموو خراپە و هەڵەکارییەکانی خۆی پەردە پۆش کا.

زاناکانیشمان گەر هەڵەیان کرد ئەوا عوزریان بۆ دەهێنرێتەوە و رێز و پایەیان رەچاو دەکرێت ، بەلاَم بە هیچ شێوەیەك فتوا هەڵەکانیان ناکرێتە سەر مەشق و نابێت شوێنیان بکەوین . هەر کەسەش لای خۆیەوە ولەناخی خۆیدا خراپەکاری و کەمتەرخەمیەکانی دەناسێتەوە و پێویست ناکا پاساویان بۆ بهێنێتەوە و کالاَی ئاسانکاریی بکات بەبالاَی کەمتەرخەمیدا.

# بیرمەند کێیە؟

## سەرنجێکی خێرا سەبارەت بەچەند زاراوەیەك

و: فاتیح سەنگاوی

بەو پێیەی سەبارەت بە دروست بوونی بیرمەند دەدوێین، هەربۆیە دەبێ سەرەتا پێناسەیەکی بکەین، لە ڕاستیشدا ئێمە چەندین زاراوەمان هەیە کە لە ژیانی بانگخوازی و زانستیماندا بەکاری دەهێنین و دەیکەینە کاڵای باڵای کەسانێك کە لە بوار و کێڵگە مەعریفی و چاکسازی و داهێنان کارییەکاندا کار دەکەن، گرنگترین ئەو زاراوانەش بریتین لە: زانا (العالم) و چاکساز (المصلح) و بانگخواز (الداعیة) و شارەزا و پسپۆڕ (المتخصص) و ڕۆشنبیر (المثقف) و فەیلەسوف، دەبێ سەرەتا ئەوەش بڵێم ئاسان نیە جیاوازیەکی ڕوون و ئاشکرا لە نێوان واتا و مەدلولی ئەم ووشانەدا بکەین، ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: بریتیە لەوەی کە ژیری(العقل) بە سروشتی خۆی ئامادە نەکراوە بەهەمان ئەو توانایەی هەڵس و کەوت لەگەڵ چەندێتی(الکم) و ژمارە(الرقم) دەکات بتوانێ بەو شێوەیە هەڵس و کەوت لەگەڵ سیفەتەکان (الصفات) دا بکات.

دووەم: تەواوی ئەو زاراوانەی ئاماژەمان پێیدا کاڵای باڵای ئەو کەسانەیە کە لە بواری زانست و مەعریفەدا کاردەکەن و ئەو بیرو چەمك و زاراوانە بەکاردەهێنن کە پەیوەندی دارە بە ژیار و چاکسازیەوە و جۆرێك لە ڕەخنەکردنی واقع پیادە دەکەن، هەر بۆیە دەست نیشانکردن و دیاری کردنی پێناسە و وەسفەکانیان بە شێوازێکی ورد کارێکی نەکراوو گرانە، خۆ

ئەگەر زۆر سوور بین لەسەر پێناسەیەکی ورد و قسە بڕ، ئەوە لەوانەیە بە زۆری زۆرداری پێناسەیەکیان بەسەردا دابڕین کە تەواوو پڕاو پڕ نەبن.
پێش ئەوەی بە دوور و درێژی قسە لەسەر واتا و مەدلولی بیرمەند بکەم، پێم باشە ئاماژەیەکی خێرا بە هەریەك لەو نازناوانە بدەم:

١_ پسپۆڕ و شارەزا (المتخصص):

ئەو زانست خوازەیە ئەندازەیەك تەمەنی لە توێژینەوەیەکی تایبەتمەندی پسپۆڕییە زانستیەکاندا بەسەر بردووە، هەر بۆیە لەمڕۆدا دەڵێین: فڵان کەس پسپۆڕە لە مێژوودا و فڵان کەس پسپۆڕە لە کیمیادا و فڵانی تر پسپۆڕە لە کارگێڕی و کاردا...

٢_ زانا (العالم):

ئەو کەسەیە لە یەکێك لە پسپۆڕیەکاندا هەڵکەوتووە و داهێنانی ئەنجام داوە و هاوڕێ و هاوشانەکانی تێپەڕاندووە یاخود هاوشانی کەسە تواناداەرەکانی بوارەکەیەتی، سەردەمانێك ووشەی زانا لە زۆربەی ناوەندەکاندا بەو کەسانە دەوترا کە لە زانستە شەرعیەکاندا بە توانا بوون، چونکە پێش سەردەمی (ڕێنسانس)ی نوێ ئەوان زۆرینەی هەرە زۆری رۆشنبیرانی میللەتانی موسڵمانیان پێك دەهێنا، بەڵام ئەمڕۆ بە زۆری دەڵێین: فڵان کەس زانایە لە شەریعەتدا و ئەویتر زانایە لە جوگرافیا و ئەویان لە فیزیا... کەواتە زانا لەمڕۆدا بریتیە لەو کەسەی مەلەزانێکی دیاری بوارەکەی خۆیەتی.

٣_ چاکساز (المصلح):

بریتیە لەو کەسەی خاوەنی چەندین دیدو بیرو بۆچوونی چاکسازییانەی خاوەن مۆرکی سیاسی یا ئەخلاقی یا کۆمەڵایەتیە، بە شێوەیەکی ئاسایی پاڵپشتە بەو ڕەسیدە عەقیدەیی و ڕۆشنبیریەی لە نێو

ئوممەتەکەی خۆیدا هەیە، هەر بۆیە هەموو ئەوانەی لە مێژووی ئیسلامیماندا ناومان ناون چاکساز (مصلح) بناغە و پێگەی کارکردنیان بریتی بووە لە بیروباوەڕی ئیسلامی و ڕێساو بنەما و چەمکە گەورە و گەردوونیەکانی... چاکساز خاوەن و هەڵگری چەندین بیرو بۆچوونە بەڵام بە زۆری بەرهەم هێنی بیر نیە، خاوەنی بیردۆزە مەعریفیەکان نیە، ئەو بەهۆی دید و تێڕوانینە ئیسلاحیەکانیەوە لە جوڵەیەکی نەپساوە و بەردەوامدایە لە زەمینە و زەمانی خۆیدا، بیروبۆچوونەکانی بەزۆری مۆرکێکی چارەسەرخوازانە و وە ئاگاهێنانەوە و ڕاپەڕاندنە، نەك مۆرکێکی بیردۆزەیی فەلسەفەیی.

٤_ بانگخواز (الداعية):

کەسێکە زانست و فیکری پێیە و خەمی چاکسازی لە کەڵکەڵەیدایە، کاری سەرەکی گەیاندن (تبليغ) و بیرخستنەوە و ڕێنمایی و هاندانی خەڵکە بۆ ڕێی چاکە خوازی، بە کەمی بەرهەمهێنی فیکرو چەمکەکانە، کەمجار هەڵدەسێ بە ئەنجامدانی باس و لێکۆڵینەوە، بەو پێەی خەمی سەرەکی ئەو بزاوتی ڕۆژانەیە لە نێو ڕیزەکانی جەماوەر و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا، بەو پێیەی هەموو موسوڵمانێك داوای لێکراوە بانگەشەی خێر و چاکە خوازی بکا و فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی (نەهی) لە خراپە بە ئەندازەی شارەزایی و بارودۆخی خۆی، هەر بۆیە کەسانێك دەبینین پسپۆڕی و بانگەواز و فیکرو بانگەواز پێکەوە گرێ دەدات، لەم ڕووەوەیە دەبینین چەندەها ئەندازیار و پزیشك و پسپۆڕی زانستە جیاوازەکان و کەسانێکی دیندار و جوامێر کە هیچ پسپۆڕیەکیان نیە... بە کاری زۆر گەورە هەڵدەسن کە خزمەتێکی زۆری بانگەوازی ئیسلامی دەکات و دەبنە ڕێ نیشاندەری ئوممەت لە گرتنە بەری ڕێگەی ڕاستدا.

بانگخواز (الداعية) له ڕووی ئیستیعاب کردنی گرفتەکانی ئوممەت و ئاسۆ فراوانی و بزاوتەوە لە خوار چاکساز(مصلح)ەوەیە، لە ڕووی شارەزایی ئاداب و حوکمە شەرعیەکانیشەوە لە خوار زانا (عالم)ەوەیە، ئەم بڕیارە بە زۆری وایە نەك بە گشتی و هەمەلایەنی.

٥_ رۆشنبیر، ڕووناکبیر (المثقف):

کەسێکە پسپۆڕیە سەرەکیەکەی خۆی تێپەڕاندووە و بازنەی گرنگی پێدانەکانی فراوان کردووە لەسەر ئاستی خوێندنەوە و ئاشنا بوون و کاریگەریشەوە، ڕۆشنبیر وتاری خۆی ئاراستەی توێژێکی فراوانی خەڵکی دەکات، لە هەمان کاتدا خاوەنی چەندین سەرنجی ڕەخنەیی و بەرهەمهێنی هەندێ بیرو بۆچوون و چەمکی وەهایە کە مۆرکێکی تەکنیکی و چارەسەر خوازی هەیە و پەیوەستە بە پەرەپێدانی واقیع و ئاییندە بینیەوە، ڕۆشنبیر پێچەوانەی بانگخوازو موسڵیحە وە بازنەی لێکخشاندن و پەیوەندی بە جەماوەرەوە فراوان ناکات، پێنوس و زمانی بریتین لەو پردەی لە ڕێیەوە دەگات بە عەقڵ و دڵی خەڵکی، لەوانەیە ئەم نازناوە زیاتر بەسەر ئەو کەسانەدا بچەسپێ کە دەکرێ ناویان ببەین بە (کەسایەتیە گشتی یەکان)ی چینی خوێندەوار، سەرەڕای ڕۆژنامەنوس و ئامادەکارانی بەرنامەکانی ئێزگە و تەلەفزیۆن و چیرۆك نوس و ڕۆمان نوسەکان و ئەوانەی پیادەی ڕەخنەی ئەدەبی دەکەن... بە سەرنج دان و ڕوانینی ئەو پێناسانەی زۆرێك لە نوسەرە هاوچەرخەکان بۆ (ڕۆشنبیر)یان کردووە دەبینین جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە (ڕۆشنبیری ڕاستەقینە) ئەو کەسەیە کە ڕۆڵێکی کۆڵنەدەرانەیان هەیە لە پشتیوانی حەق و ڕەواو ڕەخنە کردنی هەڵس و کەوتە کۆمەڵایەتی و کارگێڕیە هەڵەکان، سەرەڕای بوونی گیانی قوربانی دان بە زۆرێك لە

بەرژەوەندیەکانی لە پێناو ئاشکراکردنی بیرو بۆچوون و سەرنج و تێبینیەکانی، لەم بارەیەوە (نعوم چۆمسکی) دەڵێ: ((ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە لە بەرامبەر هێزدا هەڵگری حەقیقەتە))، ڕۆشنبیری وەهاش هەیە باس لە (ڕۆشنبیری وەهمی) دەکات، ئەوانەی لە گوتاریاندا سەرقاڵی پاسا و هێنانەوەو بەنج کردن و شێواندن و ساختەکارین.. ئاشکراشە هەروەك لە زۆر وتاردا دەیخوێنینەوە سکاڵایەکی زۆر سەخت هەیە لەو ڕۆشنبیرانەی پێنوس و نوسینەکانیان خستووەتە خزمەتی لایەنێك یا بەرژەوەندیە تایبەتەکانیانەوە و ئەرکی وتنی ڕەوا و گەمارۆدانی خراپەکاری و بەرگری کردن لە ستەم لێکراوان و پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانیان لە بیر چووەتەوە... ئەوەشم بۆ دەرکەوتووە ئەوانەی کە ناومان ناون (ڕۆشنبیر) زیاتر لە فەیلەسوف و بیرمەندەکان وابەستەی واقعن و ئاگاداری جەماوەرن، گوتار و وتارەکانیشیان زۆربەی جار ڕووبەڕووی هێز و ئاڕاستەکارەکانی گۆڕەپانەکە دەبێتەوە، هەربۆیە زۆربەیان ڕووبەڕووی مەیدانخوازی و کێبەرکێیەتی گەورەتر لە خۆیان دەبنەوە، هەندێ جاریش هەست دەکەن هەڕەشەی نان برینیان لەسەرە، ئەمەش بە بێ هۆشیاری و بێ ئەوەی هەست بکەن دەیانخزێنێتە نێو گوژم و تەوژمێکی ئارامەوە (لە پێناو پاراستنی نان و مانیان).

٦_ فەیلەسوف:

فەیلەسوف جیاوازیەکی ئاشکرای هەیە لەگەڵ زاناو بانگخوازو موسلیح دا، چونکە فەلسەفە_ ئەم ووشەیە ڕیشەکەی یۆنانیە _ و (خۆشویستنی دانایی و حیکمەت) دەگەیەنێ، لە هەمان کاتدا باس و

توێژینەوە فەلسەفیەکان لە زۆربەی کاتدا وەڵامگۆی پێداویستیەکانی عەقڵن، لە کاتێکدا زانست و داهێنانکاری وەڵامگۆی پێداویستیە جۆراو جۆرەکانی خەڵکین. زانا توێژینەوە ئەنجام دەدات، زۆر جار لە بەرەنجامی ئەو توێژینەوەیەوە بە کارێك هەڵدەسێت، بەڵام فەیلەسوف سەرقاڵی توێژینەوەی پێناسە و زاراوە و بەهاو ئامانجەکانە... زانا سەرقاڵی شتە جوزئیەکانە، ئەمەش لەبەرئەوەی زانست لە بناغەدا توێژینەوەی دۆزە جوزئیەکان و پاشان رێکخستنیانە بە پێی ڕێباز (منهجية)ێکی دیاریکراو، بەڵام فەیلەسوف توێژینەوە سەبارەت بە مەسەلە و دۆزە گشتیەکان دەکات و هەوڵ دەدات چەندین یاسا و ڕێسای بوون لەسەر ئاستی سروشتی مادی و کۆمەڵگەی مرۆیی بدۆزێتەوە. زانا هەوڵ دەدات لە کارەکەیدا ئەو چەمك و هزرانە بەکاربهێنێ کە جێ بەجێ دەبن، بەڵام فەیلەسوف هەڵ دەسێ بە دروستکردنی چەمکەکان و داهێنان و ڕەخنە کردن و گەشەپێدان و لە بێژەنگ دانیان. زانا هەوڵ دەدات چارەسەری ئەو گرفتە مەعریفی و زانستیانە بکات کە لە کارەکەیدا تووشی دەبێت و ڕێی تێی دەکەوێ، بەڵام فەیلەسوف هەوڵ دەدات لە ڕێی خستنە ڕووی پرسیارە گەورەکانەوە جەخت بکاتەوە لەسەر وروژاندنی زیاتری گرفتەکان و دۆزینەوەی زیاتری دژ یەکەکان لە ژیانی گشتی دا.

گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە هۆشیاری ئیسلامی لە مێژووی ئەم ئوممەتەدا هەر لە کاتێکی زووەوە فەلسەفەو فەیلەسوفەکانی فەرامۆش کردووە، بەهۆی ئەو بیرو بۆچوون و تەرحە فەلسەفیانەی زۆرێك لە فەیلەسوفە موسوڵمانەکان هەیان بووە و بەشێکی زۆریان یەکجار زۆر دوور بووە لە مەدلول و واتای دەقە شەرعیەکان و ئەو کۆت و بەند و ڕێسایانەی زانایانی عەقیدە و ئسولی فیقهـــ دایانناوە.

بەردەوام و تاوەکو ئەمڕۆش زۆرێك لە خەڵکی بە چاوی گومان و دوو دڵیەوە دەڕواننە ئەوانەی تیۆریزە دەکەن و سەرقاڵی فەلسەفەن لە ترسی ئەوەی نەوەکو بیرو هزر و چەمکانێك بڵاو بکەنەوە دژ و پێچەوانە بێت بە دید و بۆچوونی ئیسلامی سەبارەت بە ژیان و زیندەوەران (الأحياء)...

ئەو قسانەی کە باسم کردن سەبارەت بە پۆلێنی ئەوانەی سەرقاڵی زانست و ڕووناکبیری و ڕێنمایی و دروستکردنی چەمکەکان (صناعه المفاهيم)، هەموویان قسەی ئیجتیهادین، لەوانەیە هاوڕا یا جیاواز بن لە گەڵمدا، هیچ کەس ناتوانێ قسەی کۆتایی ڕ و یەکلا کەرەوەی لەم جۆرە مەسەلانەدا بکات.

پێش ئەوەی باس لە بیرمەند و بیرمەندی موسوڵمان بکەم پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە ئەگەر وەکو جەدەلیش وا دابنێین ئێمە ڕێککەوین لەسەر پێناسەی فەیلەسوف و ڕۆشنبیرو موسڵیح.... لەگەڵ ئەوەشدا ئالۆزییەکی زۆرمان هەر دەمێنێ، هەر ئەمەشە ئوسوڵیەکانمان ناویان ناوە (تحقيق المناگ)، واتە دەست نیشانکردنی ئەو کەسەی شایستەی نازناوی بیرمەند و زانا و ڕۆشنبیرە... ئەم ئالۆزی و ئیشکالە هیچ چارەسەرێکی نیە، چونکە ئەوانەی ئەم نازناوە دەبەخشن بە تەواوی لە پێوەرەکانیاندا جیاوازن و لە گۆشە نیگای جیاوازەوە بۆی دەڕوانن، هەر بۆیە زۆرجار تێبینی دەکەین کەسێك نازناوێك بۆ کەسێکی دیاری کراو بەکاردەهێنێ و کەسێکی تر زۆر بە توندی ئەوە ڕەت دەکاتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئاماژەم پێیدا.

٧_ بیرمەند:

خەڵك هەمووی بیر دەکاتەوە، بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو کەسەی بیرکردنەوەکەی بەکاردەهێنێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو

گرفتانەی ڕۆژانە تووشی دەبێت لە ژیان و کار و گوزەرانیدا، لەگەڵ ئەو دەستەیە (الصفوە)ی خەڵکی هەوڵ دەدەن چەند بناغەیەك دەستەبەر بکەن بۆ خوێندنەوەی ڕابردوو، سوود لێ بینینی، هەروەها هەوڵ دەدەن چەند ڕێسایەك دەستەبەر بکەن بۆ تێگەیشتن لە هەنوکە و دۆزینەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو هێزانەی کاریگەریان هەیە لەسەری ....

بە بیروڕای من بیرمەند پلە و پایەیەکی ڕۆشنبیری و عەقڵی وەهای هەیە کە لەسەرووی پلەوپایەی ڕۆشنبیر و خوار پلە و پایەی فەیلەسوفە، ئەم پۆلێن کردنە لەسەر  بناغەی سەرویەتی زەینی یاخود سوود گەیاندن بە خەڵکی یاخود گرنگی ئەو نیە لە کۆمەڵگادا، چونکە هەموو ئەو کاروبارانە ناگونجێ ببێتە بناغە بۆ ئەو پۆلێنەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بەڵکو وەستاوە لەسەر ئەندازەی ئەو خۆداڕنین(التجرید) و تیۆرواننین (التنظیر) و بەرز ڕاگری (التعالی)ەی ئەو سێ کۆمەڵە هەیانە لەگەڵ واقع دا، فەیلەسوف زۆر زیاتر لە بیرمەند قوڵ دەبێتەوە لە تەجرید و داهێنانی چەمکەکان و سەرقاڵ بوون بە دۆزو کێشە گەورەکانەوە، بیرمەندیش لەم ڕووە و هاوشێوەکانیەوە قوڵترە لە ڕۆشنبیر، لێرەوە دەتوانین بڵێین: هەموو فەیلەسوفێك بیرمەندە، بەڵام هەموو بیرمەندێك فەیلەسوف نیە، هەروەك هەموو بیرمەندێك رۆشنبیرە بەڵام هەموو ڕۆشنبیرێك بیرمەند نیە، سوریشم لەسەر ئەوەی کە جیاکردنەوەی هەموو ئەوانەی باسمان کردن جیاکردنەوەیەکی یەکلا کەرەوە نیە و ئاساییە و دەکرێ پێکداچوون و تێکەڵی لە نێوانیاندا ڕووبدات.

بیرمەند لە نێوان دروستکردنی چەمکەکان و بنگرتنی دیدەکان (بلورە الرؤی) و پاڵفتەکردن و وەرگرتنی پەند (استخلاص العبر) و دۆزینەوەی یاساکان (کشف السنن) ... و چاکسازیکردنی واقع و دەست نیشانکردنی ئەو قەیرانانەی خەڵکی بە دەستیەوە دەناڵێنێ دێ و دەچێ، ئەو

به بەردەوام هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان بەرهەمە فیکری و مەعریفیەکانی لەگەڵ واقعدا پەیوەندیەکی جەدەلی هەبێت، بەو واتایەی فیکری دەخاتە کار بۆ دەست نیشانکردنی گرفتە هەنوکەییەکانی، وە هەڵدەسێ بە ڕەخنەکردنی و هەوڵی دۆزینەوی چارەسەر بۆی، تێڕوانینی بۆ واقع و بڕیاردان لەسەری و بنەماکانی چارەسەرکردنی لەسەر بناغەی ئەو پێدراوانەی(المعطیات) بە سەریدا دێ دەگۆڕێ، لێرەوە بیرمەند لە فەیلەسوف دەچێ لەوەدا کە بەردەوام وێڵی دۆزینەوەی ڕێبازێکی دروستی بیرکردنەوەیە و لە بەرامبەر زۆربەی کاروبارەکاندا، ئەم هەستەش دەیکات بە کەسێکی خاکی و پاڵنەرێتی بۆ بەردەوام بوون لە توێژینەوەو ڕامان و فێربووندا بێت.

ئەم بارەش دەبێتە جیاکەرەوەیەکی گرنگ لە نێوان زانا و بیرمەندا، زانا لە زۆربەی هەڵوێست و لێکۆڵینەوەی بابەتەکاندا هەست بە دڵنیاییەکی زۆر دەکا، لەبەرئەوەی هەڵس و کەوتی لەگەڵ کاروبارە بەشی و جوزئیەکاندایە، بەردەوامیش کەسانێك دەبینێتەوە قسەی یەکلا کەرەوە لەو بابەتانەدا دەکەن، بەڵام بیرمەند بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە کاروبارە گشتیەکان و دۆزینەوەی ڕاستیەکان (حقائق) و مەودای فراوانی ڕەخنەگرتنی... خۆی دوور دەگرێ لە (بڕیاڕ و قسەی) یەکلا کەرەوە و بێ چەندوچون لەو شتانەی کە دەیڵێ، ئەمەش دەبێتە مایەی سەر ئێشە بۆ زۆربەی ئەو خەڵکانەی دەیانەوێ شتێکی ڕوون و ئاشکرا و بەرجەستەیان دەستگیر ببێ، لێرەدا نامەوێ لە بەهای کەس کەم بکەمەوە، یاخود ڕۆڵی لە چاکسازی ژیان و زیندەوەراندا بەکەم ببینم، بەڵکو دەمەوێ سروشتی هەریەك لەو توێژانە ڕوون بکەمەوە کە ئاماژەم پێدان، لە ڕاستیدا فەزڵ و چاکەی مرۆڤ لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەندازەی دامەزراوێتی کەسێتیەکەی و مەودای بەشداریکردنی لە گەشەپێدانی ئوممەتەکەیدا.

# له سیفەتەکانی بیرمەند

بیرمەند دروستکراوێکی خوای باڵا دەستە، مرۆڤێکی خاوەن چەندین پێداویستیە، ڕۆشنبیرەو حەزی زانین و فێربوونی و ئاشنابونی تێدایە، ئەندامە له دەستەیەکی کۆمەڵایەتیدا، هەر بۆیە کاتێك قسە لەسەر بەشێك له سیفەتەکانی بیرمەند دەکەین، ئەو قسەکردنەمان گفتوگۆیە سەبارەت به کاروبارە هاوبەشەکانی نێوان بیرمەند و ئەوانی تر، لەهەمان کاتدا قسەکردنە سەبارەت بەکاروبار و شتە تایبەتەکانی ئەو، یان کۆمەڵە شتێکی تر که لەلای ئەو زیاتر و ڕونتر دەبینرێ، هەر بۆ نموونە بیرمەند بە دوای ڕاستیدا وێڵە و پشتیوانی لێدەکات و ڕێزی لێدەگرێ و هەوڵ دەدات زەقی کاتەوە، ئەمەش لای هەندێ له کەسە ئاساییەکان دەبینرێ، به هەمان شێوە لای زانا و ڕۆشنبیر و بانگخواز  به پلەی جیا جیا هەیە، ئەو کەسانەشی دەیانەوێ شوێن هەڵگری بیرمەندان بن و بچنە جیهانە فراوانەکانیانەوە دەبێ هەوڵدەن ئەو ڕەوشت و سیفەت و هەڵس و کەوت و کارە گرنگانەی بیرمەندان کە باسیان دەکەین ببێتە چەند کاروبارێکی ڕیشەدار و قوڵ له ژیری و دڵ و ڕەفتاریاندا، چونکە دواجار مرۆڤ  به گرنگی پێدان و ئەرك و ڕەوشت و بەهاکانی دەناسرێتەوە.

به بڕوای من ئەوەی لەخوارەوە ئاماژەی پێ دەدەین خستنەڕوویەکی کورتی سیفەتەکانی بیرمەندە، لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی ئەوەی هەندێ لەو خاڵانەی لێرەدا باسیان دەکەم  دەکرێ جارێکی تر و له بابەت گەلێکی تردا جەختیان لەسەر بکرێتەوە و بەدرێژی لەبارەیانەوە بدوێین.

١_ خۆشویستنی مەعریفە و نوێخوازی:

لەوانەیە ئەم سیفەتە گرنگترین سیفەتێك بێت لە نێو سیفەتەکانی بیرمەنددا، چونکە ئالۆدەبونی زۆر بە زانینی نویٚ و داڕشتنی چەمکەکان و دیدە گشتی و هەمەکیەکان (الرؤى الكلية) وا دەکا زانستخواز گەشە بە توانا عەقلیەکانی بدا و چەمکەکانی دەوڵەمەند بکاو ئەو بوون (وجود)ە بدۆزێتەوە کە تیایدا دەژی. لە ڕاستیدا زانست خوازە سەرەتاکان بە دەستکەوتنی ئەو زانیارییانەی دەستیان دەکەوی دڵخۆش دەبن. بە تایبەت کاتیٚ کە شتێکی نامۆ و سەرنج ڕاکێش بن، بەڵام بیرمەند کاتیٚ زۆر دڵخۆش و شادومانە کە یاسایەکی دۆزیوەتەوە یاخود سەرنج و تێبینیەکی زیرەکانەی دەسکەوتوە، یاخود دید و تێڕوانینێکی نوێی گەڵاڵە کردووە، جاری وا هەیە یەکێك لە بیرمەندەکان دەبینی گۆرانی بە باڵای گوتەزا (مقوله)یەکی گەورەیدا دەڵیٚ کە چەندین ڕۆژ سەرقاڵی داڕشتنی بووە، وەك ئەوەی گەنجینەیەکی دۆزیبێتەوە یاخود کلیلی گەنجینەیەکی زێڕی دەستکەوتبێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بیرمەند بەهای چەمکە باشەکان دەزانیٚ و ئاشنایە بەو ڕۆڵە سەرەکیەی لە پێشکەوتنی ژیانی فیکریدا دەیگێڕیٚ.

ئەرستۆ دەڵیٚ: ئەو کەسەی کار لە فەلسەفەدا دەکات چەند مەرجێکی دیاری کراوی لیٚ دەخوازرێت، لەوانە: عەشق و ئەوینێکی بیٚ پەروا، زەینێکی داهێنەر، ئارامگریەکی بەردەوام. جارێك پرسیاریان لە ئەنیشتاین کرد سەبارەت بە جیاوازی ئەو لەگەڵ مرۆڤە ئاساییەکاندا، لە وەڵامدا دەڵیٚ: ئەگەر داوا لە مرۆڤێکی ئاسایی بکەی هەولٚ بدا دەرزیەك لە نێو کۆمەڵێك کا و بەڵمدا بدۆزێتەوە، جا هەرکاتیٚ دەرزییەکەی بینیەوە یەکسەر دەوەستیٚ لە گەڕان، بەڵام من هەولٚ دەدەم بگەڕێم بۆ دۆزینەوەی چەندین دەرزی تر کە لەوانەیە لە نێو ئەو کایەدا هەبن. ئا ئەوە بیرمەندی ڕاستەقینەیە، بەردەوام

هیوای وایە شتی نوێ ببینێتەوە، خاوەنی توێشویەکی ڕوحی گەورەشە، کە یارمەتی دەدا بۆ ئەوەی لە کارەکەیدا هەنگاو بنێ قورساییەکان هەرچەندە و هەرچییەك بن. ئەوەی لەم ڕووەوە جێی داخە ئەوەیە خوێندنگا و زانکۆکانمان پەرە بەم گیانە نادەن لەلای قوتابی و خوێندکارەکانمان، بەڵکو زۆر جار لە ڕێگەی ڕێبازە خزێنراو و تاقیکردنەوە ئاسان و هەڵڕشتنی نمرەوە دەیانکوژن!

ئەوەی هەوڵ دەدا بچێتە ڕیزی بیرمەندەکانەوە ئەبێ هەست بەوە بکات کە ڕێگەی بیرمەندێتی و بیریار بوون بە ئەوینداری و خۆشویستنی توێژینەوە دەست پێدەکات و بە نقوم بوون و تواناوە لە توێژینەوەدا کۆتایی پێ دێت، لەمڕۆدا هەندێ بیرمەند دەبینم لە شەستەکانی تەمەنیاندان، زیاتر لە تەمەنی سی ساڵیان تامەزرۆی مەعریفەن و سورن لەسەر دۆزینەوەی نادیارەکان ئەمەش ڕێگەو هەڵسوکەوتی بەردەوامیانە، هەر ئەمەش تاکە ڕێگەی گەیشتنە بە بیرمەندی.

٢_ هەر بیرمەندێ جیهانێکی سەربەخۆ و خاوەنی بۆچونی خۆیەتی:

ئەو بوارەی بیرمەند تیایدا دەبزوێ بوارێکی تا ڕادەیەك فراوانە، لەڕاستیدا ئەوەش بۆ کاروبارە مرۆیی و ژیارییەکاندا بە گشتی هەروایە، ئەمەش واتای بەخشینی ڕەخساندنی مەودایەکی فراوانە بەو جیاوازییانەی لە نێو بیرمەندەکاندا هەیە، کاتێ کە سەبارەت بە لێکدانەوەی مێژو و دەست نیشانکردنی واقع گفتوگۆ دەکەین زیاتر هەست بەوە دەکەین، هەروەها کاتێ هەوڵ دەدەین بە دوای چارەسەری گرفتە ئالۆز و شێواوەکاندا بگەڕێین... دەبینین ئەو دەقانەی دەلالەت و واتایەکی دیاریکراویان هەیە تاڕادەیەکی زۆر کەمن، ئەمەش وا دەکات جیاوازی نێوان بیرمەندێك و ئەویتر کارێکی چاوەڕوانکراو بێت.

بیرمەند لەگەڵ بیرمەندەکانی تردا جیاوازی دەبێت چونکە لە بناغەدا لەگەڵ خۆیشیدا جیاوازە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو هەڵدەستێ بە شکاندنی ڕیتمی فیکری خۆیشی، ئەو وەکو ئەو کەسە وایە دەڕوانێتە ئاوێنەیەکی درز تێبوو، هەرجارەی شتێکی نوێ دەبینێ، ئەو بەردەوام ئاشنای شتەکانی خۆیەتی و دەیانبینێتەوە، هەرکاتێ شتێکی نوێی بینیەوە خۆی دەبینێتەوە لە بنیاتنانی هەندێ بیری نوێدا و واز لە هەندێ بیرو بۆچوونی کۆنی دەهێنێ، ئەمەش دەبێتە مایەی جۆرێك لە شۆك و هێدمە (الصدمة) بۆ قوتابی و هەوادارانی ڕێبازەکەی، لە ڕاستیدا بیرکردنەوە لە ئاستە باڵاکانیدا ئیجتهادە، کاتێکیش خوای گەورە پاداشتی لەسەر ئیجتهاد داناوە واتە مۆڵەتی پێداوین جیاواز بین و پاشەکشە لە بیرو بۆچوونێك بکەین کە بوومانە، بەڵکو دروست نیە زانا و بیرمەند قەناعەتە کۆنەکانی خۆی بۆ خەڵکی ئاشکرا بکات و قەناعەتە نوێیەکانی لە ناخیدا بشارێتەوە، مەگەر لە چەند بارێکی زۆر ورد و کەمدا، بەڵام لە ڕێباز و ڕەوتی گشتیدا، پێویستە بە ڕاستگۆیی و بوێرییەوە، هەروەکو ڕابردوو پێشینەکان بڵێ: ئەمە بۆچوونی دوێنێمان بوو، ئەمەش هی ئەمڕۆمانە، لە کەلەپوری زانا پایە بەرزەکانماندا چەندین نموونەی کرداری لەم بارەیەوە دەبینین کە لە ژماردن نایەن، ئەوەی کە شافعی کردی دوای چونی بۆ میسر و نیشتەجێ بون تیایدا بەسە لەم ڕووەوە.

بیرمەندەکان لە چەندین سەرچاوە و کانیاوی ڕۆشنبیری جیاوازەوە هەڵ دەگۆزن و لە چەندەها گۆشە نیگای جیاوازەوە بۆ شتەکان دەڕوانن و پێکهاتەیەکی عەقڵی جیاواز و جۆراو جۆریان هەیە، هەر بۆیە ئاساییە بیرو ڕایان جیاواز بێت، جیاوازیش سەرچاوەی دەوڵەمەندی و زەنگینیە ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی ئەو نەگۆڕ و بنەمایانەدا بێت کە باوەڕمان پێیەتی.

٣_ هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی:

کاتێك توێژەر دەگاتە ئاست و پلەیەکی باڵا لە زانست و فیکردا و خۆی لە لوتکەدا دەبینێتەوە، ئەوکات ڕەخنەی نەیار و بەرامبەرەکانی کەم بایەختر دەبن لەلای و کەمتر گوێیان پێ دەدا، لە هەمان کاتدا بوێرتر دەبێ لە داڕشتنی چەمك و گوتەزاکاندا و زیاتر تەرحی نوێ دەخاتە ڕوو، ئەمەش شتێکی هەست پێکراوو بینراوە، بەڵام گرنگە بیرمەند و توێریس (دیدگار/منظر) و بانگخواز هەست بەوە بکەن کە هەزاران بەڵکو سەدان هەزار لاوو گەنج هەیە قسەکانی ئەوان بە تامەزرۆوە دەبیستن، دەیخوێننەوە و لێی دەکۆڵنەوە و لەسەر بناغەی ئەو وتە و گوتە زایانە قەناعەتیان دەگۆڕن و بنیاتی نوێی لەسەر دەکەن، لێرەوەیە دەبینین چەندین دەقی بە پێز زۆر تەئکید دەکەنەوە لەسەر بە ئاگایی و مامەڵەی هەستیارو ورد لە بەرامبەر هەر وشەیەك کە مرۆڤـ گوێ دەکا و لەزاری دەردەچێ یاخود دەینوسێ، هاوشێوەی فەرمودەی خوای گەورە **((ما يلفظ من قول إلاَّ لَدَيه رقيب عتيد))** سورە ق:١٨، وە فەرمودەی **(إنَّا نَحنُ نُحيِي المَوتَى ونَكتُبُ ما قدَّمُوا وءَاثَارَهُم وَ كُلَّ شَيءٍ أحصَينَاهُ إمَامٍ مُّبِينٍ)** سورة يس:١٢، ئەم ئایەتە بەڕوونی باس لە بەرپرسێتی مرۆڤ دەکات سەبارەت بەو شوێنەوارو کاریگەرییانەی لەسەر کەسانی تر بەجێیان دەهێڵێ بەهۆی ڕێ و شوێنێکی خراپ کە دایهێناوە یاخود بەهۆی بڵاوکردنەوەی بیرو بۆچوون و فیکرێکی هەڵە و گومڕاکەرەوە، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ **(إن الرجل يتكلم بالكلمة من سخط الله، ما يظن أن تبلغ ما بلغت، فيهوى بها في النار سبعين خريفاً، وإن**

**الرجل يتكلم بالكلمة من رضوان الله، ما يظن أن تبلغ ما بلغت، فيرفعه بها في عليين)١.**

**هەر بۆیە دەبینین بیرمەندی ڕاستەقینە و هەق ویست زۆر وردە لە بڕیاڕ و دەرەنجام و گشتاندنەکانیدا، چونکە ئەزانێت کەسانێك هەن بە حەرفی و دەقاو دەق وتەکانی وەردەگرن و لە گوێبیستی دەبن، وە کەسانێکیش هەن دەکرێ لێڵی و ناڕۆشنی داڕشتنەکانی بە شێوەیەکی خراپ بقۆزنەوە.**

**٤_ سەربەخۆیی بیرمەند:**

**مرۆڤ هەرچەندە پێگەیشتوو بێت ناتوانێ بە تەواوی سەربەخۆ بێت، ئەمەش بەشێکە لەو کەم و کورتیەی لە مرۆڤدا هەیە و باڵی کێشاوە بەسەریدا، بەڵام ئەو کەسەی دەیەوێت ببێتە بیرمەند پێویستە بزانێ لەسەریەتی هەوڵێکی بێ وچان بدات بۆ بنیاتنانی عەقڵیەتێکی ئازاد لە زۆربەی ئەو کۆت و بەندانەی لە ژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەوانەیە گرنگترین ئەو کۆتانە بریتی بێ لەم سێ خاڵە:-**

**أ_ کۆتی دەوروبەر:**

**لە هەر ژینگەیەکدا چەندین چەمك و بەڵگە نەویست و نەریت و زانیاری و پێدراو هەیە کە بە شێوەیەکی زۆر لای نەوەکانی ئەو ژینگەیە پشتی پێدەبەسترێت: لەو واتا و مەدلولانەوە دیدگای خۆیان بۆ واقع دەخەنە ڕوو، لەو دیدگایەشەوە بڕیار بەسەر کەس و ڕووداوەکاندا دەدەن... من دڵنیام ئەو ژینگەیە هەرچەندە خوێندەوارو چاك و گەشەسەندوو بێت، بەڵام**

---

[1] **-أحزجه الترمذي وغيره.**

هەندێ شتی هەر تێدایە کە ناپەسەند یا جێی مشتومڕ بێت، لێرەوە بیرمەند دەبێت بەردەوام ئاراستەی ڕووە و دەرەوەی ئەو سندوقە بێت کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، هەستێ بە کردارێکی (بەراوردکاری) هۆشیار تاوەکو هەندێ لە خراپییەکانی رۆشنبیری ئەو ژینگەیە ببینێتەوە کە تێیدا دەژی و هەوڵ بدا دەربازی بێت لە ئاماژەو کاریگەریەکانی، ئەم دەربازبوونەش لە کاریگەری ژینگە ڕێگە خۆش دەکات لە بەرامبەر بیرمەندا تاوەکو لە ناوچەیی و لۆکاڵی بوونەوە بەرەو جیهانێتی بگوازێتەوە.

ب_ کۆت و بەندی خۆ وابەستەیی (الإنتماء):

مەبەست لە ئینتیما لێرەدا بەدیاری کراوی ئینتیما بوونە بۆ هۆز یا پارت یا کۆمەڵ یان لایەن یاخود دەزگایەك، چونکە ڕەچاوکردنی ئەوانەی سەرەوە لەمیانەی بیرکردنەوە و تیۆریزە و دەرکردنی بڕیاردا، یارمەتی نادات بۆ ئەوەی دڵسۆزی ڕاستەقینە (حقیقەت) و بابەتیبون بێت لە هەڵوێستەکانیدا، لە ڕاستیدا ئوممەتی ئیسلامی لە رابردوو ئێستاشدا بەردەوام ناڵاندویەتی و دەناڵێنێ لەم مەسەلەیەدا، بیرمەند کاتێ یەکێك لەو ئاماژە پێدراوانە دەکاتە بازنە و چوارچێوەیەك و لە ناویدا بیردەکاتەوە یاخود پشتی پێدەبەستێ پاراوێتی و بێلایەنی لەدەست دەدات و ژێری تووشی جۆرێك لە شێواوی دەکات، هەندێ لە خەڵکی زیرەکی و زانیاری و لێهاتوویيان هەیە لە نوسین و مشت و مڕدا بەڵام بوونەتە زووڕناژەن یا کراونەتە مەقاشێك، بەمەش لێوەشاوی خۆیان لە دەست دەدەن وەکو ڕۆشنبیر یا بیرمەندێك، لەگەڵ ئەوەشدا پاکی و نەزیهی و بۆ خوا بوون و بۆ خوا وتن لە دەست دەدەن، لە هەمان کاتدا متمانە و ڕێزی خەڵکیشیان لە دەست دەچێت! لە ڕاستیدا ئینتیما باشی و فەزیلەتە بەڵکو شتێکی سەرەکیە لە ژیانی مرۆڤدا کاتێك کە مرۆڤ خۆی دەداتە پاڵ ئەو هێڵەگشتی و

نەگۆڕو دراوانەی جێی یەکدەنگین، بەوەش زەمینەیەکی چەسپاوو تووند بۆ خۆی دەڕەخسێنێ تاوەکو لەسەری بوەستێ و ببێتە بازنە و چوارچێوەیەکی مەرجەعی تاوەکو بۆی بگەڕێتەوە، ئەگینا ئاراستەی لە دەست دەدات و لە بۆشایی ڕەهایی ((فضاء المطلق)دا ون و لێشێواو دەبێت و بە مەرەدی زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی ڕابردوو و ئێستا دەچێت.

لە ژیانمدا زۆر کەسم بینیوە ئەندازەیەکی زۆر زیرەکی و زرنگی و داناییان تێدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بیرو ڕای نەگەییوو ناکامیان خستووەتە ڕوو، یا قسەیەکیان کردووە کە جێی سەرسامی و شۆك بوونە، ئەمەش لەبەرئەوەی بێ هەڵەییان داوەتە پاڵ کەسانێك کە بێ هەڵەو بێ تاوان نین و خۆیشیان کردووەتە داکۆکی کاری هەڵە و نەنگیەکانیان، بابەتی کەسانێکی زانا و ناودارم خوێندووەتەوە کە دەمارگیری هەبووە بۆ کۆمەڵێك یاخود ڕێبازێکی فیقهی یا پارتێکی سیاسی، پەنایان بۆ بەڵگەی وەها بردووە، کە کەمترین شتێ لەبارەیەوە بوترێ ئەوەیە کە پێی بوترێ پێکەنیناویە !

ت_ کۆت و بەندی یادەوەری (الذاکرة):

بەهێزی یادەوەری نازو نیعمەتێکی گەورەی خواییە، مرۆڤ بە بێ یادەوەری، مرۆڤێکی خاوەن ڕیشە و لێزانی و کەڵەبووی مەعریفی نییە، بەڵام لەبەرئەوەی چاکەی ڕووت دەگمەنە، پێویستە ئەو گرفتانەی یادەوەری(ژاکرە) لە ڕووی ژیری(عقل)دا دەیوروژێنێ بە شێوەیەك وەگەڕ بخرێت کە ببێتە هۆی بنیاتنان و داهێنانکاری و نوێخوازی و بڕیاردان بەسەر کەلەپوردا... ئەو گرفتانە لە ماهیەتی دژ بوونی نێوان سروشتی یادەوەری و ئەوەی کە مرۆڤ لە ژیریی دەوێ سەرچاوەی گرتووە. هەریەك لە ئێمە هەست بە شانازی و زەنگینی دەکات کاتێك کە بیری دەکەوێتەوە قەبارەیەکی زۆری دەق و بەڵگە گەل و چیرۆك و پەند و ئەزموون و لێزانی لەبەرەو لە باردایە،

بەڕاستیش ئەوانە سەرچاوە و مایەی شانازی کردنن چونکە ژیری بەبێ زانین و مەعریفە بە ئامێرێکی کۆمپیوتەر دەچێ کە بەرنامەی تێدا نەبێ، یا قاپێك بێ خواردن، ئێمەش بۆ ئەوەی پارێزگاری لە گەنجینەی مەعریفەکانمان بکەین ئەوا یادەوەری (ذاکرة) دەخوازێ لەبەرکراوەکانمان (محفوظات) ڕاڤە بکەین، داهێنانکاری بکەین لە پوختەکردن و لێکدانەوەیاندا، بە بەردەوامی پێیاندا بچینەوە و گرنگییان پێ بدەین تاوەکو لە دەستی نەدەین، ئەمەش ئەوە دەخوازێ ژیری (عقل) پێوەی سەرقاڵ بێت و ئاوڕی لێ بداتەوە، ئاوا کارێکیش لە کەسانێك دەوەشێتەوە کە خوای گەورە یادەوەرییەکی نایابی پێ بەخشیون، زۆریان لەبەرە و سەرقاڵن بە پاراستنیەوە لەبەرئەوەی هەست دەکەن ئەم کارەیان بەهایەکی هەیەو پێی دەگەشێنەوە.

هەروەها یادەوەری هەوڵ دەدات پارێزگاری لە شتە شاراوە و بەدەستهاتووەکانی بکات لە ڕێگەی بەرگری کردنی لەهەر سڕینەوە یا بێژنگ دان یا ڕەخنە کردنێکی ئەو بەدەستهاتووانە، واتە داوا لە عەقڵ دەکات واز لە بیرکردنەوەی ڕابردوو بهێنێ و ڕوو لە هەر شتێکی تر بکات، مێژوو دەیسەلمێنێ کە هەژمونی یادەوەری یەکجار زۆرە، وە زۆربەی عەقڵەکان بە کرداری ملکەچی دەبن، بەڵگەش بۆ ئەمە کەمی موجتەهید و بیرمەندەکان و زۆری لەبەرکەر (حفظة) و چاولێکەرەکان (مقلدین)ە ... مرۆڤ پێویستی بە پەیوەندیەکی هاوسەنگ هەیە لەگەڵ یادەوەری (الذاکرة)دا، ئەو ناتوانێ بێ نیاز بێت لە زۆربەی ئەو شتانەی لە نەوەکانی ڕابردووەوە وەری گرتووە،یاخود لای بیرمەندە گەورەکانی سەردەمی خۆی هەیە، ئەو بۆ ئەوەی ببێتە بیرمەند پێویستی بە شتێکی زۆر جەوهەری هەیە، ئەویش بریتیە لە بەدەستهێنانی دیدو تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بۆ ڕابردوو واقع، ئەم دیدەش سەرچاوەی دەگرێ لەو کەم و کورتیەی لە کارو کردەوە و بڕیاری

هەموو سەردەم و كاتێكی مرۆڤدا هەیە. كەواتە هەریەكێ لە ئێمە پێویستە لوێچێك لە یادەوەری هەڵگوزێ بێ ئەوەی جل و پۆشاكەكانی بە ئاوەكەی تەڕ بێت، واتە بۆ سودمەند بوون لێی نزیك بێتەوە بێ ئەوەی لە نێو ئاوەكەیدا بخنكێ، نزیك دەبێتەوە بۆ ئەوەی دوور بێ، وە دوور دەكەوێتەوە تا نزیك بێت، سود لە پەندی ڕابردوو دەبینێ بۆ چاكسازی ئێستا، لە ڕوانگەی پێدراوەكان (معگیات)ی ئێستاوە بڕیار بەسەر زۆرێك لە ڕووداوو بەسەرهات و كەلتورو كەلەپورەكانی ڕابردوودا ئەدات.

ئەوەی جێی سەرنج و تێڕوانینە لەم ڕووەوە ئەوەیە خوای گەورە بەڵێنی داوە قورئانی پیرۆز بپارێزێ، هەروەك فەرمویەتی ((إنّا نحن نزّلنا الذّكر وإنّا له لحافظون)) (الحجر:٩) هەروەها داوای لە موسوڵمانان كردووە كار بكەن بۆ تێگەیشتنی و هۆشیار بوون پێی و لە خۆگرتن (استیعاب)ی مەبەست و مەرامەكانی، خوای گەورەش دەفەرموێ ((كتاب أنزلناه إليك مبارك ليدّبروا ءَاياته وليتذكّر أولوا الألباب)) ص:٢٩، وە فەرمویەتی ((أفلا يتدبّرون القرءَان أم على قلوب أقفالها)) محمد:٢٤، بەڵام ئەوەی هەبووەو لە ئارادایەوە و زۆرینەی هەرە زۆری تازە پێگەیشتوان و لاوانی ئێمە ڕویان تێكردووە بریتی بووە لە لەبەركردن (الحفظ) و پشتگوێ خستنی تا ڕادەیەك تەواوی ڕامان و بیركردنەوە لە واتاكانی قورئان و مەبەست و مەرامەكانی. لە مێژووی ئیسلامیماندا هۆشیارییەك هەبووە سەبارەت بە جیاكردنەوەی ئەوانەی گرنگیان بە لەبەركردن و ئەوانەی گرنگیان بە هەڵێنجان (استنباط) و بەڵگە هێنانەوە (الاستدلال) و ووروژاندنی دەقەكان (تپوير النصوص)داوە، لەم ڕووەوە باسی ئەوە دەكرێ كە ئەبو حەنیفەی نوعمان لای ئەعمەش بووە، ئەعمەش چەندین پرسیاری كردووە، ئەبو حەنیفەش وەڵامی داوەتەوە، ئەعمەشیش پێی دەڵێ: ئەمەت لە كوێ بوو؟ پرسیار لە پاڵپشتی

و بەڵگەی وەڵامەکانی لێ دەکات، ئەبو حەنیفە دەفەرموێ: تۆ لە ئیبراهیمەوە ئەوەت بۆ باسکردین و لە شەعبیشەوە ئەوەیتر، ئەعمەشیش لە وەڵامدا دەفەرموێ: (ئەی کۆمەڵی شەرعناسان ئێوە پزیشك و ئێمە دەرمان فرۆش).

ئەگەر ڕامێنین لە فەرمودە ناسە ناسراوەکان دەبینین ئەوان لە فیقهدا زۆر باڵا دەست نەبوون، بە هەمان شێوە ئەوانەی سەرقاڵی فیقه بوون بە پێشەواکانی فەرمودە ناسی نایەنە ئەژمار، لەمەشدا چەند هەڵاوێردەیەکی کەم دەبینین، هەرچەند ئەسڵ وایە شەرعناسی نایاب و بە توانا یەکەمجار فەرمودە ناسێکی نایاب و بە توانا بێت، بەڵام هەڵکەوتەیی (النبوغ) لەم دوو بوارەدا کارێکی ئاسان نیە، هەر بۆیە کەسانێکی کەم تیایدا سەرکەوتووبوون.

هەڵس و کەوتی بیرمەند لەگەڵ یادەوەریدا پێویستی بە وریاییەکی زۆر هەیە، بە ئەندازەی وریایی ئەو کەسەی بەسەر پەتی هەڵواسراودا دەڕوات، ترسی هەیە، خۆی دەپارێزێ لەوەی بەلای ڕاست و چەپدا بکەوێ. من لێرەدا بانگەشەی ئەو کەسانە دەکەم سەرقاڵی فیکرن بە ڕووی دەقەکان و کەلەپوردا بکرێنەوە، هەروەك ئەوانەی سەرقاڵی لەبەرکردنن گوێ بیستی ئەو قسانە بن کە بیرمەندەکان دەیلێن، بۆشایی و کەلێنی نێوان ئەمانە و ئەوان خزمەت بە کەس ناکات.

٥_ لە جوزئیەوە بۆ کوللی (لەبەشەوە بۆ هەمەکی):

هەنگاو نان لە جوزئیەوە بۆ کوللی و لە بیرتەسکیەوە بۆ ئاسۆ فراوانی، گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان زانا و بیرمەندە، ئەمەش لەبەرئەوەی زانست بریتیە لە چەند مەسەلەیەکی جوزئی کە بەشێوەیەکی دیاری کراو ڕێکخراوە تاوەکو پسپۆڕییەکی دیار کراو پێك بهێنێ هەروەك لە کیمیا و فیزیا و جوگرافیا و فیقهـ و ڕێساکانی زماندا بەدی دەکرێ.... کەسی پسپۆڕ لەهەر

زانستێکدا بێت کاتیٚ لە پسپۆڕییەکەیدا قولٚ دەبێتەوە، هەست دەکا سەرقاڵی چەند مەسەلەیەکی قەبارە بچوکە، هەروەك لە نامەکانی (ماستەر) و (دکتۆرا)دا دەبینین کاتیٚ قوتابیەکی خوێندنی باڵا توێژینەوەیەکی دوورو درێژ لە بابەتێکی زۆر بچوکدا ئەنجام دەدا، کە لەوانەیە پێشینان تەنها چەند لاپەڕەیەکی کەمیان لەسەری نوسیبێت، تەنانەت دەتوانی بڵێی: هەندێکیان شتێکی زۆریان لەسەر (هیچ_لاشئ) نوسیوە! بەڵام بیرمەند بارێکی تری هەیە، سەرقالٚ بوونی بە شتە بچوکەکانەوە (جوزئیەکانەوە) لەپێناو پەڕینەوەیەتی بۆ شتە گشتی و هەمەکیەکان (کوللیەکان)، بەڵکو (پەڕینەوە و تێپەڕین بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لەسەرقاڵیەکانی بیرمەندان، هەروەك دەبینی کەسانێك لەوان پسپۆڕی و شارەزاییەکەی خۆی تێپەڕاندووە بۆ پانتاییەکی مەعریفی فراوان و بەرینتر، شارەزاییەکانی بە ڕابردوو کردووەتە هۆکار و تێپەڕ بۆ تێگەیشتن لە ئێستاو چاکسازیکردنی، پاش ئەوە دیدو تێڕوانینی خۆی لە ڕێی تێگەیشتنی واقعەوە ڕووەو داهاتوو بینی ئاراستە دەکا... لەم ڕوووەوە دەکریٚ بڕوانینە دواکەوتنی جیهانی ئیسلامی و گرنگی پێدانی توێژەرەوان بەم دۆزە، دەبینین زانای ئابووری ناس دەڕوانێتە ئەو گرفت و قەیرانە ئابوورییانەی خەڵکی بەدەستیەوە دەناڵێنیٚ، دەیەویٚ گرنگی تەواوی کاریگەری لاوازی ئابووری بەدەربخات لە پاشکەوتویی ئوممەتدا، هەروەك ڕۆڵی سەرەکی دارایی و ئابووری لە پێشکەوتن و گەشەو شارستانیدا بەدەربخات و کاریگەریەکانی ئەم بوارە دەخاتە ڕوو، بانگخوازیش سەیری ڕۆڵی لادانی بیروباوەڕی (عقدی) و ئەخلاقی و ڕەفتاری دەکات لە دواکەوتنی ئوممەتداو لەم گۆشە نیگایەوە زیاتر دەڕوانێت، وا دەبینیٚ ڕاستکردنەوەی ئەم لادانانە بەسە بۆ بەدیهێنانی ڕاپەڕین و ئاوەدانی و گەشەسەندن، سیاسی و جوگرافی ناس و مامۆستاو پەروەرشیاریش هەمان شت دەکەن ...

هەریەکەشیان لە گۆشە نیگای پسپۆڕی خۆیانەوە دەڕواننە پاشکەوتووییەکانی ئوممەت، هەر لەو ڕووەشەوە دیدو تێڕوانینە چاکسازیەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، ئەمەش شتێکی ڕوونە. بەڵام بیرمەند، ناڕوانێتە ئەم کاروبارانە بەپێی گۆشە نیگا و ئاسۆی پسپۆڕییە ئەسڵیەکەی خۆی، بەڵکو هەوڵ دەدات دیدو تێڕوانینێکی پێکهاتە (مرکب) و فرە جەمسەر بخەملێنێ کە پشت ئەستورە بەو هۆشیارییانەی هەیەتی سەبارەت رووە جۆراوجۆرەکانی دواکەوتوویی، پاشان هەوڵ دەدات بۆ زانین و هەستکردنی ئەو هۆکارە سەرەکیانەی ئەم دواکەوتنەیان بەدی هێناوە، تاوەکو هەموو پسپۆڕییە زانستی و پراکتیکیەکان ئەوەندەی دەکرێ پشکداری بکەن لە بەدیهێنانی پێشکەوتنیدا.

بیرمەند بەوەندە واز ناهێنێ بڵێ: هەموو بوارەکانی ژیانی ئێمە دواکەوتووە و پێویستی بە ڕاپەڕین و گەشەپێدان هەیە و هەموو لایەن و دەستە و گروپەکان بەرپرسن لەو دواکەوتووییە، دەشتوانن پشکداری بکەن لە لابردن و نەهێڵانیدا... بەڵکو هەوڵ دەدات بۆ نموونە ئەو ئەندازەیە دیاری بکات کە ئەرکی فەرمان ڕەوایەکی بەرپرس و لێزانە و ئەو دەتوانێ ئەو بەشە لە دواکەوتن چارەسەر بکات، ئەو ئەندازەیە بزانێ کە خاوەن خێزانەکان دەتوانن لەنێو خێزانەکانیاندا گرنگی پێبدەن و پشکدار بن لە چاکسازی کردنیدا، یاخود ئەو بەشەی پەیوەستە بە چاکسازیکردنی سستمی فێرکردن و چاککردنی سستمی باج و بەدیهێنانی ژێرخانێك بۆ دەستەبەرکردنی پێشکەوتن، ئەو هەوڵ دەدات هەموو ئەو شتانە بزانێت و ئەوەش بزانێت کە خاوەن پسپۆڕییەك یان بوارێك ناتوانێ چ چاکسازی بکات، ئەو دەزانێت هەندێ لە دیاردەکانی دواکەوتوویی ناکرێ لە ڕێگەی ئامۆژگاری یان بڵاوکردنەوە و برەودان بە زانستی شەرعی یان بە یاسادانانی زیاتر یان بە

خستنه بازاڕی زیاتری سامان و دارایی چارەسەر ناکرێ، ئەم جۆرە شارەزاییەشی هەڵقوڵاوی تێگەیشتنێکی قوڵی سروشتی شتەکان و یاسا و ڕێسا خواییەکانە لە دروستکراوەکانیدا، وە تێگەیشتنە لەو پەیوەندییەی ئەو بوارە جۆراو جۆرانەی دواکەوتنی پێکەو گرێداوە.

بیرمەند -هەروەك کەمێك پێش ئێستا ئاماژەمان پێیدا- ئەویندارى پەڕینەوەیە بۆ تەواوی ئاڕاستەکان، ڕازی نابێ لە سوچ و کونجەکاندا قەتیس بکرێ، هەر بۆیە تەنها لە جوزئیەوە ناچێ بۆ گشتی و هەمەکی(کلی)یەکان، بەڵکو لە گشتی و هەمەکی (کلی)شەوە دەچێت بۆ جوزئی، هەروەها تێبینی دەکرێ- هەر بۆ نموونە-پەروەرشیارەکان سەرقاڵی توێژینەوەن لە ڕووکارەکانی کەم و کورتی سیستمی فێرکاری و کاردەکەن بۆ نەهێڵانی ئەو کەم و کورتیانە لە پێناو ڕاپەڕینێکی فێرکاریانە، بەڵام بیرمەند ناچێتە نێو وردەکارییەکانی سستمی فێرکارییەوە، بەڵکو ڕوونی دەکاتەوە بۆ پەروەرشیارەکان کە سیستمی فێرکاری بەشێکە لە هەموو(جزو من کل) ئەوان ئەگەر باشترین سیستمی فێرکاری جیهانیش بەدەست بهێنن، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ باشترین فێرکردنیان بەدەست هێناوە، لەبەرئەوەی هەریەکە لە سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بارودۆخی خێزان و گەشەو پەرەسەندنی هەمە لایەنە و چەندین شتی تری وەك ئەمانە... کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لە دەرهاویشتە فێرکاریەکان (المخرجات التعليمية)دا، بەو واتایەی بیرمەند شتە بچووك و جوزئیەکان لەژێر تیشکی گشتیەکاندا دەبینێ، وە هەست دەکات بەوەی بوارێك نیە هەر خۆی بەتەنها سەربەخۆ بێت، لەهەمان کاتدا هیچ کەسێك پسپۆڕییەکەی هەرچی بێت ناتوانێ گرەنتی بەرەنجامی هەوڵەکانیان بکەن بەشێوەیەکی ڕەهایی، ئەمەش بەهۆی ئەو پێکداچوی و پەیوەندیەی لە نێوان سیستم و بوارە جیاوازەکاندا هەیە،

هەموو ئەمەش ئەوە ناگەیەنیٚ هەرکەسیٚ وا گومانی برد کە بیرمەندە، یاخود خەڵك وای دەبینیٚ بەکرداری توانای ئەوەی هەبیٚ و خاوەنی وزەیەکی گەورە بیٚ بۆ پەڕینەوە لە بەش (جزء)ەوە بۆ گشت و هەمەکی(کلی)، یا بتوانیٚ لەبەر ڕۆشنایی گشتی و هێڵەسەرەکییەکان(الکلیات)دا بەش و جوزئیەکان ببینیٚ، ئەمە بۆ هەموو کەس دەست نادات و بۆ هەموو کەس ناشیٚ، لای بەشێك لە بیرمەندان ئەم کەم و کورتیە بە ڕوون و ئاشکرایی دەبینریٚ، بەڵام ئەوەی کە باسمان کرد ئەوە زیاتر لە بیرمەندە پلە یەکەکاندا زیاتر دەبینریٚ و ئەوان هەوڵ بۆ ئەم جۆرە تێڕوانینانە دەدەن، خوای گەورەش ڕاستی فەرموە کە لەسەرووی هەموو خاوەن زانستێکەوە زاناتر هەیە (( وفوق كل ذی علم علیم)) یوسف:٧٦.

٦_ بیرمەند و بیرمەندی موسوڵمان:

یەك لەو شتانەی سەلماوە و گومان هەڵ ناگریٚ بریتییە لەوەی ژیری مرۆڤ ناتوانیٚ لە پانتاییەکی ڕەها (فضاء مطلق) و خاڵی لە جێگیر و چوارچێوە و بەڵگە نەویستەکاندا کار بکات، لێرەوە هیچ بیرمەندێك ناتوانیٚ بانگەشەی ئەوە بکات لە بەرەنجام و تێگەیشتن و بنەما و ڕێساسازییەکانیدا ڕێگەیەکی گرتووەتە بەر کە پێش خۆی کەس پێیدا نەڕۆیشتووە و نەیگرتووەتە بەر، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەمووان پشت دەبەستن بەو پێدراوو کەلتورانەی زانایان و بیرمەندانی پێش خۆیان پێی گەیشتوون، هەرچەندە لەنێوان خۆیاندا و لەزۆر مەسەلەشدا لێك جیاواز بن، بەڵام بەردەوام چەند جێگیر (ثوابت)ێك هەیە قۆناغی مشت و مڕی تێپەڕاندووە، هەر ئەمەشە دەرفەتی ڕەخساندووە قسە لە شتێك بکەین ناوی پێشکەوتنی زانستیە. بارەکە هەرچۆنێك بێت، بیرمەند زۆر پێویستی بەوەیە پابەند بیٚ بە بەها مرۆییە باڵاکانەوە کە بە تێپەڕینی چاخە جۆراوجۆرەکان جۆرێك لە

کۆدەنگی و یەك ڕایی لەسەر دروست بووە، بەهۆی ئەوەی پەیوەستە بەو سروشت و فیترەتەی خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروستکردووەو بەردەوامیش پەیامە ئاسمانیەکان جەختیان لە ناوەڕۆکەکانی کردوەتەوە و لێزانین و شارەزاییە مرۆییەکانیش گەیشتوون بەوەی پاڵپشتیان لێ بکرێ، لەو بەهایانەش هەر سێ بەها بەناوبانگەکانی ڕەوا و چاکە و جوانیە (الحق والخیر والجمال)، بێگومان ئێمە جیاواز دەبین لەوەدا ئایا ئەو هەڵوێستە یا ئەو کارە یا ئەو ڕوداوە چاکە یا خراپەیە، وە ئایا ڕەوا لەلای فلان یا فیسارە لە مەسەلەیەك یا ئەویتردا، هەروەك چۆن لە هەڵسەنگاندنی دیمەنێکی جوانیدا جیاوازین، هەموو ئەمانە زۆر جار ڕۆژانە ڕوو دەدەن، بەڵام تەنها پابەندبوون بە ئوسوڵی ئەم بەهایانە و بڕیاری بەرگری لێکردنی جۆرێك لە دامەزراوی ڕەفتارییانە (الاستقامة السلوکیة) بۆ بیرمەند بەدی دەهێنێ، هەروەك هەندێ بەربەست لە بەردەمیدا دادەنێ لە کاتێکدا دەیەوێ هەندێ لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی لەسەر حسابی کۆمەڵ و ئوممەت یان لەسەر حسابی پاکێتی ئەنجام بدات و دەبێتە دەمەوانەی ئاسودەیی (صمام أمان) بۆی تاوەکو نەبێتە ئەو کرێ گرتەیەی کار بۆ بەرژەوەندی ئەم لا یا ئەویتر بکا، ئەم لایەنگیرییەی بەها باڵاکان لە ڕاستیدا لە هەموو کەس داواکراوە بەڵام سەبارەت بە ڕۆشنبیر و بیرمەند و زانایان بەگشتی یەکێکە  لە هەرە پێویستی و زەرورییەکان.

## بیرمەندی مسوڵمان:

ئەگەر بمانەوێ خاڵە هاوبەشەکانی نێوان بیرمەندان بەگشتی و بیرمەندانی موسوڵمان بە تایبەتی بژمێرین ئەوا ناتوانین و پێویستیشمان پێی نیە، بەڵام گرنگە ئاماژە بە هەندێ لەو خاڵانە بدەین کە بیرمەندی موسوڵمانی پێ جیادەکرێتەوە لەوانیتر تاوەکو ئەو لێڵی و ناڕۆشنیە لاببەین کەلە

سەردەمێکی زووە و بوونی هەیە. بیرمەندی موسوڵمان، یەکەم موسوڵمانە و دووەم بیرمەندە، ئەمەش بە جیاکەرەوەیەکی جەوهەری دادەنرێت لە نێوان ئەوو بیرمەندی عەلمانی و نائایینی، کە هیچ بیروباوەڕو سەلماوێکی بێ هەڵەی (الثوابت المعصومة) نیە کە مەنهەجی عەقڵی و فیکری مرۆڤـ تێپەڕێنێ، لەڕاستیدا ئەگەر مرۆڤ پێویست بێ پشت ئەستور بێ بەچەند جێگیر (ثوابت)ێك لە کاتێکدا کە پیادەی پرۆسەی بیرکردنەوە دەکات، ئەوا گونجاو نیە لەگەڵ بیروباوەڕماندا بگەڕێینەوە بۆ ئەو چوارچێوە یا بەڵگە نەویست و بنەما و ڕێسا قەتعیانەی جیاواز و ناکۆکن بەوەی شەریعەتی خوایی هێناویەتی، ئەم ئاراستە و بۆچونەی بیرمەندە موسوڵمانەکان لەلایەن بیرمەندانی ترەوە بە کۆتێك بۆی دەڕوانرێ کە دادەنرێت لەسەر هزر و بیرو داهێنکاری و وادەکات بواری بزاوت و جوڵە لەبەردەم ژیری بیرمەندندا سنوردار بێت، ئەمەش کارێکی چاوەڕوانکراوە لەلایەن کەسانێکەوە کە هەمان دیدی ئێمەیان نیە بۆ بیروباوەڕی ئیسلام و یاسا و ڕێساکانی، ئێمە لای خۆمانەوە بەچاوی بەزەییەوە دەڕوانینە ئەوانەی بێبەش بوون لە بەخششی ڕێنمونی و ڕۆشناییەکانی وەحی، ئەوەشی ئەوانی تر(جگە لەئێمە) بە کۆت و بەندو کۆسپی دادەنێت لەڕووی کرانەوەی فیکر و لەبەردەم داهێنکاریدا ئێمە بەچەند ئاراستەیەکی دادەنێین کە هاوکاری ژیری دەکات لە کارەکەیدا و دەیپارێزێ لە وەی ون ببێ لە پانتاییەکانی ڕەهایی و ناکۆکیدا.

لە ڕاستیدا مرۆڤ ژیری بەکاردەهێنێ لە پێناو پەرەدان بەجۆری مرۆیی و چارەسەرکردنی گرفتەکانی و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایش بۆی، کاتێکیش دەقەکانی شەریعەت و حوکم و ئادابەکانی ئەو بوارە دەرەخسێنن و یارمەتیمان دەدەن لەو ڕووەوە، لە کاتێکی وادا نابێ دوودڵ بین لە پەنا بۆبردن و دەست پێوەگرتنی، بەڵام حیکمەت و دانایی خوا وای

خواستوه بەردەوام مرۆڤ پێویستی بە بیرکردنەوەو تێڕامـان بێـت، هـەر بۆیـە تێبینی دەکرێ ئەو شتانەی پەیوەستن بـەکاروباری مرۆڤـــ و بـەهۆی کـات و سەردەم و شوێنەوە گۆڕانکاریان بەسەردا نایەن، شەریعەت بـە دوورو درێـژی باسی کـردووە، هـەروەك لـە کاروبارەکـانی بیروبـاوەڕ و پەرسـتنەکاندا بـەدی دەکـرێ، ئەمـەش وای کـردووە بزاڤـی فیکـر زیـاتر و بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەبواری چڵ و فەرع و جوزئیەکاندا قـەتیس بـبێ، بـەڵام ئـەو کاروبارانـەی بـە پێـــی ســـەردەم و شـــوێن دەگۆڕێـــت، هـــاو وێنـــەی کاروبـــاری کـــارگێڕی و فـــەرمانڕەوایی و پەیوەندیـــە نێـــو دەوڵەتیـــەکان و ڕێکخســـتنی ژیـــانی شارستانیانە، ئەوا دەقەکان تیایدا کەمن، ئەمەش دەرفـەت دەڕەخسـێنێ بـۆ عەقڵی موسوڵمان تاوەکو بزاڤێکـی زۆر فـراوان بکـات لـە ئاسـتی دۆزو قەزیـە گەورە و بچوکەکاندا، ئەوەی بەردەوام گرنگە ئەوەیـە ئیجتهـاد و تەرحـەکانی بیرمەندی موسـوڵمان دژ و ناتـەبا نـەبێت بـەکۆڕا و دەقـە جێگیرەکـان و ئـەو دەققانەی واتا ڕۆشنن (النصوص الصريحة)، بـەڵام ئـەو بابەتانـەی بێـدەنگی لێکراوە و بیروڕای جیاوازی تێدایە، ئەوە بواری دیـد و ڕای جیـاواز ئاسـایی و فراوانە، من بەردەوام دەڵێم: ئەگەر لە جێگیر و کولیەکاندا یەك دەنـگ و ڕێـك بوین، جیاوازی لـە گـۆڕاو و جوزئیەکانـدا زیانمـان پێناگەیـەنێ. (إذا اتفقنـا في الثوابت والكليات لم يضرنا الخلاف في المتغيرات والجزئيات).

بێگومـان کاروبارەکـان بـەو سـوك و ئاسـانیەش نیـە، چـونکە زۆر مەسەلەی ئاڵۆز هەیـە جیـاواز دەبـین تیایـدا کـە ئایـا لـە ئوسـوڵن یـا فـروع؟ هەروەها هەندێ لە ڕۆشنبیرەکانمان کە زیاتر سەرقاڵی فیکرن، لە هەندێ دۆز و قەزیەدا ئیجتهـاد دەکـات کـە درێژبونەوەیـەکی شـەرعی هەیـە، بـێ ئـەوەی ئەوکەسە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی شەرعی پێویست بێـت، مـن هەسـت دەکـەم

کاروبارەکان لەم ڕووەوە بەرەو باشتر بوون دەچن، خوای گەورە پشتیوان و یارو یاوەر بێت لەهەموو بارێکدا.

## ژیری و مێشك:

ناتوانین قسە لەسەر پێکهاتەو پێکهاتنی بیرمەند بکەین ئەگەر بەشێوەیەکی خێرا چاوێك نەخشێنین بە هەریەك لە مێشك (دماغ)و ژیری (عقل)و پەیوەندی نێوانیان، ئەمەش بۆ ئەوەی گەورەیی منەت و فەزڵی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیدا بزانین و ئاشنا بین بە بەشێك لەو موعجیزانەی خوای گەورە هەیەتی لە دروستکراوەکانیدا. ئەو جیاوازیە هەرە گەورەیەی لە نێوان مرۆڤ و دروستکراوەکانی تردا هەیە شتێکی شاراوە نیە، ئەوەندە بەسە بزانین هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤدایە بۆ ئەو ڕام و ژێر دەست کراوە، تاوەکو سودی لێ ببینێ، خوای گەورەش فەرمویەتی(وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ ) الجاثیە:١٣، وە فەرمویەتی ( وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً ) الاسرار:٧٠، بە باشتر دانان و فەزڵی خوایی بۆ مرۆڤ گریێ دراوی ئەو توانا گەورانەیە کە وای لە مرۆڤ کردووە بیرکردنەوەو داهێنانکاری و گۆکردن و نوسینی هەبێ، وە پەیوەستە بە نیعمەتی باوەڕو ناردنی پێغەمبەران، کە پێویست دەکا سوپاس و ستایشی خوای لەسەر بکرێ.

مێشك (الدماغ):

مێشك (کە لە کوردیدا بە مۆخ و سەریش هاتووە) بریتیە لە تۆپەڵێك لە تۆڕو چنراوی چەوری و پرۆتینی، کە کێشەکەی نزیکەی (١٤٠٠) گرام، واتە نزیکەی لە ٢٪ی جەستەیەتی بەشێوەیەکی ناوەندی بەڵام زیاتر لە (٢٠٪)ی وزەی لاشەمان بەکاردەهێنێت. ئەم تۆپەڵە لە نزیکەی ملیارێك خانە

پێکهاتووە، هەر خانەیەکیش دە هەزار پەیوەندی هەیە لەگەڵ خانەکانی تردا، ئایا هیچ تۆڕێکت بینیوە لەم تۆڕە ئاڵۆزو وردتر بێت؟ موولولە گەیەنەرەکانی نێوان خانەکان مواسەفاتی (مواصفات) هێڵی کارەبایی و لولەیان تێدا کۆبۆتەوە، ئەوانە هێڵ و گەیەنەرن لەبەر ئەوەی بارگە (شحنة) دەگوازێتەوە لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی تر، لولەو بۆریشن لەبەر ئەوەی دەزولەو گەیەنەری پڕو داخراو نین، بەڵکو ڕێچکەی بۆشن، کەرەستەی کیمیاوی لەنێو خانەکاندا دەگوازێتەوە، ئەم کەرەستانەش ناو دەبرێ بە گەیەنەر دەمارییەکان (الموصِّلات العصبية)، ئەم گەیەنەرانەش پێشوازیکەری تایبەتی (مستقبلات خاصة) هەیە، هەر گەیەنەرێکیش نامەیەکی دیاریکراو دەگەیەنێت و دەگوازێتەوە، هاندان، دامرکاندن، شادی، خەمباری، تووڕەیی...

هەر مرۆڤێك کە لە دایك دەبێت خاوەنی ژمارەیەك خانە و پەیوەندی گەیەنەرە لەنێوان ئەو خانانەدا، وە هەڵگری چەندین غەریزەی زیندووەو پڕەو ئامادەسازە بە چەندین لێهاتوویی فیتری و خوارِسك، کە پێویستی بە فێرکردن نیەو لە کاتی پێویستیدا وەگەڕیان دەخان، پاشان هەر مرۆڤێك گەیەنەرو پێکهاتەی خۆی بۆ دروست دەبێ، سەیر ئەوەیە هەر مرۆڤێك کاتێك شتێك فێر دەبێ یاخود بە ئەزمونێکدا تێدەپەڕێت، یاخود شارەزایی و لێهاتووییەك بەدەست دەهێنێ لە مێشکیدا خەزن دەبێ و دەپارێزرێ و بازنەیەکی تایبەت بەخۆی دەبێت، هەریەك لە ژینگەو داب و نەریت و ئایین و ڕەگەزو ناسنامەی مرۆڤ پشکداری دەکات لە پێکهاتنی مێشك و دەماغی مرۆڤدا لە ڕێی ڕەسمی ئەو چاڵ و چۆڵیانەی دەیکێشێ، ئەو پەیوەندییەی لەنێوان خانەکاندا دروست دەبێت، هەندێ لە توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە مێشك و دەماغی مرۆڤ کاتێك لەوپەڕی لێوەشاوەیی و توانایدایە

کە مرۆڤ لە تەمەنی سی و نۆ ساڵیدایە، پاشان دوای تەمەنی چل ساڵی وردە وردە دەست پێدەکات بە پاشەکشە بە تایبەت کە لێهاتوویی و توانای جەستە کەم دەبێت بۆ چاککردنەوەی ئەو داخورانەی تووشی ئەو توێژە بووە کە خانەکانی دەماری داپۆشیوە، بەڵام یادەوەری (الـژاکرە) ئەوا هەر لە تەمەنێکی کەمترەوە دەست دەکات بە پاشەکشە کە لەوانەیە لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیەوە بێت.

شتێکی گرنگ دۆزراوەتەوە، ئەویش بریتیە لەوەی ژمارەی خانەکانی مۆخ (مێشك) نزیکە لەوەی جێگیر بێت، بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت بریتیە لە چۆنیەتی پەیوەندی و پێکەوە نوسانی ئەو خانانە، هەرکاتێ کە مرۆڤ خۆی ڕادەهێنێ، مێشك و دەماغی بە بیرکردنەوەوە ماندوو دەکات ژمارەی ئەو گەیاندن و پێکەوە گرێدراویانە زیاتر و باشتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی توانایەکی گەورەتری لە خۆی و ئیستیعاب و بەرزبوونەوەی پلەی زیرەکی، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت خوای بەرزو باڵا ئامێرێکی هەرە گەورەو ئاڵۆزی پێبەخشیوین و کردویەتیە هۆی تاقیکردنەوەمان و مەودایەکی داناوە تاوەکو بیپارێزین و گەشەو پەرەی پێبدەین، سود وەرنەگرتن لەو مەودایە واتای دارمانی مێشك و پاشەکشە پێکردنێتی.

پاش ئەوەی باسمان کرد، گەرەکە (دەبێ) بڵێین: شارەزایی مرۆڤ لەسەر مێشکی تاوەکو ئێستاش سنوردارە، زیاتریش بە سندوقێکی داخراو دەچێت کە لە کونی یەکجار بچووکەوە بۆی دەڕوانین، کە هەندێ شتی لێدەبینین و چەندین شتی تری لێمان ونە، توێژینەوەی زانستی بەردەوامیش ئەو کونانە بەرین و فراوانتر دەکات، وامان لێدەکات ئاشنا بین بە زۆرترین نهێنیەکانی ئەم دروستکراوە سەرسامکەرە، وە کاتێکیش ئاشنای ئەو

تاوتوێیەی زانایان و توێژەران دەبیت سەبارەت بە مێشك و گەورەییەکەی هیچت بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێ بڵێی (هذا خلق الله ... من دونه) سوره لقمان:١١.

ژیری و پەیوەندی بە مێشك (دماغ)ەوە:

لە کاتێکدا مێشك کە شتێکی بەهەست و بینراوە تاوەکو ئێستاش بە زۆرێك نهێنی دەورەدراوە، ئەوا ژیری (عقل) کە شتێکی مەعنەویە، بەردەوام زۆرێك لێڵی و ناڕۆشنی تێدا دەبێت، کە لەوانەیە کۆتاییەکەشی نەبینین، هەر بۆیە ئەوەی لەم بارەیەوە دەوترێ بە دوور نیە لە مەزەندەکردن (تخمین)و لە داهاتووشدا جێی مشت و مڕێکی زۆر دەبێت.

بەشێوەیەکی ئاسایی زاراوەی ژیری (عقل) بۆ وەسفکردنی وەزیفە باڵاکانی مێشکی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت ئەو وەزیفانەی مرۆڤ بەشێوەیەکی شەخسی هۆشیارە تیایدا، ئەوەش لەکاتێکدا کە دەیەوێ مشت و مڕ بکا یاخود بەبیری بێتەوەو ڕوداوەکان شیتەڵ بکاو لۆمەو سەرزەنشتی خۆی بکاو بە پڕۆژەکانیدا بچێتەوە، یاخود لە کاتێکدا هەڵبچێ، سۆزی بجوڵێ و دڵخۆش بێت.... کەواتە مێشك (دماغ) بریتی نیە لە ژیری (عقل)، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە ژیری لە ڕێگەیەوە پەیوەندی دەکات بە جەستەی مرۆڤەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە بەکاری دەهێنێ بۆ گەیاندنی پەیام و بڕیارەکانی. مێشك جێبەجێکاری ویستی ژیری و نێوەندی تەرکیزە زەینیەکانە. هەندێ لە زانایان وا دەڕواننە ژیری کە بریتیە لە کۆمەڵێك لە بیرو شعورو سۆزو هەست و هاوشێوەی ئەمانە... هەندێکیشیان وا بۆی دەڕوانن کە خودێکی سەربەخۆی باڵایە کە کۆمەڵێك بیرو داوەری عەقڵی (محاکمات عقلیة)و هەست و سۆز لەخۆ دەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر وتمان عەقڵ بریتیە لە خودێکی سەربەخۆ، ئەوا پرسیارێکمان ئاڕاستە دەکرێ سەبارەت بە چیەتی ئەو

کەرەستە (مادە)یەی کە عەقڵی لێ پێکدێت: کە ئایا هەمان ئەو کەرەستەیەیە کە جەستە سروشتیەکانی (مادة الأجسام الطبيعية) لێ پێکهاتووە یاخود کەرەستە (مادە)یەکی ترە؟ خۆ ئەگەر وتمان ژیری تەنها بریتیە لە چەند ڕووداوێکی ژیری (حوادث عقلية)، وە هەموو ئەوەی عەقڵ دەیکات بریتیە لە دیزاین کردنی زنجیرەیەك لە ڕوداوە عەقڵیەکان، ئەوا ئەوکاتە پرسیارێك دەخرێتە ڕوو سەبارەت بە سروشتی ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ڕووداوە عەقڵیەکان (الحوادث العقلية)و ڕووداوە فیزیکیەکان (الحوادث الفيزيائية)دا هەیە؟ وە ئەگەر زۆرینەی پزیشك و زانایانی ئەمڕۆ وای دەبینن کە وەزیفەو ئەرك و چالاکیەکانی عەقڵ بە کۆیی لە مێشکدا هەیە، لە کاتێدا ئەوانەی پێشوو لەمەدا جیاواز بوون، وە زۆرێکیشیان هەمان بیروڕای پێشویان هەبووە بەڵام ئەوەی بابەتەکەی لا ئاڵۆزکردوون بریتیە لەوەی کە لە زۆر دەققدا هاتووە کە ئامێری تێگەیستن و هەست کردن (الادراك) بریتیە لە دڵ و (القلب) هەروەك لە فەرمودەی خوای گەورەدا هاتووە: (لهم قلوب لا يفقهون بها) سورة الأعراف:١٧٩، وە فەرمودەی خوایی ( أفلا يتدبرون القرءَان أم على قلوب أقفالُها) سورە محمد ٢٤، وە (فَإِنَّهَا لا تَعْمَى الأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ) سورە الحج ٤٦، ئەوان ئەوەیان دەزانی و هەستیان بەو دەکرد کە دڵی بەرهەست (القلب الحسى) لەم دەققانەدا مەبەست نیە، بەڵکو بریتیە لە ترۆمپایەك بۆ گەیاندنی خوێن بە بەشەکانی جەستە، هەر بۆیە هەیان بووە وتویەتی: مەبەست لە دڵ لەو ئایەتانەی باسکرا بریتیە لە دڵی مەعنەوی ڕوحانی پەیوەست بە دڵی گۆشتی، هەیانبووە وتویەتی: دڵی هەر شتێك ناوەخنەکەیەتی (ان قلب الشيئ هو باطنه)، پاشانیش ئامێری تێگەیشتنیش بریتیە لە ناوەخن و ناوەوەی مرۆڤ، ئەو ناوەخنە (باطن)ش بریتیە لە دڵی گۆشتی یاخود مێشك (دماغ). وە

هەندێ لە توێژەرەوانی ئەمڕۆش باس لـەو دەکـەن کـە هەنـدێ لەوانـەی دڵـی سروشتی و سناعیان بۆ چـێنراوە سـۆزو عاتیفـەیان بـە شـێوەیەکی ڕیشـەیی گۆڕراوە کە ئەمەش بە کرداری بەڵگەی ئەوەیە کە دڵی گۆشتی مـادی بریتیـە لە چەقی هەست و سۆزەکان... بەڵام بـە بۆچـوونی مـن ئـەوەی لـەم ڕووەوە بـاس دەکـرێ لـەوە تێپـەڕ ناکـات کـە چـەند بـارێکی تاکـە کەسـی (حـالات فردیة)یە، کە لە ڕیزپەڕی نـزیکترە، شـیمانەی وەهـم و هـەڵیتی و پلێتـی لـەم جۆرە بابەتانەدا چاوەڕوانکراوە، خوای گەورەش زاناو داناترە.

ژیری دوو ژیریە:

هەروەك زانراوە زانایـان ژیـری دەکەنـە دوو بەشـەوە: ژیـری یەکـەم (العقل الأول) و ژیری دووەم (عقل ثان)، وە ژیری دووەم لە ڕاستیدا بریتیە لە مەعریفەو شارەزایی بەدەستهاتوو، بە ئیزنی خوا دواتر باس لەوە دەکەم.

ژیری یەکەم لە پێناسەیەکی ئاسان و سـادەدا بریتیـە لـە: کۆمـەڵێك تواناو ئامادەگی و بنەمای سەرەتایی کە خوای گەورە بەخشیویەتی بە مرۆڤ، ئەمەش بەوەی هەریەکەمان خاوەنی توانای جۆراوجـۆری وەکـو بیرکردنـەوەو خەیاڵکردن و پەیوەندی دروستکردن لەنێوان شتەکان و توانای شـیتەڵکردن و پێکەوە بەستن... هەروەها هەرکەسەش خاوەنی کۆمەڵێ بنەمای سـەرەتاییە کە دروستکەری چەند کۆڵەکەیـەکی سـەرەکی بـۆ بونیـادە فیکریـەکانی، ئـەم بنەمایانەش جیهانین و بە جیـاوازی بنەچـە نەتـەوەیی و ڕەگـەزی و زمـانی و ئایینی و بگرە کات و شوێنەکانیش جیاواز نابن.

ئەمەش چەند نمونەیەکی ڕاڤەکەری ئەو بنەمایانەیە:

_ هـەموو دەزانـین کـە دوو دژ کـۆ نابنــەوە (النقیضـین لا یجتمعـان)، ئـەو ئۆتۆمبیلـەی لـە شـەقامدایە یـا دەبـزوێ یـا نـەبزواوە، نـاکرێ لـە یـەك کاتـدا

نەبزواوو بزواو بێت. هەروەها دەڵێن: موستەحیلە ئەو ئۆتۆمبیلە خاڵی بێت لە یەکێك لەو دوو دژەو یەك لەو دوانە نەبێت.

_ هەموو دەزانین پەرداخێکی بچووك جێگەی پەرداخێك ئاوی گەورەی تێدا نابێتەوە، وە دەزانن کیسەو زەرف لە ئاخزامەکەی فراوانترە (الظرف أکبر من المظروف)، وە دەزانن هەموو لە بەشەکەی گەورەترە (الکل أکبر من جزئە)، گوێی ئازاد لە جەستەی گەورەتر نیە، ئەستێرەش لە مەجەڕە گەورەتر نابێت.

_ ئێمە دەزانین ئەوەی کە شتێکی نیە ناتوانێ بیبەخشێ (فاقد الشیئ لا یعطیە)، وە کاتێکیش بە منداڵێك دەڵێین کولێرەیەکمان پێبدە، پێت دەڵێ: کولێرەم نیە، کاتێکیش سور دەبی لەسەر داواکردنەکەت، ئەوا پێت دەڵێتەوە: پێتم نەوت: کولێرەم لا نیە، چۆنت پێبدەم، واتە ئەمە شتێکی نەگونجاوو موستەحیلە.

_ ئێمە دەزانین قورسکردنی پارسەنگ بە بێ بوونی لارە سەنگ پوچ و بەتاڵە (الترجیح بغیر مرجّح باطل)، هەر بۆ نموونە کاتێك تەرازویەکمان دەبێ و دوو لای وەکو یەکی هەیە ئەوا ژیری بڕیاری وایە کە ئەو لایە لە یەك ئاستدان مادەم لە یەکێکیاندا شتێك نیە قورستری بکات و ئەویتریان سوك بکات، یاخود هەوا بجولێنێ، یان پەستانی لەسەر دروست بکا... مەنتقیەکان (ژیربێژەکان) وتویانە: سوڕانەوە پوچە (الدور باطل)، واتە موستەحیلە و ژیری بوونی شتی وا وێنا ناکات (العقل لا یتصور وجودە)، بۆ خولانەوەش نمونە زۆرە. لەوانە: ئازاد نەوزادی بە کۆڵەوەیەو هەڵیگرتووەو نەوزاد ئازادی هەڵگرتووە و بە کۆڵیەویەتی، هەریەکەیان هەڵگری سیفەتێکی دژ بەویتر بێت، (ئەم نموونەیە ڕوون نیە_فاتح_)، وەکو ئەوەی شتەکە هۆو هۆکار (علە ومعلول) بێت لە یەك کات و ساتدا، وەك ئەوەی بڵێین: شوێنی چاك ئاوی بۆ

دەچێت، وە هەروەها... منالّی پێنج ساڵە بەم بنەمایانە ئاشنایە، لەسەر ئـەو بناغەیەش بیردەکاتەوە، لێرەشدا نامەوێ لێکۆڵینەوە لەکاتی بە دەستهێنانی بکەم، وە ئایا لە کـاتی لـە دایکبوونیـەوە بـە دەسـتی هێنـاوە، بـەڵام زمـانی دەربڕینی نەبووە، یاخود لە ڕێگەی هەست و بینینـەوە بـە دەسـتی هێنـاوە، گرنگ ئەوەیە هەموو خەڵکی خاوەنی ئەم بنەمایانەن و لەسەر ئەو بناغەیـەش بیردەکەنەوە. ڕونیشە ژیریمان_هەروەك ئاماژەمان پێیدا_ ژیریمان بریتیە لـە چەند چەمك و بیرو سـەرنج و هەسـت و سـۆزێك کـە بەشـێوەیەکی گشـتی لـە سەرچـاوەکانی هەسـتەوە: بیسـتن و بیـنین و بـۆنکردن و چێشـتن و دەسـت لێدانەوە پێکدێت، ئەو سەرچاوانە زۆربەیان پێکەوە گـرێ دراون، ئـەوەش لـە ڕێی هاوکاتی (المتزامن) و ڕووداوی هاوکاتەوە، لەسـەر ئـەو بناغەیـە دروسـت دەبێ و کاری لەسەر دەکرێ، منالّ لە کاتی شـیرپێداندا خۆشـحالّ و شـادمان دەبێت، چونکە هەسـت بـەو خۆشـی و چـێژە دەکـات کـە لـە مـژینی مـەمکی دایکیــەوە هەســتی پێکــردووە، ئــەو خۆشــی و چــێژەش بــەهۆی دووبــارە بوونـەوەی چـەندەها جـارەوە لـە زەینیـدا چەسـپیوە، زۆرێـك لـە منالّـانیش دەسـت دەکـەن بـە گریـان کـاتێ دەبیـنن عـەبای ڕەشـی پۆشـیوە، ئەمـەش لەبەرئەوەی پۆشینی عەباو دەرچوون لە مالّ و بە جێهێلّانی لـە مێشـکی ئـەو منالّەدا بەهۆی دووبارە بوونەوەی لای ئەو منالّە چەسپیوەو لێی تێدەگات.

کاتێك خێرخوازێك بەلای کەسێکی هەژاردا تێدەپەڕێ، لەوانەیە دلّـی هەژارەکە بفـڕێ کـاتێ کـە دەبـینێ خێرخوازەکـە جیزدانەکـەی لـە گیرفانیـدا دەردەکات، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو خێرخـوازە چـەندین جـار هاوکـاری ئـەو هەژارەی کـردووەو سـەدەقەی پێیـداوە، تێپـەڕینی ئـەو خێرخـوازەو دەسـت بردنی بۆ گیرفانی لای ئـەو هـەژارە پەیوەسـتە بـە دەسـتکەوتنی سـامانەوە، بـەڵام ئـەو کەسـەی پیشـەی بووەتـە سـواڵکردن، ئـەوا بونیـادی فیکـری لـە

بەرامبەر خێرخوازان و سەدەقەکردن و بەخشین زۆر فراوانترە، ئەزانێت لە کوێ دادەنیشێت و لە کێ داوای سەدەقە دەکات، ئاشنایە بەوەی چی دەبێ بڵێ و چی دەبێ بپۆشێت بۆ ئەوەی سۆزی کەسانی تر بە لای خۆیدا ڕاکێشێت، (سواڵکەری) هونەرێکی کامڵ و تەواوەو بنەماو ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆی هەیەو پیاوو سوارچاك و شارەزاو لێزانی تایبەتی دەوێ! منالّی بچووك لە کاتێکی زووی تەمەنیدا ئاشنای (ئاو) دەبێت، بۆی دەگەڕێ، لە کاتی هەستکردن بە تینوێتیدا بە دوایدا وێڵە، منالّ وا گومان دەبات هەموو ئەو شلەمەنیانەی ڕەنگی ئاویان هەیە دەکرێ بخورێنەوەو هەمان تامی ئاویان هەبێ، بە تێپەرینی کاتیش بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە وا نیە، بەلّکو پاش ماوەیەك بۆی دەردەکەوێ هەندێ ئاو هەیە شیرینە، هەشە سوێرەو بۆ خواردنەوە ناشێ، بەم شێوەیە ژیری مرۆڤ لەمیانەی بنیاتنانی زۆرترین بونیەی فیکریەوە پێکدێت، لەگەڵ هەموو بونیەیەکی فیکری و پۆلێنێکی نوێی شتەکاندا گەشەی تۆڕو تەوەرە دەمارییەکان (مشابك و محاور عصبیە) بەدی دێت بەمەش لەگەڵ گەشەکردنی فیکردا مێشك و دەماغیش گەشە دەکات، مێشکی گەشە کردوو (الدماغ النامی) بنەماو بنەما فیکریەکان کە ڕیشەدارو چەسپاون دەگۆڕێت بۆ چەند ئامرازێك کە بە کاریان دەهێنین لەمیانەی تێگەیشتنمان بۆ بوون و بڕیاردانمان بەسەر شتەکاندا، گومانی تێدا نیە ئەو بونیادانە بەردەوام دروست و تەواو نین، ئەو تەواوو دروستی و نوێیانەی تێیدایە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، هەر لێرەوەیە (عەقلّیات)ی جیاوازمان بۆ دروست دەبێت، بەهۆی جیاوازی ئەوعەقلّیەتانەوە تێڕوانینمان بۆ شتەکان و ئەو بڕیارانەشی بەسەریاندا دەیدەین جیاوازە. لەوانەیە لە ڕاڤەکردنی ئەم دۆزو قەزیە زۆر ئالّۆزەدا کەوتبێتمەوە ساکارکردنەوەو سادە پیشاندان (تبسیگ)ەوە، هەر بۆیە دەکرێ خوێنەری

بەڕێز ئەم ڕاڤەکردنە وەك نزیککردنەوەیەك و خستنەڕوویەکی نایەکلاکەرەوە دابنێ. ئەوە ماوە بڵێم: زانایانی کۆنمان وا سەیری ژیرییان کردووە کە ئامرازێکی ڕێنماو ڕێ نیشاندەرە تاوەکو ڕێی ڕاستی پیشانی خاوەنەکەی بدات، هەروەها ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی خودو لەغاوکردنی حەزەکان و دوورخستنەوە لە ڕێگەی خراپەو ڕەزیلەت، وە هەر شتێکی تر کە زیان بە مروئەت و پیاوەتی دەگەیەنێت، کاتێکیش نوسینەکانیان لەم بارەیەوە دەخوێنینیەوە وەها خەیاڵ دەکەین ئەوان چەمکی ژیری (عقل)یان بە شتێکی هاوشێوەی چەمکی دانایی (الحكمة) چواندووە، لەم بارەیەوە سوفیانی سەوری دەڵێت: (ژیری ئەو کەسە نیە چاکە لە خراپە جیا دەکاتەوە، بەڵکو ژیر ئەو کەسەیە دەزانێ کامە چاکەیەو شوێنی دەوێت، خراپە کامەیەو خۆی لێدەپارێزێت) وە موحەممەدی کوڕی وەردی کوڕی نەسرەوەیە دەڵێ: (ژیری ئەوەیە خۆڕاگری و حیلمت زاڵ بێت بەسەر نەزانی و حەزەکاتنا)، سوفیانی کوڕی عویەینە وتویەتی: ( سەیری ژیری (عقل)ی مرۆڤ مەکەن لە ڕێی گوفتارەکانیەوە، بەڵکو لە سەرنجامی کاروبارەکانیەوە بۆی بڕوانن) واتە لەو ڕووەوە بۆی بڕوانن کە چۆن بە باشی کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات.

ئەمە تێڕوانین و ئاڕاستە ئەخلاقی و سلوکیە لە ڕوونکردنەوەی واتای ژیری (عقل)دا، جۆرێك لە پەیوەندی پێکدەهێنێت لە نێوان بەرهەمەکانی بەکارهێنانی عەقڵ و بەرنامەی خوایی و ئادابە شەرعیەکاندا کە موسوڵمان باوەڕی پێیەتی، گومانیشی تێدا نیە گەورەترین وەزیفەی ژیری بریتیە لەوەی یارمەتی یەکتری بدرێ تاوەکو بەو شێوەیە ژیان بگوزەرێ کە خوای گەورە مەبەستێتی و مرۆڤەکان لە سزای خوایی ڕزگار ببن، کاتێکیش چاو لەم واتایە دەپۆشین، ئەوکات کەسانێکی زۆری زیرەك و داهێنەرمان بۆ

بەدی دێت. بەڵام دانا (حکیم)و بیر تیژو ڕۆشن عەقڵەکانمان کەم دەبن، ئەمەش هیچ کات ئاماژەی باشی و سەرکەوتن نیە.

## یەکە مجار حەقیقەت:

ڕەواو ڕاستەقینە (الحق والحقیقە) دوو پایەی گرنگی ژیانی مرۆڤایەتین، بەدەستهێنانی ڕەوا واتای سەقامگیری کۆمەڵگەو بەرگریکردنی ئەو دەگەیەنێ لە بەرامبەر زیان و خراپەکارییەکانی دەست درێژی و توغیان و حەزە خراپەکانی... تێگەیشتن لە ڕاستیەکان ئەوە دەگەیەنێ ئێمە خۆمان ناسیوەو ئاشناین بەو ژینگەو دەوروبەرەی تیایدا دەژین، دەزانین ڕابردوومان چۆن بووەو سوننەت و ڕێسای خوایی بە چ شێوەیەکە لە دروستکراوەکانیدا، ئەمەش مەرجێکی گرنگ پێکدەهێنێ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەو خۆشگوزەرانی و تێپەڕاندنی زۆرێك لەو گرفتانەی بە دەستیەوە دەناڵێنێ. خزمەتکردنی ڕەواو ڕاستەقینەو بەرگری لێکردنی و پابەند بوون بە واتاکانیەوە کاری دەروون گەورەکانە، خوای گەورە هەواڵی پێداوین هەندێ لە خەڵکی کارلێکردنیان لەگەڵ ڕەواو حەزکردنیان بە ناسینی دەگاتە ئاستی گریان: (**وإذا سمعوا ما أنزل إلى الرسولِ ترى أعيُنهم تفيضُ من الدمع مّما عرفوا من الحق يقولونَ ربّنا امنا فاكتبنا مع الشاهدين**) سورة المائدة:**٨٣.**

شەیدابوونی ناسینی ڕاستەقینەکان لە ڕەوشتی بیرمەندە گەورەکانە، چونکە قورسە بیرمەندێکی گەورە ببینینەوە گرنگی نەدات بە دەستکەوتنی پلەیەکی باڵای ڕوونی لە هەموو ئەو دۆزو مەسەلانەی بیری

لێدەکاتــەوە، ئەمــەش لەبەرئــەوەی گرنگیــدان بەمــەو هەوڵــدان بــۆی لــەو کاروبارانەیە جیاوازییەکی جەوهەری دروست دەکات لە نێوان بیرمەندو ئەوانی تر لەو پسپۆڕانەی کە لەوانەیە زانیاریەکی زۆریان لەلا بێت. بـەڵام خوازیـاری لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەکان یاخود داڕشتنی بیرو هزرە گەورەکان نین.

قەزیــەکانی دۆزینــەوەی ڕاســتەقینەی تێگەیشــتن و ڕێزلێگــرتن و خزمەتکردنیان چەند قەزیەیەکی قرە لقن، ناڕۆشنێکی زۆری تێدایە، پێویستی بە ڕاڤەکردنێکی فرەو زۆر هەیە، هەر بۆیە هەوڵ دەدەم بە پێی توانا هەنـدێ تیشك بخەمە سەری لە پێناو نزیککردنەوەی بۆ خوێنەری بەڕێز:

١_ ڕاستەقینە بریتیە لەو شتانەی لە بـوون و سـەلماویەتی دڵنیـاین، گومـانی تێـدا نیـە هەنـدێ لـە ڕاسـتەقینەکان سـەلماوێتی ڕوون و ئاشـکرایە تەنانـەت ئەگەر نەشیبنین، بوونی پێغەمبەری خوا لـە قۆنـاغێکی مێـژوویی دیـاریکراودا ڕاستەقینەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، گومانیش لـەوەدا نیـە وڵاتێـك هەیـە نـاوی چینە... ئەم جۆرەی ڕاستەقینەکان چەسپاوو هەست پێکراوو سادەیە، بەڵام بەشێکی زۆر هەیە لەو ڕاستیانەی لە ژمارە نایەن و تاوەکو ئێستاش جێگـەی مشت و مڕن.

هەموو شتێ دوو بوونی هەیە: بوونێکی مادی لە واقعداو بوونێکی مەعنەوی لە ژیری و عەقڵماندا، کە ئەوەش بریتیە لەو وێنە زەینیەی کێشاومانە سـەبارەت بەو شتە یاخود ئەو بڕیارانەی لەو بارەیـەوە داومانـە، هـەر بـۆ نموونـە: ئێمـە کاتێك دەڵێین: فلانکەس شارەزاترین کەسە بە ڕێبازی مالیکی، ئەمە ئەو وێنە زەینییە پێکدەهێنێ بۆیمان کێشاوەو ئەو بڕیارەیە داومانـە بەسـەریدا، بـەڵام لە واقعدا لەوانەیە وابێت یان وا نەبێت، بەڵگەش لەسـەر ئەمـە ئـەو نـاکۆکی و جیاوازییەیە لە نێوان زانایاندا هەیە سەبارەت بەوەی کە فلان زانا یـان ئـەوی تر شارەزاو زاناترین کەسی سەردەمی خۆی بووە؟ وە لـەوەی فلانکـەس یـان

ئەوی تر ئازاترین کەس بووە...؟ یەك واقع و یەك ڕاستەقینە هەیە، بەڵام ئەو وێنە زەینیەی کێشاومانە جیاوازە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ پێویستە هەریەك لە ئێمە کاتێك بڕیار دەدەین ئەوە بزانێ کە سەرقاڵی پیادەکردن و مومارەسەی ئیجتهادین، ئەوەش دەزانین موجتەهید هەڵە دەکاو ڕاستیش دەپێکێت. بە دەربڕینێکی تر هەندێ ڕاستەقینە هەیە جێی یەکڕاییە، هەندێ بیرو بۆچوونی زانایانیش هەیە تاکە کەسی و شەخسیە، وە ڕەوتی زانستی لەسەر هەموو ئاستەکان بەرەو پاڵفتەکردنی بیرو بۆچوونەکان و تێپەڕاندیان هەنگاو دەنێ بەرەو ئاراستەی سەقامگیرکردن و بنگرتنی زیاتری ڕاستەقینەکان، لە ڕێگەی خستنەڕووی زیاتری بیروبۆچوونەکانەوە، لە نێو تێکچڕژانی زۆرێك لە جوڵە مەعریفی و عەقڵیەکاندا لەوانەیە هەندێ بیروبۆچوون بگۆڕێن بۆ ڕاستەقینەیەکی چەسپاوو ڕیشەدار، لەوانەشە ڕاستەقینەیەك کە ڕۆژێك لە ڕۆژان جێگەی یەك دەنگی بووە، بگۆڕێ بۆ قسەیەك کە یەکێك لە زانایان دەیڵێ و جیاوازە لەگەڵ ئەوانی تردا، ڕاستیەکەشی ئەوەیە کاتێك کە نەزانی باڵ دەکێشێ و ژیری دەوەستێنرێت و لە کاردەخرێت، خەڵکی زۆر بە خێرایی بڕوا بەو شتانە دەکەن کە دەیبیستن و وا وەریدەگرن کە ڕاستیەکی جێگیرو چەسپاوە، لەگەڵ ئەوەی لە واقعدا تێناپەڕێ لەوەی کە تەنها بریتیە لە بۆچوونێك لەو بۆچوونانەی کە هەیە، هەر بۆ نموونە سەیری بۆچوونی زۆرێك لە پزیشکە دێرینەکان و تێڕوانینەکانیان بکە سەبارەت بە دەست نیشانکردنی نەخۆشیەکان و دانانی چارەسەری و دەواکان، دەبینی خەڵکی ئەو سەردەمە وەکو ڕاستەقینەیەکی جێگیر بۆیان ڕوانیوە، کە چی ئەمڕۆ دەردەکەوێت زۆرێك لەوانە ڕاست و دروست نەبوون، ئەمەش لە هەموو زانستەکاندا بەبێ هەڵاوێردن (استپناو) ڕوویداوە.

٢_ ژێری مرۆییانه: تا ڕادەیەکی زۆر سنوردارە بە سنوری ئەو هەستانەی خوای گەورە پێی بەخشیوین وە بەوەی وزەی هەستەکانمان بە هەمان شێوە سنوردارو لاوازە لە بەرامبەر تەواسولّ لەگەڵ شتەکان و تەماس و یەکانگیری لەگەڵ هەست پێکراوەکان (مدرکات)دا، تەوەقوع و چاوەڕوانیش ئەوەیە توانای زانینی ڕاستەقینەکانمان تا ڕادەیەك سنوردارە، سوننەت و ڕێسای خواییش لەم بارەیەوە بریتیە لەوەی بە ئەندازەی نزیك بوونەوەمان لەو شتەی دەمانەوێ ببینین و بیناسین ئەوا پانتاییەکی کەم و وردەکارییەکی زۆر بەدی دەکەین، وە بە ئەندازەی دوورکەوتنەوەشمان پانتاییەکی زۆرترو وردەکارییەکی کەمتر دەبینین، ئەمەش بەسەر بابەتە مەعنەوی و مادییەکانیشدا پیادە دەبێت، هەر بۆ نموونە ئەو کەسەی پسپۆڕە لە مێژووی هاوچەرخی شارێك لە شارەکان، وردەکاری و شارەزاییەکی زۆر زیاتری دەبێت لەو کەسەی پسپۆڕە لە مێژووی دەوڵەتێکدا کە دەیان شاری تێدایە، وە ئەو کەسەی پسپۆڕە لە مەنسەکەکانی حەجدا وردەکارییەکی زۆر زیاتر دەزانێ لەو کەسەی لە هەموو بوارو بابەتی فیقهدا دەخوێنێ... ئەوەی کە وتمان ئەبێ چی بگەیەنێ سەبارەت بەو کەسەی دەیەوێ موحاکەمەی عەقڵی لای خۆی بەرەو باشی ببا؟ ئەمە شتێکی گرنگ دەگەیەنێت، ئەویش بریتیە لەوەی چڕکردنەوەی توێژینەوەو تێگەیشتن و شارەزایی و لێزانی لە بابەتە بچووکەکاندا وامان لێدەکات بەشێوەیەکی باش لێی تێبگەین، بەڵام ئەمە بێبەشمان دەکات لە تێگەیشتنی شتێکی گرنگ، ئەویش بریتیە لە بەرینکردنی (فراوانکردنی) مەعریفی ئەو بابەت و پەیوەندیانەیە دەیان بەستێ (گرێیان دەدا) بە زانستەکانی ترەوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەی پسپۆڕ بوون لە مێژووی شارێکدا، دەبینین کەسی پسپۆڕ بۆی گرنگە شتێك بزانێ لە مێژووی ئەو شارە لە چەرخەکانی پێشوودا، لەگەڵ جۆری ئەو پەیوەندییە

ڕۆشنبیری و بازرگانیەی لەگەڵ شارەکانی تردا بوویـەتی، ئەمـەش دەخـوازێ سەبارەت بە جوگرافیاو زمان و زانستە مرۆیی و زانستەکانی تر بخوێنێتـەوە، ئەگەر ئەمەش نـەکات هەسـت دەکـات شـارەزایی بـەو شـارە کـەم و کـورت و ناتەواوە. بەڵام ئەو کەسەی لە چەندین پسپۆڕیدا دەخوێنێ بێ ئەوەی گرنگی (تەواو) بە هیچ یەك لەوانە بدات، ئەوا لە چەندین کێڵگەی (حقول) مەعریفـەی فراوان خۆی هەڵ دەقورتێنێ، ئاگاداری زۆر زانیـاری دەبـێ، بـەڵام خـۆی بـێ توانا دەبینێ تەحقیق بکات لە زۆربەی ئـەو مەسـەلانەی ئاشـنا دەبـێ پێـی و زانیاری لەسەری هەیە، وە بێ توانایە لەوەی ئیزافە بکـات بـۆ هـیچ یـەك لـەو زانستانەی خوێندنەوەی بۆی هەبووە، لەوانەیە خوێندنەوە پەرت و بڵاوەکانی عەقڵێکی پڕ لە وەهم و مەعریفەی نـا پاڵفتـەو نـا وردی پێکهێنابێـت، کەواتـە دەبـێ زانسـتخواز لـە ٦٠٪ هـەوڵ و تواناکـانی بخاتـە گـەڕ لـە پسـپۆڕییەکی دیاریکراودا، لە ٤٠٪ی دابنێ بۆ خوێندنەوەی پانتایی و فراوانکردنـەکانی ئـەو پسپۆڕییەو زانستە شەرعی و گشتیەکان.

٣_ یەکێك لە ئامانجەکانی قورئانی پـیرۆز بنیاتنـانی (مرۆڤـی ڕاسـتەقینەیە)، ئـەو مرۆڤـەی بـەدوای ڕاسـتەقینەدا وێڵـەو دانـی پێـدا دەنـێ، کـاتێکیش دەیدۆزیتـەوە گـەش و دڵخـۆش دەبـێ، بـە پێـی پێـدراوەکانی (معگیاتهـا) گۆڕانکاری لـە بیرکردنـەوەو بارودۆخیـدا دەکـات... هـەر لـەم چوارچـێوەیەدا دەبینین خوای گەورە موسوڵمانان فێر دەکات کـە شـتەکان بـەناوی خۆیـەوە ناو بنێن: سەرکەوتن سەرکەوتنە، شکست و شکسـتە، بـەڵکو قورئـانی پـیرۆز سەرزەنشتی پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەکات لەسەر هەندێ هـەڵس و کەوت وئیجتهادەکانی، ئەمەش بۆ ئەوەی ئاڵای حەقیقەت بڵندو شەکاوە بێ و مەشخەڵەکانی ڕوون و ئاشکرا بن.

لـــه جـــەنگی ئوحـــوددا هاوبەشـــی پەیداکـــەرەکان هەســـتیان کـــرد سەرکەوتنێکیان بەسەر موسوڵماناندا بەدی هێنا، ئـەو شـورەییەیان سـڕیەوە کە لـە بـەدردا بەسـەریان هـات، لەگـەڵ ئـەوەی هـەموو ئامانجـەکانیان بـەدی نـەهێنا، لـە کاتێکـدا موسـوڵمانان سـەرقاڵی سـاڕێژکردنی برینـەکانیان و لـە هەوڵی گێڕانەوەی هاوسەنگیدا بوون، قورئان دابەزی تاوەکو خاڵ لەسەر پیت دابنێ سەبارەت بە هۆکارەکانی شکست و نادیاری و شڵەژان و شپرزییەکانیان هەر وەك فـەرمووی ((وَلَقَـدْ صَـدَقَكُمُ اللَّـهُ وَعْـدَهُ إِذْ تَحُسُّـونَهُمْ بِإِذْنِـهِ حَتَّـى إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَازَعْتُمْ فِي الأَمْرِ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ مَـا أَرَاكُـمْ مَـا تُحِبُّـونَ مِـنْكُمْ مَـنْ يُرِيدُ الدُّنْيَا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الآخِرَةَ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ وَلَقَدْ عَفَا عَنْكُمْ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ)) سـورة ال عمـران:١٥٢، وە فـەرمووی ((أَوَلَمَّـا أَصَابَتْكُمْ مُصِيبَةٌ قَدْ أَصَبْتُمْ مِثْلَيْهَا قُلْتُمْ أَنَّى هَذَا قُلْ هُوَ مِنْ عِنْـدِ أَنْفُسِـكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَـدِيرٌ)) ال عمـران:١٦٥، لێـرەدا قورئـانی پـیرۆز هۆکـاری شکسـتەکەی ئوحودیـان بـۆ ڕوون ناکاتـەوە، بـەڵام پێیـان دەڵـێ چ دونیـا ویستیەك لە ناخی هەندێکیاندایەو چۆن هـەوڵ دەدەن بۆ دەستکەوتەکانی. خوای گەورەش وەك سەرزەنشـتێکی پێغەمبەرەکـەی دەفـەرمویَ ((وَإِذْ تَقُـولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّـقِ اللَّـهَ وَتُخْفِـي فِـي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ.....)) الأحزاب:٣٧

عائشە خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێ (لو كتم رسـول الله صـلى الله عليە وسلم شيئاً من القرءَان لكتم هذه الأية) ئەگەر پێغەمبـەری خـوا شـتێکی لە قورئان بشاردایەتەوە، ئەوا ئەم ئایەتەی دەشاردەوە.

ئایەتەکانی سەرزەنشت زۆرو ناسراون، مەبەستیش لێی دەرکەوتن و ئاشـکراکردنی ڕاسـتیەکان و ئاشـنابوونی خەڵکیـە پێـی تـاوەکو بـزانن چـۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

٤_ گەڕان بەدوای حەقیقەت و ڕێزگرتنی و ئاشکراکردنی ئازادمان دەکات لە زۆرێك لە نەخۆشیە ڕەوشتی (خولقی)و دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، گرنگترین شتێ کە بەهۆی حەقیقەتەوە ڕزگار دەبین لێی بریتیە لە وەهم و خۆخەڵەتاندن و ڕوانین بۆ شتەکان بە پێچەوانەی ئەوەی کە هەیە. ڕوونە کە مرۆڤ توانایەکی یەکجار گەورەو بێ شوماری هەیە لەناونانی شتەکان بەدەر لە ناوی خۆی و بەشێوازێکی دی، وە ئەو مرونەت و دەوڵەمەندی و شێوازانەی لە زماندا هەیە، زۆر یارمەتی دەرن لەم ڕووەوە، هەر بۆنموونە، دەتوانین لەسەر ئاستی عیمرانی و ئاوەدانیەوە بە چەند دەربڕێنێك ناوی وڵاتە دواکەوتووەکان ببەین و بڵێین ئەو وڵاتانە: دواکەوتوون (مختلفە)و زۆر دواکەوتوون، وە دەکرێ بڵێین: ئەوانە تازە پێگەیشتوون (گەشەسەندون) (نامیە)و ڕاپەڕیون، هەنگاونەرن بەرەو داهاتوو (واعدە)، بەرەو پێشکەوتن دەچن، وە دەکرێ بڵێین: زۆر لایەنی پڕشنگداریان هەیە، و بڵێین: لە هەندێ ڕووەوە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لە سەروترن ... دەبێ کام لەم دەربڕینانە زیاترو وردتر بن بۆ دەلالەتکردن لە واقعەکە؟ وە ئایا دەکرێ هەمویان بەیەك پلە بەشدار بن لە ڕاستیدا دەلالەتەکە (صدق الدلالە)دا، یاخود ئەمە نەگونجاوە؟ وەڵامەکە هەرچیەك بێت، ئەوا بەسە بۆ هەستکردن بە ڕاستیەکان و دان پێدانانی، سەرەڕای ئەوەی ئەم دووە، دەرگای ڕەخنە لە خۆگرتن و پێداچونەوەی هەڵەکان و دەست نیشانکردنی چارەسەرو نەنگیەکانمان لەبەردەمدا والآدا دەکات، ئەمەش ئەرکی هەموو ئەو کەسانەیە کە چاکسازو بانگخوازو بیرمەندو سەرکردەی بیروڕان. بۆ ئەوەی حەقیقەتەکان ڕزگارمان بکەن ئەوە دەبێ بەرگەی ئەو ئێش و ئازارانە بگرین کە بەدی دێنێ و ئەو شکستانەی کە دەری دەخا، گوناهبارو تاوانکاریش دەبێ بەرپرسیارێتی گوناهو تاوانەکانیان هەڵبگرن، ئەوانەشی شتێکیان بە

دەستکەوتووە کە مافی ئەوان نەبووە، پێویستە دەست هـەڵگرن، وە ئـەوەی داگیریان کردووە بیگەڕێننەوە بۆ خاوەنەکانی ئەگـەر دەیانـەوێ حەقیقـەت و ڕاستی ڕزگاریان بکات لەو بێسەرو بەرییە ناوخۆییە هەیانـە ڕێگـر بـێ لـەوەی بـەرەو لەناوچـوون بچـێت. ڕاسـتی و حەقیقـەت ڕزگارمـان دەکـات بەمـەرجێ خۆمــان ئــەو ڕزگارییــە قبــوڵ و پەســەند بکــەین، ئــەگینا شــڵەژان و سەرسوڕمانەکانمان زیاتر دەبێت.

٥_ ئەگەر کار بە ناوەڕۆکەکانی بکـەین بـۆ بنیاتنـانی کۆمەڵگـەی حەقیقـەت، لەو ڕێسایانەش:

أ_ کاتێ دەمانەوێ لە کاروبارە کۆمەڵایەتیەکاندا بـە ڕاسـتی و حەقیقەتـەکان ئاشنا بین، وە کاتێ دەمانەوێ شیتەڵی مێژوو بکەین و پەندی لێ دەربکـەین، وە کاتێ دەمانەوێ لە واقعە ئەخلاقی و شارستانی و ژیارییـەکانمان بگـەین و ئەدگارەکانی دەست نیشان بکەین، ئەوا ئەوکاتە لە چەند ناوچەیەکی تـەڵخ و تاریکـەوە بـزاوت و جوڵـە دەکـەین، ئەوکاتـە هەسـتکردنمان بـە ڕاسـتیەکان جوزئی و وێژەیی دەبێت، هەر بۆ نموونە کـاتێ ئێمـە دەڵـێین: تـا چ ڕادەیـەك کۆمەڵگــەی شــاری فڵــانی دەدەنرێــت بــەوەی پابەنــدن بــە حوکمــەکانی ئیسلامەوە، بۆ وەستان لەسەر وەڵامی دروست ڕووبەڕووی گرفتـی پێناسـەی پابەندبوون (الالتزام) دەبینـەوە، سـەرەڕای گرفتـی ناسـینی واقعـی خـەڵکی، ئەگـەر پرسـیار لـە خـەڵکی بکـەین سـەبارەت بـە پابەندبوونـەکانیان، ئایـا بەشێوەیەکی باش لە واتای پابەندبوون (الالتزام) دەگات؟ ئەگەر زانیان، ئایـا دەربڕی حەقیقـەت و ڕاسـتی خۆیانـە؟ لێـرەوە دەڵـێین پێویسـتە لەسـەرمان بەدوای حەقیقەتـدا وێـڵ بـین و بـۆی بگـەڕێین، چـونکە بـە فیعلـی نایناسـین، هـەروەها پێویسـتە هەسـت بـەوە بکـەین ئـەو ڕاسـتی و حەقیقەتانـەی لـەو گۆڕەپانانەدا دەیان دۆزینەوە کە ئاماژەمان پێیدا، بریتین لە چەند ڕاستیەکی

فشـەڵ و ڕێـژەیی و لێـڵ، وە پێویسـتە ئەمـە بەهەنـد وەرگـرین کـاتێ کـە دەمانەوێ تەعبیر لـە ڕاسـتیەکان بکـەین، لـە هـەمان کاتـدا دەربڕینـی تونـدو یەکلاکارو زۆر تەئکیدو دڵنیاکار بەکارنەهێنین.

ب_ هەموو ئەوانەی پسپۆڕو توێژەرن لە گشت بوارە ژیارییەکاندا بەشـێك لـە حەقیقەتیان پێیـە، هەنـدێ کاروبـار هەیـە هـیچ توێـژەرێك نایزانێـت، چـونکە سـوننەتی خـوایی لـە دروسـتکراوەکانیدا وایـە کـە لـە هـەر حەقیقـەتێك لـە حەقیقەتـە گەروەکانیـدا چـەند ڕەگـەزێکی شـاراوەو غـەیبی هەیـە کـە خـوای گەورە لای خۆی هێشتویەتیەوەو لە بەندەکانی شاردووەتەوە، لەوانەیـە هـەر بۆ نموونە بزانین کە جۆری فلـانی ئۆتۆمبیـل سـێ سـاڵ خزمـەت دەکـات بـێ ئەوەی پێویستی بە چاککردن (صیانە) هەبێت، بەڵام کەس نازانێت ئەندازەی ڕێژەی ئەو کەسانە چەندە کە ئەو ئۆتۆمبیلانە لێـدەخوڕن بـە شـێوازێکی زۆر بەرزی لێزان و جوانی و ڕێك و پێکی، وە نازانرێ ڕێژەی ئەو کەسـانە چـەندە کە هەست بەخۆشی دەکەن لەکاتی لێخوڕیندا، یاخود بۆ مەبەستی بانگەوازی خـوایی یـان چـوون بـۆ مـەلهاکان بـەکاری دەهێـنن... کەواتـە توێژینـەوەی هاوبـەش و گفتۆگـۆو بـەراودکاری بۆچـوونەکان لەگـەڵ یەکتریـدا... شـتێکی پێویسـتە لـە پێنـاو تـەواوکاری زانیـاری و شـارەزاییەکانمان سـەبارەت بـەو ڕاستیانە.

ج_ لە یەك ئاسۆوە ناڕوانینە ڕاستیەکان و بە پێی یـەك جـۆرە مـەرج هـەڵیان ناسەنگێنین، هەر بۆیە تاکە ڕاستیەك لە چـەندین دیـدی جیـاوازە دەبینـرێ و بۆی دەڕوانرێ و لە زەین و دەروونماندا شـوێنەواری جیاجیـا بەجێـدەهێڵێت، لــەو بڕوایــەدام جیــاوازی تەبیعــەت و خووڕەوشــتی و خــەڵکی و جیــاوازی بەرژەوەندیەکانیان و زانیاری و ئەو پێدراوانەی بەردەستیانە، وە پلـەی ئـەو هۆشـیاریە کۆمەڵایەتیـە بـاوەی کـە هەیـە... هـەموو ئەمانـە وایـان لێـدەکات

جیاواز بن لە بەرامبەر زۆرێك لەو حەقیقەت و ڕاستیانەی کە هەیە، هەر بۆ نموونە تێڕوانینی موسوڵمان بۆ (هەنگوین) و (ڕەشکە) لە ئاسۆی ئەو دەققە پیرۆزانەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم دووە شیفایەکی گەورەیان تێدایە، بەڵام ناموسوڵمانێك دیدو تێڕوانینی بۆیان لە ئاسۆی شیتەڵکاری کیمیاویە لە تاقیگەکاندا. دەتوانی هەمان شت سەبارەت بە سوو (ربا)ش بڵێی، ئابووری ناسی موسوڵمان وا دەبینێ سوو هۆکاری داڕوخانی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی وهێنەری خەشم و قینی خوایە، بەڵام ئابووری ناسێکی سەرمایەداری بە پایەیەکی سەرەکی سستمی ئابووری دادەنێ، بەڵکو تەسەرو ناکات ڕاپەڕین و پەرەپێدانی ئابووری بە بێ سوو بەدی بێت. لەسەر ئاستی بەرژەوەنیەکانیش دەبینین تێڕوانینی خەڵکی بۆ باران جیاوازە، جوتیار زۆر بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی بارینی دەکات، لە کاتێکدا ئەو کەسەی سەرقاڵی چاککردنی ڕێگەیەکەو چاڵ و چۆڵی زۆری تێیکردووە، وا دەبینێ باران دەبێتە کۆسپێکی گەورە لە ڕێی کارەکانیدا.

لەباری پشتکردن لە ئایین و ڕۆچوون و نقوم بوون لە تاوان و گوناهکاریدا هەریەك لە خەڵکی وا دەڕوانن بۆ چەند مەسەلەیەکی وەکو ناوی خوا بردن لە سەرەتای وتارو سەلام کردن و وتنی (إن شاوالله) وەك ئەوەی ئاماژەی دینداری و پابەند بوون بن، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە حاڵەتەکانی ڕووکردنی خەڵکی لە دینداری و پابەندبوون بە تەعالیمەکانی ئیسلامەوە، گۆڕانی بەسەردا دێت و خەڵکی سەیری جێ بەجێکردنی فەرزەکان و دوور بوون لە حەرامەکان دەکات لەو کەسانەدا... یەکێك لە شاعیرە زیرەکەکان سەبارەت بەم بارە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| **يقضى على المرء في أيام محنته** | **أن يرى حسناً ما ليس بالحسن** |
| لە ڕۆژانی ترش و تاڵی و تاقیکاری | ناباشەکان بە باشە دێنە ئەژمار |

قـەیران و کۆسـپەکان لـەو کاروبارانـەن کـە تێڕوانینـی خـەڵکی لـە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بۆیـان دەگۆڕێـت و دیـدی جیاوازیـان بـۆی دەبێت، هەر لەم سیاقەدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەگەر نەڵێین هەموویان وا سەیری قـەیران و کۆسـپەکان دەکـەن کـە زیـانی ڕوتـە، بـە ئاشـکرا سـکاڵا دەردەبـڕن، بـەڵام ئـەمڕۆ هانـدانی داهێنانکـاری تێـدا دەبیـنین، وە پاڵنـەری گیانی بەرگرین، هەر وەك بەربەستێکن لەڕووی کەمتەرخـەمی و خاوبوونـەوەو شـل و شـێواوییدا... ئـەم گوتـە چـی دەگەیـەنێ؟ ئەمـە واتـای ئەوەیـە کـە ڕاستەقینەکان بە پێی ئەو ئاسۆیەی لێوەی دەڕوانین بۆیان ڕەنگ وەردەگرن، لێرەوە پێویستە سەبارەت بە زۆر مەسـەلە بـیر بکەینـەوەو گفتوگـۆو پـەیڤین بکـەین، وەکـو ئـەوەی خـاوەنی یـەك حەقیقـەت نـەبن، بـەڵکو وەك چـەند حەقیقەتێکی فرەو جیا لەیەك و جیاواز، جیهانیش لە دوا جاردا هیچ نیە جگە لەوەی ئێمە دەیبینین.

٦_ زۆرجار دەستپاکی (أمانة)ی بیرمەنـد لـەوەدا بـەدەر دەکـەوێ کـە چـۆن هـەڵس و کـەوت لەگـەڵ حەقیقـەت و خسـتنەڕووی حەقیقەتـدا دەکـات، ئـەم مەسەلەیە گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە، چونکە دۆزینەوەی خڵتەو گزیکـاری تێیدا زۆر قورسە. بیرمەنـد مرۆڤێکـی نەرمـە، ژیریـەکی زۆری ڕامکـەری هەیـە (العقول القیاد) تاوەکو چەندین بیرو چەمك و دیدی وەهای بـۆ پێشـکەش بکـا کـە ڕۆشـنکەرەوەی ڕێگەیەکەیـەتی، ئەمـەش ناچـاری دەکـات بـە ڕاسـتی و دروسـتی بەرپرسـیارێتی گـەڕان بـەدوای حەقیقەتـدا لـە ئەسـتۆ بگـرێ و بـە شێوازێکی گونجاو بیخاتە ڕوو. کاتێك بیرمەند دەیەوێ بگات بـە بیردۆزەیـەك، یان چـەمکێك یـاخود گوتـەزا (مقولە)یـەك دابڕێـژێت... ئـەوا زۆرجـار ئاشـناو ئاگاداری چەندین بیروبۆچوونە کە دژو ناتەبا لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو دەیڵـێ، وە

هەندێ جار هەست دەکات بەوەی لە بڕیارداندا پەلەی کردووە، یاخود قسەیەکی زۆر گشتاندووە فراوانتر لەوەی واقعەکە دەیخوازێ... لە هەموو ئەم بارانەدا دەستپاکی و ئەمانەت ئەوەمان لێدەخوازێ ئەو چەمکانە بەشێوازێك دابڕێژینەوەو هەمواری بکەین کە سازو گونجاو بێت بەو هۆشیارییە گەشە کردووەی کە هەیە. زۆر گرنگە لەم ناوکۆ (سیاق)ەدا شتێك کە لێی دڵنیاین بە شێوازێکی گومان نەیخەینە ڕوو، وە بیروبۆچوونێك کە جێی گومان و دوودڵیە بە شێوازی یەکلایی و دڵنیایی نەیخەینە ڕوو، هەروەها گرنگە زۆر خۆپارێزی بکەین لە (گشتاندن)، چونکە دەروونەکان بە شێوەیەکی زۆر گەورە کەمەندکێشی ئەو گشتاندنەن و حەزی پێدەکەن. بیرمەند، زۆر وریاو خۆپارێزە، وە هەوڵ دەدا وردو ئەمیندار بێت لەو شتانەی دەیخاتە ڕوو، چونکە ئەمە شایستەیەتی (استحقاق)ی پێشڕەوێتی فیکریە، بەم کارەشی پێچەوانەیی دەکات لەگەڵ دوو مۆرك وشێوازی خستنەڕووی ڕاستیەکان، کە هیچ یەکێکیان خاڵی نیە لە جۆرێك لە خلتەو گزیکاری و شێواندنی ڕاستەقینە.

١_ ئەو شێوازەی کە پارێزەرێك ڕەچاوی دەکات و سورە لەسەر بردنەوەی بانگەشەی موەکیلەکەی، هەموو ئەو بەڵگانە دەخاتە ڕوو کە یارمەتی دەرێتی بۆ بردنەوەی قەزییەکەی، وە هەموو ئەو بەڵگانە دەشارێتەوە کە یارمەتی دەرە بۆ بیروبۆچوونی بەرامبەرو نەیارەکەی، واقیعیش شاهێدی ئەوە دەدات کە من ئەو پارێزەرانەی دەست هەڵدەگرن لە قەزیەیەك کە قەناعەتیان بە دادگەرێتی و عەدالەتیان نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە زۆرینەیان لە هەوڵدان بۆ گەڕان بەدوای چەندین دەقی یاسایی و ئەو پێشینە قەزاییانەی پشتگیری قەزییەی موەکیلەکانیان دەکات، ئەم شێوازو ڕێگەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕاستیەکاندا دوورە لە ڕێگەو شێوازی بیرمەندی ئازادو ئەمیندار.

٢_ ئەو شێوازەی کە هەندێ لە سیاسیەکان دەیگرنە بەر بۆ هەڵس و کەوت کردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا، بووەتە شتێکی باو کە دەوترێت: ئەم بڕیارو حوکمەی دراوە بەسەر فلان کەسدا یاسایی نیە، بەڵکو بڕیارو حوکمێکی سیاسیە، ئێمە کاتێك ڕووداوێك یا بەسەرهاتێك یا کارێك بە سیاسی دەکەین، ئەوا تێڕوانینمان بۆی تێڕوانینێکی بەرژەوەندی خوازانە یان سۆزداریانە دەبێت، هەر یەك لەو دوو تێڕوانینانە ورد نین، باویشە کاتێك دوو سوپا زۆر بە توندی پێکدا دەدەن و یەکێکیشیان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست دەهێنێ، پاشان سوپاکەی تر بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو سەرکەوتو بووە، ئەمەش تەنها لەبەرئەوە بووە کە جەنگەکەو ئەنجامەکانی بە سیاسی کردووە، بەمەش حوکمەکە لە بازنەی ئیعتباراتی سەربازی دەردەچێت و دەچێتە ئیعتباراتی سیاسیەوە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرەی هەڵس و کەوت لەگەڵ ڕاستیەکاندا تاڵاو لە دەروونەکاندا دەڕژێنێت (یبعپ) و سەر دەکێشێ بۆ دروست بوونی چ درزێکی گەورە لە قاعیدەی جەماوەری بەرفراوان، وە پێویستە بە ئەندازەی توانا دوورگیری لێبکرێت.

سەرچاوە: تكوين المفكر، أ.د.عبدالكريم بكار،مؤسسة الاسلام اليوم، رياض، السعودية، ط١، ١٤٣١هـ/ ٢٠١١م

# نەورۆز و فەتوای خێرا و ئامادە

زۆرن ئەوانەی بەردەوام بڕیار و فـەتوای ئامـادەی یـەدەگیان لـە گیرفانایـە و هەر کات پێویست کـا بـەبێ سڵەمینەوە و زانسـت و لـە خواترسـان یەکسـەر دەری دەهێنن و مۆری حەلاڵ و حەرامی پێدا دەنێن...

بابـەتی نـەورۆز و بەحـەرام دانـانی بـەو شـێوەیەی کـە دەیبیسـتین لەلایـەن هەندێکەوە دەڕژێتە ئەم خانەیەوە. لێرەدا چەند پرسـیارێك ئاراسـتەی ئـەو مامۆستا و کەسانە دەکەم کە بێ تێڕامان و بەدواداچون و توێژینـەوەی وردی مێژویی ئەم فەتوایە دەدەن و یەکسەر بەسەرپێیی و بە سەیرکردنێکی سادە و سەرکێلاَنە ئەم قەناعەتەیان لادروست دەبێت... ئایا کامیان زۆربەی هـەرە زۆری ئەو نوسراوانەیان خوێندوەتەوە کە لـەبارەی نـەورۆزەوە لـە بەردەسـت دان؟ کامیـان توێژینەوەیـەکی وردیـان لـەو بارەیـەوە ئـەنجام داوە و ریشـە مێژوییـەکانی ئـەم ئەفسـانەیەیان تـاوتوێ کـردوە و دواتـر گەیشـتونەتە ئـەو دەرەنجامـەی کـە ئەمـە رێ و رەسمـی ئـاگر پەرسـتیە نـەك شـتێکی دی؟!

کامیان وەکو ئەفسانە لە سەرچاوە کۆنەکانی وەکو شانامەی فیردەوسـییەوە بۆ یـەکجاریش هـەوڵی خوێندنـەوەی ئـەم داسـتان و بەسـەرهاتە ئەفسـانەییە مێژوییـەیان داوە، تـاوەکو بگـەن بـە ریشـە دروسـتەکانی ئـەم بابەتـە ئەگـەر ئەمانەیان نەکردوە چۆن تەنها لەبەر بونی ئاگر لـەو بۆنـە و یـادەدا دەتـوانن: حـوکمی حـەرامی بـدەن بەسـەر ئـەم یادەوەرییـەدا وەکـو بۆنـە نـەك وەکـو دەرەنجام ... ئەگەر بەڵگەی تەواوو یـەکلا کـەرەوەیان لەبەردەسـتدایە (نـەك قسەی فلاَن و فیسار ئەوا) با بەهـەموانی بڵـێن و رون و ئاشـکرای کـەن بـەلاَم ناکرێ حوکمی حەلاڵ و حەرام بە: (پێ دەچێ و وا دەڵێن و لەوانەیە) بدرێت.

ئەگەر ئەوان بلێن: بەشداری هەندێ ڕێ و ڕەسمی نەورۆز نادروست و حەرامە لەبەر ئەوەی حەرامی تێدا ئەنجام دەدرێ و حەرامی تێدا دەوترێ و دەکرێ ئەمە شتێکی ترە و ئاساییە بەلاَم ئەگەر (بۆنەیەکی شایستەی بۆ ئەنجام بدرێ) و وەکو ڕەمزی دژایەتی ستەمکاری بۆی بڕوانرێ و وەکو بۆنەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی چەندین گەلی ناوچەکە نەك تەنها کورد یادی بکرێتەوە (ئەوا دروستە)، لەبارێکی وەهادا هیچ کێشەیەك لە ئارادا نەدەبوو ... یاخود ئەگەر قسەکان لە بازنەی : پێ ناچێ باش بێت، بێ کەڵك و سودە، خراپ و مەکروهە، هەندێ جار مرۆڤ لەهەندێ بۆنەی وەهادا توشی حەرام دەبێ ئەوەش سوك و ئاسانتر بوو ...

بەلاَم حوکم دانی حەرامی بەڕەهایی قسەی کەسانێك نیە خاوەنی وەرع و خۆپارێزی بن و بترسن لە هەڕەشەی خوایی و درۆکردن بەدەم خواوە، چونکە کاتێك دەوترێت ئەو شتە حەرامە واتە خوای گەورە سزای بکەرەکەی دەدات، ئەگەر وەها نەبێت واتە درۆت بەدەم خواوە کردوە، بەڵگەشمان ئەم ئایەتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێ:

"وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَٰذَا حَلَالٌ وَهَٰذَا حَرَامٌ لِّتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ ۚ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ"١١٦ النحل

بەدرۆ زمانت نەگەڕێ و بڵێی ئەمە ڕەوا و حەلاڵە و ئەوە نارەوا و حەرامە، تاوەکو بەدەم خواوە درۆهەڵبەسن، ئەوانەی بەدەم خواوە درۆ هەڵ دەبەسن ڕزگار و سەرفراز نابن.

جا با ئەو بەڕێزانە لە خوا بترسن و ئەگەر بەڵگەی تەواوو یەکلا کەرەوەیان لەبەردەستدا نیە بەدەم خواوە درۆ نەکەن چونکە: بەدەربڕینی قورئانی: ڕزگار و سەرفراز نابن.

# الاسلاميون والسلطة بعد الربيع العربي

- ما حقيقه الاستراتيجيات الغربيه فى البلاد العربيه بعد الثورات
- وما هو مستقبل مصالحها بعد الصعود السياسي للتيارات الإسلامية
- أي الأساسين في الاستراتيجية الغربية والأمريكية أسبق؟ أهو السلام مع إسرائيل أم المصالح؟
- وما درجة التلازم بينهما؟ وأيهما أثبت وأدوم؟
- وما علاقتهما بالثورات العربية؟ وما الذي غيّرته فيهما الثورات العربية؟
- وأين يكون التلاقي الممكن بين الغرب والحركات الإسلامية الصاعدة؟
- وما الذي يحاك هنا وهناك بخصوصهما
- هل سيكون تناقض تام بينهم وبين هاذين الأساسين؟ أم أنهم سيكونون مثلهم مثل الحكام السابقين يخضعون للإرادة والاستراتيجيات الغربية ويتحالفون مع أصحابها تحالفا كليا ويؤمنون بكل ما كفروا به من قبل في عالم السياسة؟ أم أنهم سيفرقون بين المصالح والموقف من إسرائيل فيُفلِحوا في تفكيك هذا الترابط الذي وُجد ليبقى في استراتيجيات الغرب؟

ـ هذا الترابط الذي وُجد لتكون فيه مصلحة إسرائيل هي مصلحة أمريكا والغرب كله، ومصلحة الغرب وأمريكا هي مصلحة إسرائيل؟

ـ هل ستحدث معجزة كونية بيد الإسلاميين ، فيقع التباين بين مصلحة الصهاينة والغربيين

أجراها: وليد عمر في وكالة البلاغ العالمية للأنباء–تونس

ـ ما حقيقة الاستراتيجيات الغربية في البلاد العربية بعد الثورات

للغرب مصالح آنية ومستقبلية في هذه المنطقة فلا يقف مكتوفي الأيدي ولا تتفرج كي تمر الأحداث دون محاولة أن تترك أثر بصماته عليها، ويحسب ألف حساب لمصالحه الآنية والمستقبلية، وباعتبار أن للغرب مؤسسات بحثية ومراكز للدراسات في المجالات المختلفة وبخاصة السياسية والاجتماعية والنفسية، ولهذا يحاول أن لايفقد دوره ومصالحه وفقاً للمعطيات الجديدة والأحداث المستجدة على الساحة، ويلائم مع البيئة الجديدة باستراتيجيات متعددة، فتستخدم وسائل الرغبة والرهبة والضغط عبر انعكاساته الحضارية والفكرية والسياسية الموجودة في تلك البلدان متمثلاً في أحزاب و جمعيات وجماعات أشرب في قلوبهم التغرب والغربنة وبريقه الحضاري.

ـ وما هو مستقبل مصالحها بعد الصعود السياسي للتيارات الإسلامية

يجب أن نميز بين الدول التي صعدت فيها التيارات الاسلامية فمصر ليس كاليمن وهناك اختلاف بين مصر وتونس في جوانب عدة، والحال يختلف مع ليبيا مع الاعتراف بوجود مساحات مشتركة، وهناك افتراضات وتكهنات تطرح في هذا المجال لكن في رأيي أن التيارات الاسلامية الصاعدة تحاول الحفاظ على نوع من العلاقة والحفاظ على مصالح الغرب لكن بالتوازي مع مصالح بلدانها، علاقة إلى حدما ندية ومتوازنة تعيد لتلك البلدان ماء وجهها التي

سالتها الأنظمة الدكتاتورية المتسلطة، مصلحة تقوى بها البلد وتحافظ على مصالحها الحيوية، فلا أرى أن مصالح الغرب تفوت وولى بل تعاد صياغتها... وتحاول إستيعاب الأوضاع الجديدة بشتى الطرق والوسائل وإن اضطر فقد يلجأ إلى طرق أخرى منها بقايا الأنظمة السابقة ومؤسساتها الفاعلة إضافة إلى دعم العلمانيين والليبراليين باعتبار تبعيتهم للغرب ثقافياً وحضارياً ويحتفظون على المصالحة الغربية ويفضلونها على مصالح شعوبهم بصورة عامة، وهذا التحريك الموجودة في مصر وتونس تصب في هذه الخانة، عدا الضغوطات الاقتصادية في مثل هذه الأوضاع المتدهورة وغير مستقرة ... فالغرب تحاول الاحتفاظ على مصالحها بشتى الطرق والوسائل... والاسلاميون يحاولون التعامل مع الأوضاع الجديدة وعدم التأهب والوقوف في الخندق المعادي للغرب ومصالحها لكن دون الاستسلام والتبعية المعهودة كالسابق، وهذا يحتاج إلى حنكة وحكمة.

ـ أي الأساسين في الاستراتيجية الغربية والأمريكية أسبق؟ أهو السلام مع إسرائيل أم المصالح؟

في الاستراتيجية الغربية والأمريكية محاولات للحافظ على كلتيهما، سلام إسرائيل ومصالحها، في السابق حصل على ما أراد ولم ييئس الآن منهما لكن الآن زادت المخاوف لديها ولابد أن يجد طريقة للحفاظ عليها ولابد أن تتنازل بعض الشيء، وتعيد من استراتيجياتها في هذا المجال، وحتى الآن لاتريد خسارة الاثنين بل بقائهما معاً قدر الامكان، فوجود إسرائيل في المنطقة مصلحة غربية ومساندتها تخدم تلك المصالح ولهذا لأنهما مرتبطان ولا تنفصلان بهذه السهولة وبخاصة في المدى المنظور.

ـ وما درجة التلازم بينهما؟ وأيهما أثبت وأدوم؟

هما متلازمان وتلازمها تنبعث من مصالح اقتصادية ولاتخلو من جوانب إيديولوجية وفكرية، فمصالحها أثبت وأدوم لكن التلازم بينهما اندمجا بصورة جعلت من المستحيل الفصل بينهما بسهولة وبخاصة مع وجود الهيمنة الاقتصادية والاعلامية للوبي الاسرائيلي والصهيوني في الغرب وما تقوم به ما يسمى بالمسيحية الصهيونية والانجيليون الجدد لنصرة إسرائيل، وكل ذلك كان لخدمة المصالح الغربية بالأساس وجعلت إسرائيل وسيلة لذلك مع المصالح المتبادلة والاستراتيجيات المشتركة.

ـ وما علاقتهما بالثورات العربية؟ وما الذي غيّرته فيهما الثورات العربية؟

الثورات العربية وضمن بوادرها الأولية تركز على المصالح المجتمعية للشعوب المقهورة ولاتقع مصالح الغرب وإسرائيل ضمن أولوياتهما إلا ما تخص تقوية مصالحها والحافظ عليها، وهذا تؤدي إذا نجحت تلك الدول في أهداف الثورة– مراجعة الغرب لبعض حساباتها ومعادلاتها السابقة، لكن يبقى الرهان على نجاح تلك الثورات واكتمال أهدافها

ـ وأين يكون التلاقي الممكن بين الغرب والحركات الإسلامية الصاعدة؟

هناك نقاط للتلاقي بينهما، فالحركات الاسلامية ابن هذه البيئة الحضارية على الرغم من بعض خصوصياتها، فهي تمارس السياسة والادارة وتعمل لإيجاد المصالح والتعامل مع الآخر أياً كان هذا الآخر، فتحقيق المصالح من مقاصد الشرع إلا إذا تعارض مع مصلحة شرعية أخرى، فهي ليس بعيداً عن الساحة ولامعطياتها ولا المعادلات والسياسات الدولية وتشابك المصالح وبإمكانها التعامل مع القوى الدولية لحفظ المصالح المشتركة دون الخنوع لاستراتيجيات مفروضة، وتستطيع التعامل بشفافية وندية دون أن تؤثر ذلك على وزنها الشعبي وسياساتها الداخلية والخارجية، فالعقبة الكبيرة أمامها

الأوضاع الداخلية والقوى المنافسة والتي أحياناً تحاول فشل تلك الحركات ومشاريعها ولو على حساب فشل الدولة والاضرار بالمجتمع، فعندنا المثل الكردي الذي مفاده أن نوعا من الحمار الذي نسميه(كةري ديَز) تحب موته كي تضر صاحبه، فهناك من يسهل عليه دمار البلد وإضرار بالمواطن في سبيل أن يقال أن الاسلاميين فشلوا في إدارة البلاد والعباد ، فهذا من العجب العجاب الذي نراه في واقع بعض البلاد (كمصر مثلاً) ولدى بعض الأحزاب المتواجدة على الساحة.

فالحركات الاسلامية الصاعدة إلى السلطة تتعامل إقتصادياً مع الغرب، وتحاور سياسياً معه وتتبادل ثقافياً وممكن أن تمد الجسر في هذا المجال وتخطو خطوات أكبر وأكثر ... لكن كما أشرنا ضمنيا تحاول تلك الحركات المتصاعدة أن تكون ذلك أساس التوازن والعدل والاحتفاظ بالحقوق والإرادة الحرة لا التبعية وتبادل المصالح لا نهب خيرات تلك البلاد تحت مسميات مختلفة .

ـ وما الذي يحاك هنا وهناك بخصوصهما

السؤال غير واضح إن كان قصدك الغرب والحركات الاسلامية فيمكن التواصل بينهما، ولا يعني هذا أن القوى الكبرى تكون بريئة في تعاملها مع تلك الدول، فدول العظمى تكيل بمكيالين وتتعامل وفق مصالحها، فالمصلحة هي الثابتة والبقية تتغير... وإن كان قصدك تعامل الحركات الاسلامية مع الغرب وإسرائيل، فتلك الثورات وتلك الحركات الصاعدة وجدت لتخدم شعوبها وتقوم بإصلاح واقعها لاأن تخدم الغرب أو إسرائيل، إلا إذا انحرفت عن مسارها فحينئذ تفقد ذاتها وشعوبها.

ـ هل سيكون تناقض تام بينهم وبين هاذين الأساسين؟ أم أنهم سيكونون مثلهم مثل الحكام السابقين يخضعون للإرادة والاستراتيجيات الغربية ويتحالفون مع

أصحابها تحالفا كليا ويؤمنون بكل ما كفروا به من قبل في عالم السياسة؟ أم أنهم سيفرقون بين المصالح والموقف من إسرائيل فيُفلِحوا في تفكيك هذا الترابط الذي وُجد ليبقى في استراتيجيات الغرب؟

فلا أرى التناقض التام بينهم والآخرين، فالحفاظ على المصالح المشروعة والمتبادلة والمنافع المشتركة لاينكره الشرع والعقل، لكن الوقوع في أحضان الغير والتبعية وفرض الارادات غير مقبول وإذا فعلو ذلك فيعني ذلك أنهم لم يستفيدوا من تجارب الماضي ولم يعرفوا سنة الله في النصر ولم يفهموا السياسة بالمعنى الحقيقي والواقعي، وعليهم أن يفرقوا بين المصالح والموقف من إسرائيل وأن يفكوا هذا الترابط كما تفضلت، فإلى متى نكون أسيراً لهذا الواقع المزري وعدم فتح آفاق جديدة في سياساتنا وحتى مع إسرائيل فيجب أن التوصل إلى مداخل أخرى وفق معادلات عدة، لكن هذا يحتاج إلى نضوج أكبر ودون إهدار للحقوق وإحراق للأخضر واليابس وليس هذا محل بحثه ولست المتخصص في ذلك.

ـ هذا الترابط الذي وُجد لتكون فيه مصلحة إسرائيل هي مصلحة أمريكا والغرب كله، ومصلحة الغرب وأمريكا هي مصلحة إسرائيل؟

نعم وجد لذلك لكن هل بالامكان فك هذا الترابط؟ فهذا ليس بالأمر السهل والهين ويحتاج لعشرات السنين إن لم تكن هناك إستراتيجيات من وزن ثقيل، فمصالح الغرب وإسرائيل متشابك وعلاقاتهما المتعددة لها تاريخها ومبرراتها، وكثر الحديث والكتابات والدراسات حولها.

ـ هل ستحدث معجزة كونية بيد الإسلاميين ، فيقع التباين بين مصلحة الصهاينة والغربيين

هذا متوقف على مدى الثبات والتعامل بالحكمة ووجود استراتيجيات واضحة، فإذا استطاع الحركات الاسلامية إجتياز هذه المرحلة بنجاح واستطاع أن يحقق التنمية الاقتصادية والرفاه الاجتماعي ويضمن الحقوق والحريات، وتحقيق العدل الذي طالما تغنوا به ، واستطاع تحقيق مقاصد الشريعة بشكل كتوازن وواقعي فهذا يفتح لهم باب النصر وعون الله تعالى، ويفتح الباب حتى مع الغرب للتعامل معها ويمكن أيضاً أن يراجع الغرب بعض سياساتها ويصوغها بصورة أخرى وتتعامل بشكل يناسب كرامة هذه الشعوب ويحترم قادتها وبالتالي تهمش الحركات العلمانية على الساحة، لكن العقبات والصعوبات لم تكن هينة وتتنوع يوماً بعد يوم والمعادلات المختلفة تطرح على الساحة والاشكاليات تزداد، وكل ذلك كما قلنا يحتاج إلى حنكة وحكمة فهل تخرج تلك الحركات منتصرة؟ فالاجابة على ذلك مرهون بما سيحدث على الواقع السياسي والاقتصادي والاجتماعي في تلك المجتمعات وحتى إذا انتصرت تلك الحركات في مشاريعها مرحلياً فلا يحدث معجزة كونية على أيديهم لكن قد يستطيعون أن يبنوا حضارة جديدة تحس فيه المواطن بحقوقه وتصان كرامته، وقد يخفقون ، وينهضون مرة أخرى فهذه سنة الله في الاجتماع والجماعات ومن استطاع أن يستثمر سنة الله بأكمل صورة ويوظفها على أكمل وجه فتحصل له النجاح والنصر.